90
کانوونی دووەم
2013

# ئەوشەفەق

کۆواری ئەدەب و ڕۆشنبیری


ناونیشانی رۆژنامەوانی سەرمایەیەکی کولتووری و روانگەیەکی فەلسەفییە، هەروەها ململانێیەکی دەروونییە کە دەمانباتەوە بۆ تێپەڕاندنی واقیع بەقسەکردن بەر لەوەی کارەکان ئەنجام بدەن.

خالد کاوێس قادر

---

ئەدەب ئەدایەکی مرۆییە و بەهیچ شێوەیەک ناکرێت هێڵێکی شاقوولی پێ بدرێت ئەگەر مەودای هێڵە ئاسۆییەکەی ئازادانە و بەرفراوانتر نەکرێت.

عەبدولرەحیم سەرەڕۆ

---

کەواتە نووسەری بە توانا دەقێک بەرهەم دەهێنێ خوێنەر بتوانێ بەهۆی خوێندنەوەکانی خۆی دەقێکی تری لێ بەرهەم بهێنێ کە ئەمەش ڕاستەوخۆ خوێنەرێکی چالاکمان بۆ بەرهەم دەهێنێ.

حەمە مەنتک

---

رووناکبیران چاک دەزانن ئێمە بەرەو نەمان دەڕۆین، لە هەموو دانیشتنێکدا ئەمە دەڵێن. بەڵام هیچ جورئەت و توانایەکیان نییە بۆ قوربانیدان و تێکۆشان و دیاریکردنی ڕێگەچارەیەک.

سەنعوڵڵا ئیبراهیم


خاوەن ئیمتیاز:
**بەدران ئەحمەد حەبیب**

سەرنووسیار:
**چنوور نامیق**
chnur.namq@yahoo.com
0750 362 32 63

دەستەی نووسیاری:
**یوسف لەتیف**
**سەباح ئیسماعیل**

بەڕێوەبەری هونەری
**ئاراس ئەکرەم**

هەڵەگری
**کوردستان کەیفی**

پیت لێدان: کاروان ئەسعەد

دەزگای شەفەق
کوردستان – کەرکووک
شەقامی کۆماری – باڵەخانەی فەخری

## پێڕست


دەق و خەیاڵ. سەروتار. چنوور نامیق ........ 3

ناونیشان لە دەقی ئەدەبیدا. لێکۆڵینەوە. خالد کاوێس قادر ........ 5

شاعیرە سەعلووکەکانی عێراق..!. لێکۆڵینەوە. غەفوور ساڵح عەبدوڵڵا ........ 18

با مافێک بدەین بەمیرزا شەفیعی کولیایی. لێکۆڵینەوە. حەکیم مەلا ساڵح ........ 30

عیرفانییانە روانینێک بۆ ترس، عیشق، مەرگ. لێکۆڵینەوە. هیمداد شاهین ........ 42

ئەدەبی ئێرۆسی و کۆمەڵە سەرنجێک. لێکۆڵینەوە. عەبدولڕەحیم سەرەڕۆ ........ 54

نووسەری کوشندە. لێکۆڵینەوە. حەمە مەنتک ........ 59

چەند بیر و بۆچوونێک لەبارەی کورتەچیرۆکەوە. لێکۆڵینەوە. ریاز خەلیل. ........ 63

لەگەڵ سەنعوڵڵا ئیبراهیم لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا. وتووێژ. وەرگێڕانی: جومعە جەباری ........ 73

دایکم دەچێتە بەهەشت. شیعر. قوبادی جەلی زادە ........ 87

شیعری نانۆ. شیعر. هاشم سەراج ........ 91

وەسوەسەکانی خەیاڵ. شیعر. هێمن بەرزنجی ........ 97

بێدەنگی شەو، باخچەی خەیاڵ.شیعر. کەژاڵ ئیبراهیم خدر ........ 102

چەند کورتە شیعرێک. شیعر. بەهار حوسێنی ........ 106

"دوو جوملەی شیعری" "جەنگ و ئاشتی". شیعر. ئیبراهیم هەورامانی ........ 109

جەهەنەم ئێرەیە. شیعر. کاروان سۆفی ........ 112

ورووژان. کورتیلە چیرۆک. فەیسەڵ هەمەوەندی ........ 120

ژنە خەیاڵییەکانی خەیاڵم. چیرۆک. بەکر دەروێش ........ 125

وێڵبوونی ڕاستی لم وێڵستانەدا. کورتە چیرۆک. سالار ئیسماعیل سەمین ........ 129

لە کۆچیرۆکی باخچەی جیهان دەمامکی خۆرخێ لوی بۆرخیس. چیرۆک. محەمەد خزەیر. ........ 132

کۆتاییی فڕین. نامە. هەردی شەفیق ........ 137

سەروتار

چنوور نامیق

# دەق و خەیاڵ

ئاشکرایە پرۆسەی نووسین بەهەموو بەشەکانییەوە، زەدەی خەیاڵ و هزری مرۆڤن و لەدایکبووی ساتگەلێکی سەخت و پڕ لە ژان و هیوا مەحاڵەکانی مرۆڤن، دەڵێن ئەدەب ڕەنگدانەوەی واقیعی کۆمەڵگەیە، بەڵام ئەگەر بێتو ئەو واقیعە وەکو خۆی بنووسرێتەوە، مانای وایە ئەو واقیعە تەنیا وێنە گیراوە و هیچ شتێکی تازەی ناخرێتە سەر، بۆیە نووسینەوەی شتەکان تەنیا وەکو خۆیان داهێنان نییە، بەڵکو دەبێ بەدەربڕینێکی تەژە لە خەیاڵ و بەکارهێنانی وشەی شیاو و دەستەواژەی شایستە و بەجێ لە نووسینی دەقدا بێتە هەوێنی جوانترکردنی ئەو خەمە راستەقینانەی کە مرۆڤ بەدەستیانەوە دەناڵێنێ.

کەواتە نووسینی دەقی بەرز و شایستە لە کامڵبوونی هزر و بیر و ئەزموونی نووسەرەوە دەخولقێ و هەروەها پاشخانی ڕۆشەنبیریی باش و شارەزایی لە بەکارهێنانی دەستەواژە و میتافۆر و بەگەمەکردن بەزمان و خوێندنەوەی بەردەوام. ئەوجا بەهرە دەرسکێ و نەمامی خەیاڵ بەر دەگرێ و ئاوازی سەوداسەر گەمە بەپێنووسی نووسەر دەکات و بچووکترین پرسی مەحاڵ بە گەورەیی دێتە خولقاندن.

ئەو قەیرانەی ئەدەبی کوردیی تێدایە بەتایبەتی شیعر کارەساتە، بۆیە دەڵێم

قـەیران، چونکە دەقـی جـوانمـان زۆر کـەمـە و بەو کـەمـیـیـەش هـەر ناخـوێنرێتـەوە، بەجـۆرێک مـیـزاجی خوێنەر شێوێنراوە کـە  دەڵێن کـوا دەقی شـیـعـریمان هەیە، ئەو زۆر و بۆرییـەی شـیـعـری ئـەمـڕۆ زەمـینـە خـۆشکـەرە بۆ لەناوبردنـی دەقی جـوان، ڕێزکـردنی وشـە و خـەمی پەیداکـردنی ناوبـانگ و بەکـارهێنانی دەق بۆ پـەیداکـردنی پلە و پایە و زوو پێگەیشتن بارەکەی ئاڵۆزتر کردووە، نەبوونی پێوەرێکی ڕەخنەیی و بێ ویژدانی بەرامبـەر بە دەق وای کـردووە کە نکۆڵی لەو ژانرە بکرێت و بەمـیـزاجی لێڵەوە ڕەتی بکەینەوە. بەداخەوە تـەنانەت هەندێ لە ڕەخنەگرانیش دەسـتـیـان هەیە لەوێرانکردنی مـاڵی شـیـعـر و پووکانەوە و پەراوێزخـسـتـنی تـوانا شـیـاوەکـان، ئەو هـەموو فیستیڤاڵ و کۆڕە شیعرییانەی کە ساز دەکرێن گەواهیدەری ئەو حاڵەتەن. بۆیە ئەگـەر ئەو لێژنانەی سـەرپەرشـتـیی فـیـسـتـیـڤاڵەکـان دەکەن، شـەن و کـەوی دەقـەکـان بەویژدانەوە بکـەن و کـە دەقـێک هـەڵدەسـەنگێنن مـەرگی نووسـەرەکـەی ڕابگەیـەنن ئەوجـا بڕیاری لەسـەر بدەن ئـەمـە روو نادات. با بـەپێـوەری ئەدەبی دەق هـەڵبسـەنگێنن تا دواڕۆژ بتوانن بـەرامبـەر نەوەیـەکی نوێ داکـۆکی لەو دەقـانە بکەن کە لێکۆڵینەوەیان لەسەر نووسیون، چونکە مێژوو ڕەحم بە کەس ناکات.

بەداخـەوە پێوەندییە تاکەکەسییەکان زۆر بەڕوونی و بەئاشکرا ڕەنگی داوەتەوە، کە هـەر کردارێک دەبینی دەبێ گومانت لە پێوەندییەکە هەبێ، چونکە کەمن ئەوانەی بەتـوانای داهێـنـەرانەی کـەسـەکـان هـەڵدەڵێن. کـەسـی وا دەکـرێ بە داهێنـەر هـی ئەوەیە لە پۆستـەی خوێنەراندا ناوی ببینێتەوە، هی واش هەیە کە دڕکی ژێر پێشی ئاوریشـمی گوڵزارە بەپێچەوانەوە سەرنخـون دەکرێتەوە، گوناهە، هەر لێژنەیەک بۆ هەر قـەوارە و ڕاسـپاردەیەک بۆ هـەر فـیـسـتـیـڤاڵ و کـۆڕ و کۆبوونەوەیەک سـوێند نەدرێ، چمـا چیـمـان کـرد، ئەدی ئەگـەر سـوێندیشـیـان نـەبێ ئەوەی سـەیرە یەکێ ویژدانی ئەدەبیی نەبـێ و بێت بەخـەنجـەری مـیـزاجی سینگی ناسکی داهێنەر شـەق بکا و پەراوێزی بخات و ئاوریشی لێ نەداتەوە.

لێکۆڵینەوە

خالد کاوێس قادر

# ناونیشان لە دەقی ئەدەبیدا

هەندێ لە نووسەران ناونیشان تووشی ڕاراییان دەکات و لە شوێنی ناونیشان هەندێ بۆشایی بەجێ دێڵن، یان لە سەرووی بابەتەکەوە دەنووسن (بێ ناونیشان )، لە سەردەمی دڵەڕاوکێکاندا ناونیشانەکان زۆر دەبن و بیرۆکەکان چڕ دەبنەوە، لەو ساتانەدا ناونیشان شوێنپێیەکی کاریگەری دەبێت و ڕەنگ و ڕوخسارێکی فێنک وەردەگرێ ئەگەر شاعیرانە بێت، یان ئیقاعێکی سیاسییانەی هەبێت.

ناونیشان دەستپێکی زۆر لەو پرۆسەی ڕەشەکوژی و کوشتارگانە بووە کە پاکسازیی تێدا کراون، چونکە ناونیشان دەلالەتێک بووە بۆ گەیشتن بەرووداو، دەلالەتی گوزارشتکردن لەو بیرۆکەیەی کە ناونیشان دیاری دەکات، وەک کەندەلانێک گەمە بەڕوانگەکانی خوێنەر دەکات و وای لێ دەکات کە هاوسۆزی ئەو جۆرە هەڵوێستانە بێت، چونکە ناونیشان بیرۆکەیەکی کورتکراوەمان دەخاتە بەردەست بۆ بەدواداچوون.

هەندێ لە نووسەران ناونیشانی زۆریان هەیە، بەڵام بیرۆکە و گوزارشتەکان پەرت دەبن، هەندێکی تر بەپێچەوانەوە بیرۆکەی زۆریان هەیە و بەڵام لە ڕووی ناونیشاندا گیر دەخۆن و دەکەونە هەڵوێستی ترسناکەوە.

پێویستە لەسەر ناونیشان کورت و وردەکار و پڕ مانا بێت، هەرچەند ناونیشان دوور و درێژ بوو، کار لە ناوەڕۆکی بابەت دەکات و نووسەر ناچار دەکات درێژدادڕی لە

نووسینەکەیدا بکات، ناونیشان گەمەیەکە نووسەر تێی دەپەڕێنێ تا سەر لە بەری دەقەکە لە خۆیدا بگرێ و ببێتە بەشێک لەو گەمەیە، نووسەر یاریکەرێکی ترسناکە و هۆشمەندییەکی داگیرساوی هەیە، زۆرجاران بەخوێنەر پێ دەکەنێ بۆ ئەوەی زیرەکی و هۆشیارییان تاقی بکاتەوە و بەهرەکانیان بدۆزێتەوە، هەندێ جارانی تر تووڕەیان دەکات یان دووڕوویی نیشان دەدات، لەبەرئەوەی خوێنەر داوای ئەو جۆرە گوزارشتانەی لێ دەکات، ئەویش دەیەوێت بەردەوام بێت لەو گەمەیە، ئەوان (واتە خوێنەر) کاتێکی زۆر و پارە و پوول سەرف دەکەن لە پێناوی خۆشی، بۆیە ماندووبوون و نووسین و دەقەکان بەرز دەنرخێنن.

دەقی ئەدەبی، یەکێکە لەو هونەرە ئەدەبییانەی بەدەنگ ناونیشانەوە دەچێت، چونکە نووسەری دەق کەسێکی بەهرەمەند و کارامەیە، زۆرجاران ڕۆژانە دەنووسێت، یان هەفتانە.

جێگەی ئاماژە بۆ کردنە ناونیشانی ڕۆژنامەوانی سەرمایەیەکی کولتووری و ڕوانگەیەکی فەلسەفییە، هەروەها ململانێیەکی دەروونییە کە دەمانباتەوە بۆ تێپەڕاندنی واقیع بەقسەکردن بەر لەوەی کارەکان ئەنجام بدەن، چونکە ناونیشان کەشتییەوانێکە و کەسێکی بەتوانایە کە ئاراستەکان دەستنیشان دەکات، هەر شتێ شوێنێک لە بۆشایی بەگەڕ بێنێ، ئەوە گوزارشتکردنە لە ئەرکێکی کولتووری ڕاستەقینە، هەرچەندە ئەو ئەرکە سادەش خۆی بنوێنێ، بۆیە ناونیشان ئەو سەکۆیەیە کە بە ئەرکی نووسینی ڕۆژنامەوانی دادەنرێ، هەروەها ئەو سەکۆ ورووژێنەرەیە کە لە نووسینە هەمەڕەنگەکاندا بەدەردەکەوێ، ڕۆژنامەوانی نووسەر فێر دەکات گەمەی کاریگەرێتی و گەڕان بکات و لەسەر زۆرترین گوریس گەمەکانی خۆی بکات بۆ گەیشتن بەراستییەکان، ئەمەش ئەو حەقیقەتە نییە کە خوێنەر دەیزانێ، بەڵکو ئەو حەقیقەتەیە کە نووسەر مەبەستیەتی و دەیەوێت لە کەمترین دۆڕاندا بەرجەستەیان بکات، چونکە نووسین زیانێکی گەورەیە لە ماندووبوون و پارە و پوول و تەندروستی و تەنانەت زەمەنیشدا، ڕەنگە زۆرجارانیش نووسەر بەدەستی بەتاڵ بگەڕێتەوە پاش ساڵانێک لە کۆشش و ماندووبوون لە گەڕان و پشکنین، لێرەوەش دەتوانین ئەو پرسیارە بکەین: ئایا ناونیشان گوزارشت لەو حەقیقەتە دەکات کە نووسەر تووشی شەونخونی دەکات و ئایا نووسەر لە توانایدایە لە هەموو کات و سەردەمەکان ناونیشان بگۆڕێ؟

ئەگەر نووسین هەوڵدان بێت بۆ گەیشتن بەئامانجە مرۆڤایەتی و شارستانیەتە بالاکان، لە هەمان کاتدا خودێکە ملکەچی گۆڕانکارییە زەمەنی و شوێنییەکان دەبێت، هەروەها ناونیشان لە گۆڕەپانی لێکۆلینەوە و گەڕان و پشکنینەکاندا تایبەتمەندیی خۆی هەیە، لە کاتێکدا ناونیشانی دەق تایبەتمەندیی جودایە، بەلام کورتە چیرۆک و شیعر و شانۆگەری، هەریەک لەم هونەرانە رێ و شوێنی خۆیان لە نووسیندا هەیە، ناونیشان زۆرجاران وەک برووسکەیەک گاڵتە بەخوێنەر دەکات و شێتانە بەدەردەکەوێ، یان تەئویل بەدوای خۆیدا دێنێ.

## ناونیشان

ناونیشان زمانە، شوێنەوارە، ناونیشان زمانێکە لەریدا، ناونیشان دەستەواژەیەکە بۆ روونکردنەوە و ئاشکراکردن و دەرخستن، کاتێ قسەکەر باس لە مەبەستێ دەکات بۆ تەواوکردن و تێگەیشتنی کەسی بەرامبەر هەندێ ئاخاوتن بەکار دەبات دەبنە هەواڵی وتەکانی دواتر، لەوانە ناونیشانی زانستی، کە لە وتەکاندا ئاخاوتنێ بەکار دێنێ کە دەبنە کلیل و دەستپێکی زانستێ کە دەچنە ناواخنی بابەتەکەوە، هەروەها بۆ شیعر و دەقەکانی تر.

بەلام لە رۆژنامەوانیدا، کە باوەشگرەوەی دەروونی و جەستەییی دەقی ئەدەبییە، ناونیشان زۆر گرینگە، دەتوانێ قازانج و زیانیشی هەبێت، بەکۆی گشتی هەر کاتێ ناونیشان کورت بوو، بەهای زێتر دەبێت، وە مەرجە کە خۆشیبەخش بێت و هەروەها لەسەر زوبان ئاسان و ساکار بێت.

ناونیشان ڕەگەزێکی گرینگی دەروازەیە، بۆیە پێناسەکردنی رێگەمان دەدات چەندین پرسیار بکەین و هەولی شرۆڤەکردنیان بدەین، ناونیشان وەک ئەوەی لە سەردەمی بووژانەوە پێناسە کراوە یان لەوەبەر چەقی یان کۆمەڵە گرێیەکە نەک لەبەر کورت و درێژییەکەی بەڵکو بەهۆی توانای شرۆڤەکردن و تەئویلمان بۆی.

لێکۆڵەرانی بواری رۆژنامەوانی وای دەبینن باشترین کات بۆ هەڵبژاردنی ناونیشان پاش کۆتاهێنانی بابەتەکەیە، چونکە ئەوە رێگە خۆشکەرە لە بەردەم نووسەر کە چەندین ناونیشان دابنێ و بەراوردیان بکات لەگەڵ بابەتەکەی و بزانێ کامیان باشترین و لەگەڵ بابەتەکەی وێک دەچن، بابەت لەگەڵ بزووتنەوەی کولتووری و گۆڕانکارییەکانی شێوازدا

دەژێت، ناونیشان لەدایکبوونێکی سروشتی و شەرعیی دەقە، لە مناڵدانی دەقەوە زۆربەی دەلالەتەکانی لەدایک دەبن.

## وەزیفەکانی ناونیشان

١- وەزیفەی دیاریکردن:

هەندێک ناوی دەنێن ناولێنان یان جاڕدان (اشهار) بەو مانایەی کە ناونیشان ناوێکە و بە گوێرەی ئەو کەسایەتییە و دەروازەیەکە بۆ ناسنامەی مرۆڤ، چونکە ناو یەکەمین ڕەنگ و روخساری مرۆڤە و گوزارشت لە پێوەستبوونی بە کۆمەڵگەوە دەکات، یا ڕەنگ و روخساری نەتەوایەتی و ئاینی و تەنانەت شوێن و کۆمەڵگە و باری دەروونی.

چونکە پێویستە لەسەر نووسەر ناوێک هەڵبژێرێ ناونیشانێک بۆ نووسینەکەی تا خوێنەر دەستاودەستی بکات، ئەم وەزیفەیە ئەو ئەرکەش گرینگترین وەزیفەیەکە بتوانێ وەزیفەکانی تر تێپەڕێنێ، لەبەرئەوەی ناونیشان ناو بابەتەکانی لێکەوە نزیکن، بەڵام لە هەندێ ناونیشان پێچ و پەنا و گێرمە و کێشە (مراوغ) بەدی دەکرێت و پێویست بەتەئویل و شیکردنەوەیان بەمەبەستی خوێندنەوە دەکات تا ئاماژەکانی روون ببنەوە.

٢- وەزیفەی پێوەندیکردن:

ئەگەر ناونیشان نێوەندێکی نێوان دوو جیهان بێت، جیهانی نووسەر و جیهانی خوێنەر، یان لە نێوان جیهانی واقیع - ژیان و جیهانی دوور پەیمان کە ڕۆ دەچێتە هەناوی مانەوە و، گەڕان بەدوای نەمریدا وەک گەلگامش و مەم و زین.

٣- وەزیفەی ئاماژە بۆکردن:

ئەمەش وەزیفەیەکە نزیکە لە وەزیفەی پیاهەڵدان و گێڕانەوە، خاوەن ڕەهەندێکی سینەماییە، هەندێ جاران روو لە تەئویلکردن دەڕوا، ئامانجی ورووژاندن و ئارەزووی لای وەرگر بۆ خوێندنەوە و بەردەوامبوون، ئەمەش وا دەکات خاوەن ئامانجێکی هاندان بێت بەرەو ورووژاندن دەڕوات، بەمەش سەرنجی خوێنەر رادەکێشێ و وای لێ دەکات لە وردەکارییەکان بکۆڵێتەوە و لە بازنەی هاندان و شیرینکردنی بابەتەوە بەرەو بازنەی ئاماژە بۆکردن و ڕەمزیەتی دەباتەوە نەک بازنەی نواندن، یان ڕاپۆرتێکی راگوزار.

٤- وەزیفەی چۆنیەتی و پیاهەڵدان:

وەزیفەیەکە ناونیشان پێی هەڵدەستێ بەورووژاندنی ئەو رەخنانەی کە ئاراستەی ناونیشان دەکرێتەوە بەو مانایەی وەزیفەی (بابەتی، هەواڵی، تێکەڵاو) دەکات، هەروەها شتێ لە وەزیفەی ئاماژەکردن دەگرێتەوە.

٥- وەزیفەی زەمەنی:

گرینگیی ناونیشان لەوەدایە کە لە هزری وەرگردا دەمێنێتەوە و بەزهنیەوە دەنووسێت، هەروەها توانای نەمری هەبێت، بەتایبەت کاتێ سادە و شەفاف و سەرنج راکێش و چڕکراوە بێ، هەر بۆیە نووسەر هەوڵ دەدات ناونیشان کاریگەر، کە لە هزر و زماندا ئاسان خۆیان نیشان بدەن. زۆرجارانیش ناونیشان ناوەڕۆکی دەق دەشارێتەوە و تەنیا هەندێ ئاماژە دەکا بۆ ناچارکردنی خوێنەر، بۆ بەردەوامبوون و خوێندنەوەی بابەتەکە.

٦- وەزیفەی هاندان:

یەکێ لە وەزیفەکانی ناونیشان ئەوەیە کە خوێنەر لە ناوچەی بێلایەن پەلکێش بکات و بەشدار بێت لە ناوەڕۆکی دەق، ئەویش ئەو ناونیشانانەیە کە مانایەکی دیاریکراو سەبارەت بەباتەکە پێشکێش ناکات، بەڵکو وەک چاودێر و برووسکەیەک ئاسۆیەکی گەشمان دەخاتە بەردەم .

## جۆرەکانی ناونیشان

١- ناونیشانی باو:

ئەمەش ئەو جۆرە ناونیشانە باوانەیە، هیچ کارێ ئەنجام نادات تەنیا ناسنامەیەکی دیار و ئاشکرای بابەتەکەیە، لە کاری رۆژنامەوانیدا بەو جۆرە ناونیشانانە دەوترێ ناونیشان هەواڵ، لەبەرئەوەی بابەتەکانی دیارن و زۆر بەکار دێن .

٢- ناونیشانی خوازە (مجازي):

ئەو ناونیشانەیە کە پشت دەبەستێ بە شێوازی خوازەی نێردراو ئەو نووسینەی کە پێوەستە بەو بابەتەوەی کە لە شوێنگەیەکدا قسەی زۆر ناهێنێ.

٣- ناونیشانی شاعیرانە:

هەندێک بەناونیشـانی ئەدەبی و سـریالی ناوی دەبـەن، لەبەرئەوەی دەمـانورووژێنێ و پەنا و پەسـیومـان پێ دەکا، ئەو ناونیشـانەی کە نووسـەر پەنای بۆ دەبات بۆ ئەوەی لە چاودێری خـۆی دوورەپەرێز بگرێت، هـەروەهـا دوورکـەوتنەوە لـە دووبارەبوونەوەی دەلاقـە لـەبەرئەوەی ناونیشـان بەهایەکی جوانسـازیی هەیە و ئامـانجی ئامـاژەبۆکردنە نەک روونکردنەوە، بۆیە رووبەڕووی چەندین تەئویل دەبێـتـەوە ئەم ناونیـشـانەش بـەهایەکی جـوانسـازیی گـەورەی هـەیە، وە توانایـەکی ئەدەبیی دروسـتـکەر بەسـوود وەرگـرتن لە زمـانی ئـەدەبی لە رێگەی دەسـتـەواژەی پڕ لە شـاعـیـرانە، کـە بەتوانـایەکی رەمـزی باگـراوند کـراوە، کـە زۆرجـاران رستەکان بەرەو تەمومژ دەبەن.

٤- ناونیشانی تەئویلی:

ئەوەیە کـە جـوانناسی نـاونیـشـان تێ دەپـەڕێنێ، لـەبەرئـەوەی سـەکـۆیەکی سـەرەتای پێشکێش بە خوێنەر دەکات، مـانایـەکی ئامـادەی دەخـاتە بەردەست، هـەوڵی دروسـتکردنی وەڵام لای خــوێنـەر دادێنێ، لـەبەر ئـەوە خــوێندنەوەی بـاو بۆ نـاونیــشــان، بـاش دەبێـت بۆ خوێندنەوەی دەقێکی نوێ، لەبەرئەوەی ئەم ناونیشانە پەردە لەسـەر جوانناسی هەڵدەداتەوە و شـوێنی دەگرێتـەوە - تاکـو ناونیشـان دەرگـەی والا بێت بۆ زنجیـرەیەک دەلالەت بەهۆی بەردەوامیی خوێندنەوە.

٥- ناونیشانی بەش یان ناوەخۆ:

ناونیـشـانێکی رەمـزییـە چەندین تـەئویل هـەڵدەگرێ هـەروەها پێی دەوترێت ناونیـشـانی ناوەخۆ، ئەگـەر لە بەرگی کۆوارێک بێت، نووسـەر هەڵی دەبژێرێ بۆ روونکردنەوەی هەندێ دیمەنی تایبەت، لە ئاکامی نووسینەوەی لێکۆڵینەوە یان دەقێکدا بۆ ئەوەی خـوێندنەوەی ئاسانتر بێت، هەروەها خۆی لە چاودێری بپارێزێ.

٦- ناونیشانی رەمزی:

ناونیـشـانێکە ریزبـەندیی بنیـاتی رەمـزی لەگـەڵ خـۆی هـەڵدەگـرێ، نزیک دەبێـتـەوە لە ناونیـشـانی خـوازە یان وەرگرتن، نزیکیـشـە لە نـاونیشـانی شـاعـیریانـە کە رەهەندێکی خەیاڵئامێزی هەبێت.

٧- ناونیشانی تەنزئامێز:

ناونیشانێکە لە بابەتێکدا کەرەستە هەڵدەبژێرێ، یان شێوازی گوزارشتکردن پابەندە لەسەر گاڵتە و جیاوازی، نووسەر رستەی دژ بەیەک و گاڵتە ئامێز بەکار دێنێ.

٨- ناونیشانی شرۆڤەکردن:

ئەویش ناونیشانێکی زیادکردنە بۆ سەر ناونیشانەکانی پێشووتر، ئەویش هاوشێوەی ناونیشانەکەیە، نووسەر هەوڵ دەدات هەندێ روونکردنەوە بەبابەت یان ناونیشانەکەی بدات، بەئاماژەکردن بۆ دەلالەتی مەبەستداری ناونیشانی یەکەم کە زۆرجاران تەمومژاوی بەدەردەکەوێ، یان سانا نییە تێگەیشتنی.

٩- ناونیشانی خۆیی:

ئەمەش ئەو ناونیشانەیە کە پێوەستە بەگیروگرفتێکی خۆیی تایبەت، یان نووسەر هەوڵ دەدات خودی خۆی چەق یان ناوەندێکی گرینگ بێ، لەبەرئەوەی خود پێوەستە بەنووسینەوە، ناونیشان وەک چەمکێک ڕووبەڕووی خوێنەران دەبێتەوە وەک بەرهەڵستییەک و هەمەرەنگییەکی زۆری بوارەکانی کاری نووسەر لە بوارەکانیدا واتە ناونیشانێکی زۆر هەیە کە تووشی ڕاڕاییمان دەکات و لە ژیانماندا وجوودی هەیە و گومانیشمان لا دروست دەکا، لەبەرئەوەی لە زۆربەی شوێنەکاندا هەیە، لە فرۆشگاکان و زانکۆکان، لە ریکلامەکان و کتێبەکان، لە گۆڕەپانەکاندا و تەنانەت لە ئۆتۆمۆبێلەکاندا.

١٠- ناونیشانی وروژێنەر یان بریسکەدار:

ئەو ناونیشانەیە بارگاوی کراوە بەوزەیەکی زۆری حەماس و بەرهەڵستیکردن، لێوانلێوە لە ئومێد، ناونیشان لێرەدا پێویستە کە بۆ بەردەوامیی نووسین وەک (لە پێناوی ژیاندا) و (خۆشەویستەکەم رۆژنامەنووسە) یان (هاوڕێ شێتەکانم).

## تایبەتمەندییەکانی ناونیشان

لە نووسینی رۆژنامەوانی، یان دەقی ئەدەبیدا، پێویستە ناونیشان چەند تایبەتمەندییەکی هەبێت، لەوانە:

ا- کەڵک وەرگرتن لە کورتی و چڕی و کورتکردنەوە، نە درێژ بێ نە هێندەش کورت بێ کار

له ناوەڕۆک بکات .

ب- پێویستە وردبین بێ بەجۆرێ ناوەڕۆکی بابەتەکە بەوریاییەوە نیشان بدا، نە زیادەڕۆییی تێدا بێت، نە کەموکورتی .

ج- جیاکاریی تێدا بێت لە ڕەوانبێژی و شەفافیەت و گوزارشت هاوسەنگ و یەکگرتوو بێت، نەک کۆکراوەیەکی بریقەدار بێ، تێگەیشتنی ئاسان و ڕستەی جوان بێ.

## ناونیشان و تۆکمەیی

پێوەندیی بەهێزی نێوان ناونیشان و تۆکمەیی (المتن) دەمانباتەوە بۆ پێویستیی دەرخستنی ئەم پێوەندییە بەهێزە لە نێوان هەردوولا دا، چونکە دەق، تۆکمەیی پێک هاتووە لە زنجیرەیەکی زمانەوانیی هەڵسەنگێنراو یان نووسراو کە یەکەتییەکی بەردەوام پێک دەهێنێ هەروەها بنیاتێکی دالییە و لە سیستەمێکی سیمائییەوە هەڵدەقوڵێ، یان دەزگایەکی ڕەمزییە بە پلەی یەکەم و بەر لە هەر شتێ، چونکە خوێنەر لە دەقەوە دەست پێ دەکات و لە دەروازەی ناونیشانەوە تەئویل وەردەگرێ، کولتووری مەعریفیی خۆی تەوزیف دەکا لە پێناوی گەیشتن بە دالەکانی خۆی، زۆرجاران دەلالەتی کارکردن دەرەنجامی تەئویلی ناونیشانە.

سەرچاوە و پەراوێز

١- ڕۆژنامەی (الاتحاد)، ژمارە (٤٠٥١)

٢- صحافة بلا دموع . رادفورد ايفانس، ترجمة باحسة الجومرد

٣- فن الكتابة واشكال التعبير، حسن فالح البكور وابراهيم عبدالرحمن النعانعة ومحمود عبدالرحيم صالح.

٤- النص الحبد الهاوية، قرائة في زل المعالي، ابراهيم محمود، دار اموز ٢٠١١

لێکۆڵینەوە

غەفوور ساڵح عەبدوڵڵا

# شاعیرە سەعلووکەکانی عێراق..!

بەشی یەکەم

"بەوجۆرە مەگرین
خۆتان وا دەرخەن کە دەگرین
شاعیرەکان نامرن
ئەوان تەنیا خۆیان وا پێشان دەدەن کە مردوون.."
- جان کۆکتۆ -

بێگومان بەدمەستی وەکو جمکی رۆحی شاعیرە داهێنەرەکان، لێیان جیا نەبووەتەوە، تا وای لێ هاتووە مەیزەدەیی بووتە دەردێکی کوشندە، بگرە مەیزەدەیی لە زۆر لە شاعیران بووەتە حاڵەتێکی سووفی. من خۆم دەمێکە کە لەو باوەڕەدا بووم کە (عومەر خەیام) شاعیرێکی مەیزەدە بووە، بۆیە کەس وەکو خۆی و (بۆدلێر) هێندە جوان باسی مەییان نەکردووە، بە پێچەوانەی هەندێ توێژەرەوە، کە پێیان وایە باسکردنی مەی و مەیخواردنەوە و مەستی تەنیا حاڵەتێکی سووفی بووە، نەک وەکو پراکتیزە، هیچ کەسێک لەوانە بەڵگەی مێژوویی باوەڕپێکراوی بە دەستەوە نییە کە ئەو بۆچوونەیان بسەلمێنێ:

می خـور چونەدانی از کـوجـا امـادئی
خوش باش نەدانی بە کوجا خاهی رفت
(عومەر خەیام) لێرەدا پرسیارە بوونگەراییەکە (وجوودی) دەورووژێنێتەوە:
مـەی بخۆرەوە نازانی لە کوێوە هـاتووی
خۆشبەخەت بـە نازانی بۆ کوێ دەڕۆی.

ئەمـە سـەرەڕای سـەعـدی و حـافـزی شـیـرازی لـەبارەی مـەی و مـەسـتـی و خـەیاڵاتی سەرخۆشییەوە شیعریان وتووە.

گەرچی شاعیری بەدمەست زۆرن لە شیـعری فارسیدا. کوردیش شاعیری بەدمەستی هەبووە وەکو شـاعیر (فـایق بێکەس) کە وتوویەتـی: "هـەرکـە ئێـوارەم لێ داهـات بۆ عـەرەق سـمکۆڵ کـەم، وەکو ولاخێ بێتـە وەختی کـاوجـۆی ئالیکەوە". هـەروەهـا شـاعـیرێکی سۆفی گـەورەی کورد وەکو (مەحـوی) لەبارەی بەدمەستییـەوە دەڵێ: "شکور هۆشـیـارە مەحـوی تێ دەگات دنیا خـەراباتە، کە بەدمەسـتی بکات ئەهلی خراپەی بۆچی لێ دەگرم". لە شاعیرانی هـاوچـەرخـیـش (سـەلام مـحـەمـەد) کـە لە شـیـعـری (هـەنگوینی تاڵ)دا باسـی چیـڕۆکی بەدمـەسـتـیی خـۆی دەکات. تا ڕادەیەک (مـحـەمـەد عـومـەر عـوسـمـان)یش. شـاعـیـرانی بەدمەستی بەغدا لە سەردەمی خەلافەتی عەباسیش زۆر بوون، وەکو (ئەبونوئاس) کە ساڵی ٧٦٣ی زاین لە ئەهواز لەدایک بووە و (بەشـاری کوڕی بورد) کە ئەم دووانە بە رەگـەز فارس بوون. ئەبونوئاس دەڵێ:

ألا فـأسقني خمرا وقل لي هي الخمر
ولا تسـقني سـرا اذا امكن الجـهـر
فـمـا العـيش الا سكرة بعـد سكرة
فــأن طال هذا عنده قــصــر الدهر
ومـا الغبن الا ان تراني صــاحـيــا
ومـا الغنم الا ان يتـعـتـعني السكر..

مەییم بدەرێ و بڵێ ئەمە مەییە
بەنهێنی مەمدەرێ ئەگەر بەئاشکرا شیاو بوو
ژیان چییە سەرخۆشی دوای سەرخۆشی نەبێ

ئەگەر ئەمە درێژەی هەبوو لەلای زەمانە کورتە
غوبنەکە چییە ئەوەتا نامبینی بە ئاگام
دەسکەوت چییە ئەگەر سەرخۆشی لاڵم نەکات...
یان (ئەبومیحجەن ئەلسەقەفی) کە شاعیرێکی سەردەمی ئەمەوییەکان بووە دەڵێ:

اذا مت فـــادفني جنب كـــرمـــة
تروي بعد موتي عظامي عروقها
ولا تدفني بالفــــلاة فـــأنني
اخاف اذا ما مت أن لا أذوقها.

لە تەنیشت دارمێوێکەوە بمنێژن ئەگەر مردم
بۆ ئەوەی ڕەگەکانی ئێسقانم پاراو کات دوای مردنم
لە بیابانا مەمنێژن چونکە
دەترسم تامی نەکەم ئەگەر مردم.

دەڵێن حەزرەتی (نوح) یەکەم کەس بووە کە دارمێوی چاندووە. لە تەوراتدا لە ئیسحاحی (١٠) ژمارە بیست و بیست و یەکدا هاتووە "بەو جۆرە نوح دەستی کرد بە کێڵانی زەوی و دارمێوی چاند و مەی خواردەوە و سەرخۆش بوو". یان شاعیری جاهیلی (ئەعشا) دەڵێ:

وكـــأس شــــربت علي لذه
وأخـــري تداويت منهـــا وبهـــا

واتا: جامێکم خواردەوە بۆ لەزەت، ئەوی تر شفام پێی هات..
(حەسان کوڕی سابت) شاعیری پێغەمبەر لە سەردەمی جاهیلیەتدا شیعری بۆ مەی وتووە:

ونشربها فتتركنا ملوكا
واسدا ما ينهنها اللقاء..

واتا: کە دەیخۆینەوە دەبینە پاشا و شێریش ڕێگەی بەیەکگەیشتنمان ناگرێت..

شاعیرانی بەدمەستی جیهانیش بێ ئەژمارن، هەر لە (ئەدگار ئالان پۆ) کە زۆربەی شەوەکان هێندە مەست دەبوو نەدەگەیشتەوە ماڵەکەی خۆی و، لەسەر جادەکان دەخەوت،

یان (شارل بۆدلێر) کە میری شاعیرە بەدمەستەکانی دنیا بوو، دیوانێکی تایبەتی هەیە بەناوی شیعرە مەیەکانی بۆدلێر (خمريات بودلير)، ( سێرگی یەسنین) شاعیری رووسیا: دەیوت (دالّدەم مەیخانەیەکی رووسیایە). یان دەیوت "دەخۆمەوە بۆ ئەوەی رژانەوەی کەسانی تر نەبینم". یان رامبۆ و ڤرلین و ژان ژینێ زۆری تر. گەرچی بە بانەیەکەوە هەموو شاعیرە داهێنەرەکان کەسانی مەیزەدە و بەدمەست بوون.

**١- عەبدولئەمیر حوسێری:**

ساڵی ١٩٤٢ (عەبدولئەمیر عەبود مەهدی حوسێر)، لە گەڕەکی میشراق لە شاری نەجەف لەدایک بووە، لە باوکێکی هەژار کە کاری عەبا دروستکردن بوو، هەروەها لە خێزانیکی ئاینی و لە خواترس بوو، لەم بارەیەوە (حوسێری) دەڵێ:

ابي يخيط العباءات و يتركها
تسجي اليه التحايا عبر اكتاف

واتا:
باوکم عەبا دەدوورێ و لێیان دەگەڕێ
تا لەسەر شانەکانەوە سڵاوی بۆ بنێرن.


عەبدولئەمیر حوسێری

ئەو شاعیرەی کە هەمیشە لە کۆڵانەکانی (حەیدەرخانە) لە بەغدا بە دەم سەرخۆشییەوە لە تری دەدا، بە جلوبەرگێکی شڕەوپڕەوە و جانتایەکەوە کە لە چارەکە عەرەقەوە تا قەسیدەکانی تیا بوو، زۆرجار خەڵکە هەرچی و پەرچییەکان لێیان دەدزی، دوای ئەوەیش کە لە سەرخۆشی و گەڕان بە کۆڵانەکانی بەغدا ماندوو دەبوو، دەگەڕایەوە بۆ دوا دالّدەی لە ئوتێل (کەوسەر) لەوێ جانتاکەی دەکردە سەرین و لێی دەنووست. تا لە رۆژی ٣ی شوباتی ساڵی ١٩٧٨ ئیدی لێی نووست و بە سەرخۆشی سەری نایەوە، کۆنە پانتۆڵێکی دەفرۆشت بۆ ئەوەی چارەکێک

ئارەقی پێ بکرێت، بۆ ڕۆژی دوایی پانتۆڵەکەی وەردەگرتەوە و دیسـان دەیفرۆشتەوە بە چارەک عەرەقێکی تر، کە خۆی ناوی نابوو (خندریس)، حوسێری سەرەڕای بەدمەستی، کەسێکی بلیمەت و بیرتیژ و بیرمەند بوو، شیعری زۆربەی شاعیرانی عەرەبی لەبەر بوو، هەمیشە وێڵ لە قاوەخانەکانی زەهاوی و حەیدەرخانە و شابەندەر و عارفەغا و پەرلەماندا، شیعرەکانی بۆ دانیشتوانی ئەو قاوەخانانە بەدەنگی بەرز دەخوێندەوە، بەو جۆرە سی و حەوت ساڵی لە نێوان هەژاری و بەدمەستی و بێکاری و شیعری جواندا بەسەربرد، وەکو (هنری میللەر) دەڵێ کەسی داهێنەر ناتوانێ ئیش بکات، نموونەیشی ڤان کوخ و رامبۆ بوو، بێگومان (حوسێری وحسێن مەردان و جان دەمۆ و سەرگۆن پۆلس)یش دەگرێتەوە. حوسێری هیچ ئیشێکی نەبوو جگەلە ئاوارەیی و سەرخۆشی و شیعری باڵا نەبێ، بەتەنیا حوسێری شیعر پیشەی بووە.

(فيضي دنان الخمر فيضي، يا ابنة النخل اعصفي بكياني واطعني اعرقي و شلي يديه).

واتا:

(با لێتان بڕژێ گۆزەکانی مەی با لێتان بڕژێ، ئەی کچی خورما قەوارەم بهەژێنە و دەمارەکانم بەر چەقۆ بدە و دەستەکانم گۆج بکە).

عەبدولئەمیر، دوای مردنی پانتۆڵێکی شڕ و پێڵاوێکی دڕاو و شیعر و پێنج فلسی لێ بەجێ ما. شیعرەکانی بە دەنگێکی نەجەفیانە لە قاوەخانەکانی بەغدا بۆ ئەوانە دەخوێندەوە کە لە دەوری کۆ دەبوونەوە بۆ گوێگرتن، چونکە حەزیان لە شیعرەکانی بوو، هەر لە منداڵیشەوە زۆر زیرەک بوو لە لەبەرکردنی شیعر و لە قوتابخانەی ناوەندی مامۆستاکانی زمانی عەرەبیی دەبەزاند، لە قۆناغی ئامادەییدا یەکەم دیوانی چاپ کرد (گوڵەکانی خوێن)، کە پێشکێشی کرد بە هەرسێ سەرکردەی شەهیدی حزبی شیوعی (فەهد و حازم و صارم)، چونکە حوسێری ڕووناکبیرێکی پێشکەوتنخواز بوو، لایەنگری حزبی شیوعی عێراق بوو. هەروەها شیعرێکی بۆ (نافع یونس)یش نووسیوە. حوسێری زۆر هەوڵی داوە لە شیعری ستوونی عەرەبی ڕزگاری بێت، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. حوسێری ئاواتەخواز بوو کە مێژوو لە پەپکەخواردنی خۆی بە ئاگا بێتەوە، هەستی بەڕاوەستانی کۆمەڵگەکەی دەکرد، بۆیە لە (بیارق الاتين) واتا ئاڵا هاتووەکاندا، دەڵێ (ئەی رابردووی مەزن.. ئەی میراتی ڕەسەن.. دەپارێمەوە جارێکی تر بگەڕێیتەوە بۆ جیهان.. پڕبیت لە هاوچەرخیەتی.. بۆ ئەوەی سەری نەتەوەکەم بەرز کەیت و زەمەن ناچار کەیت چۆک دادات). لە سەرەتای

شەستەکانی سەدەی رابردوودا نەجەفی بەجێ هێشت و رووی کردە بەغدا و، لەوێ حسێن مەردان و روشدی عامل و سەعدی یوسفی ناسی، هەروەها ڕووبەڕوو جەواهیری بینی. لەوێش بلیمەتیی شیعری بەدیار کەوت، لەگەڵ سەعلووکێتی و بەرەڵایی و بەدمەستی و دەربازبوون لە رابردووی نەجەفیانەی، ئەوەتا خۆی دان بەوەدا دەنێ و دەڵێ: "ئەوەتا تۆ بوویتە خاوەندی مەی و بوویتە گۆمی گەورەی بادەکان". بەدەنگی بەرز هاواری دەکرد "مەی بخۆنەوە، سەرخۆش بن.. ئەو رێگەی (رزگاربوونە). تەنیا حوسێری لە دنیای شیعر و مێژوو سەعلووک نەبوو، (ئەبوو نوئاس)یش ئەوەتا دەڵێ: (لێ گەڕێ لە چارەک و بیخە لاوە و قڕابەیەک بنۆشە وەک تیشک)، بەر لەویش لە شیعردا کە لە نەجەفیەتی خۆی یاخی بوو (محەمەد سەعید حەبووبی) کە دەڵێ: (واشرح هواک فکلنا عشاق).

دیوانە شیعرییەکانی (عەبدولئەمیر حوسێری) ئەمانەن:

- گوڵەکانی خوێن ١٩٥٩.
- پەردەباکانی دۆزەخ ١٩٧٤.
- منی ئاوارە ١٩٧٠.
- ئالا هاتووەکان ١٩٦٦.
- تشرین زەنگ لێ دەدات ١٩٧٣.
- تەمووز خۆر دادەهێنێ ١٩٧٧.
- پەپکەخواردنی ئاگر ١٩٦٩.
- یادەوەرییەکانی عروەی کوڕی وەرد ١٩٧٣.
- موعەلەقەی بەغدا ١٩٦٢.

دوای مردنیشی دیوانی (سواری هەق) دەرچوو.. دەڵێن جوانترین دیوانی ناوی (بەندەری خۆر) بووە، کابرایەکی کوێتی لێی کڕیوە و بە ناوی خۆیەوە بڵاوی کردووەتەوە و، لاف و گەزافی شاعیریەتی پێوە لێ داوە، پارەکەیشی لە مەیخانەکاندا دران بە پێکی عارەق.. هەروەها برادەرێکی شەوێک لە شەوان کۆمەڵە شیعرێکی دەسنووسی لێ دەدزێت و، لە میهرەجانەکاندا بە رووداریەوە پێشکێشی دەکردن، عەبدولئەمیر پێی زانیبوو، بەڵام دەنگی نەدەکرد و خەمی لێ دەخوارد.. قەسیدەی (تەمووز خۆر دادەهێنێ) بۆ شۆڕشی ١٤ی تەمووزی نووسیوە. یادەوەرییەکانی (عروە کوڕی وەرد)، دانپیانانەکانی حوسێری و باسی سەعلووکی خۆیەتی. "من عروەی کوڕی وەردم، شێخی سەعلووکی زەمەنەکانی

زەوی). حوسێری یاخییەکی هێرشبەر بوو، ئاشکراکەری زەلەی کەسانی تر بوو، حوسێری لە دوارۆژەکانی ژیانیدا تووشی نائومێدی بووبوو، بێ ماڵ و بێ ژن و بێ منداڵ و هەمیشە ئاوارە، ئاوارە، "من ئاوارەم بۆ خەڵکی لە روخسارم دەترسن و ڕێگەکان لە بەردەمم ڕادەکەن". من سەعلووکم، من عروەم شێخی سەعلووکەکان. حوسێری یەکێک بوو لەو داهێنەرە عێراقییانەی کە رەخنە و ئەوانەی ئێرەییان بە شاعیریەتی دەبرد زوڵمیان لێی کرد، دوای مردنی (عەزیز سەید جاسم) سەرجەم بەرهەمەکانی کۆ کردەوە و، پێشەکیی بۆ نووسی. سەرەڕای تەمەن کورتیی شاعیر وەلێ زۆر دەوڵەمەند بوو، بوونگەراییەکی سەرەتایی و بۆهیمیەتێکی خۆڕسکی پێ بەخشیبوو، لە ڕێگەی ئەوەوە دەیویست خۆشەویستترین شتەکان لە لای تێکەڵ بکات، کە ئەویش شیعر و مەی بوو. (محەمەد مەهدی جەواهیری) گەورەترین شاعیری عەرەب لەبارەی عەبدولئەمیر حوسێرییەوە دەڵێ: "ئەوە کوڕی کوفە سوورەکەمە، کە (موتەنەبی)ەکەی پێشکێش بەدنیا کرد، ئومێدەوارم بەغدا بەسەریدا رەت نەبێ وەکو بەسەر ئێمەدا بە نەزۆکی و غەدرەوە رەت بوو).. ئەوەتا (حوسێری) دەڵێ:

قـد بت امـضـغ اعـراقي واوردتي
والحانة الكون والجلاس من خلقوا
وجـهي وتهرب من قدامي الطرق
واليـوم لو لمحت عـيني تخـتنق
وارتوي من جـراحـاتي وانسـحق

واتا:

دەمار و خوێنبەرەکانی خۆم دەجووم
مەیخانە گەردوونە و دانیشتوانی ئەوانەی خەڵق بوون
رووخسارم و ڕێگەکان لە بەردەمم ڕادەکەن و
ئەمڕۆ گەر دیم چاوم دەخنکێ و
بە برینەکانم پاراو دەبم و دەپلیشێمەوە..

شاعیری کورد (عەباس بەدری)یش کە بەعەرەبی دەنووسێ لە شیعری (مەیخانەکانی عەبدولئەمیر حوسێری) دەڵێ:

حـــتي اراح جنونـه في حـــانة
جلاسـها جمعوا العراق.. وفرقوا
ومـــضي يبـــدد ليلـه و نهـــاره
بـين الموائد خـلســـــــة.. ويمـزق
مـاضـيق الشـعـر الجـريح يديره
رهط السـقـاة وثم بار... ضــيق.

واتا:

تا پشووی به شێتی خۆی له مەیخانەیەک دەدا
دانیشتوانی عێراقیان کۆ دەکردەوە و.. بڵاوەیان لێ دەکرد
شەو و ڕۆژی بەدزییەوە لەنێو خوانەکاندا پەرت دەکرد و.. ونجڕ دەبوو
شیعری بریندار چەند تەسکە
کە کۆمەڵێ مەیگێڕ و پاشان بارێکی تەسک بەڕێوەی دەبەن.

**٢- حسێن مەردان..**

"ڕێز لە جیهانێک ناگرم کە منداڵێک تیا چاوی کەیل بێت"..

ئەمە قـسـەیەکی حسـێن مـەردانە، دوای چەندین سـاڵ گـۆرانبـێژی شـۆڕشگـێڕی ئێران (داریوش) دەڵێ "تا لە جیهان یەک زیندان هەبێت ئازادیی نییە".

حـسـێن مـەردان سـاڵی ١٩٢٧ چاوی بەگـریان بـۆ دنیـا کـردەوە لە قـەزای (توێریچ)، لە باوکێکی پۆلیس و دایکێکی ژنی ماڵ. شـاعیرێکی بە فترە وجوودی بوو، یەکێکیش بوو لە شـاعـیـرە پێـشکەوتنخـوازەکـانی عـێراق، هـەمـیـشـە ئاوارە و دەربەدەر، وەکـو هـاوڕێی عەبدولئەمیر حوسێری، کە سـاڵی ١٩٤٩ یەکەم دیوانی دەرچوو لە بەغدا بە ناوی (قصائد عارية) - قەسیدە رووتەکان - هـەرایەکی گەورەی نایەوە. خۆی دەڵێ: "لە پڕێکدا - قـەسیدە رووتەکان -م فڕێدایە سەر شـەقام، هەمـوو عامـوودێک لە بەغدا هاتە لەرزین". سـاڵی ١٩٥٠ لە بەغدا درایە دادگە لەسەر ئەو کۆمەڵە شیعرە. دواجاریش بێ تاوان دەرچوو سزا نەدرا.

ئەو دەمـامـکەی راسـتـیـتـان دەشـارێتـەوە
شـــــڕ بووە بێـــــڕەنگ و کــــون بووە
لـە هـەزار درزەوە خـــودتـان دەردەکــــەوێ

نابووت و بەختەڵەتاوی و ترسەوە پێ دەکەنێ

لافی پاکیزەیی لێ دەدەم و هەموو دنیا

سەرئاو و نوقمی زەلکاوی بۆگەنییە...

حسێن مەردان بە شاعیری پەخشان ناسرا و لەبەر بەدمەستی پێیان دەوت ( بۆدلێری عێراق). حسێن مەردان سەرەڕای تەمەن کورتی وەکو خوناوییەکی گەورە و لەگەڵ ئەزموونە فیکرییەکاندا ژیا بۆ نموونە وەکو (وجوودیەت) بوونگەرایی، بەرووکەشییەکەی، ئەو بە شێوازی تایبەتی خۆی وجوودی بوو. وێنەیەکی پێشکەوتوو بوو کاتی خۆی لە شیعری نوێی عێراقدا، هەوڵی دا لاسایی (رامبۆ) بکاتەوە و، ویستی بە پێ گەشتی دنیا بکات، بەڵام تا بیابانی رۆژئاوای عێراق بڕی کرد و پەشیمان بووەوە. کاتێ لە ناوەڕاستی حەفتاکانەوە، لە باقووبەوە بە پێ چوو بۆ بەغدا تەمەنی هەژدە ساڵ بوو، دەسنووسی دیوانی (قصائد عارية)ی لە بن هەنگڵ نابوو. تا قۆناغی ناوەندیی خوێندبوو، بەڵام لەو باوەڕە بوو کە بەغدا داگیر دەکات، وەکو چۆن بەغدای بەو کۆمەڵە شیعرە لە گوێوە راوەشاند. ئیدی ئاوارەی کۆڵان و جادە و شۆستە و مەیخانەکانی بەغدا بوو، هەموویانی لەبەر کردبوو، لەسەر مەستەبەی باخە گشتییەکان دەخەوت، شوێنی نەبوو تیا بسرەوێ:



حسێن مەردان

لە مەمکی دایکم بە فجوور گۆش کرام و

لە تاریکیی رەزیلەتدا گەورە بووم..

حسێن مەردان تەنیا شاعیر نەبوو بگرە رۆژنامەنووسێکی بە توانا و وتارنووسێکی داهێنەر بوو. رەخنەگر (عەلی جەواد تاهیر) زۆربەی وتارەکانی لە کتێبێکدا کۆ کردووەتەوە و پێشەکیی بۆ نووسیوە. حسێن مەردان بەندینخانەی بینی بە هۆی قەسیدە رووتەکانیەوە، کە لەو سەردەمەدا، باسی مەسەلەی سێکس لە شیعردا عەیبە بوو، بۆیە بەتۆمەتی

بەدڕەوشتی درایە دادگا و بەندکرا و، دواجار بێتاوان بەرەڵا کرا، وەکو چۆن لە سەدەی هەژدەمدا (گۆستاف فلۆبێر) لەسەر ڕۆمانی (مەدام بۆڤاری) درایە دادگە.. حسێن مەردان لەبارەی بەندینخانەوە نووسیویەتی:

"بۆ یەکەم جار لەوێ شیوعییەکانم بینی، ساڵێکی درێژ بوو هەزار لاپەڕەم لە مارکسیزم خوێندەوە، چووم بەلایەکی تری کێشەکەوە، باروتم دروست دەکرد و دەنکە شقارتەم دەکردە چەورییەوە، بوونی خۆم دەکردە چرایەک بۆ ڕوونکردنەوەی بەردەمی چەوساوەکان، بەڵام سەبارەت بە بزووتنەوەی ئەدەبی، بەگوێرەی توانای خۆم هەوڵم دا، هەموو قەڵەمە داهێنەر و خێرخوازەکان کۆ کەمەوە لە یەک چەپکەدا، بۆ وەستان ڕووبەڕووی ڕژێمی ئەو سەردەمە، ئەوە بوو یەکەم دەستەی دامەزرێنەری یەکەتیی ئەدیبە عێراقییەکان دروست بوو، دەسەڵات وای زانی کە خەڵکانی خاوەن فیکر لە دوای ئەوەن؟، بۆیە مۆڵەتی پێ نەدرا. پاشان شۆڕشی تەمووز هات و، ڕۆحی خۆم شەحن کرد بەهەموو شورنقەیەک بۆ پشتگیریی شۆڕشگێڕەکان. بەهەمان هێزەوە دژی ناکۆکییەکان وەستام، لە بارەگەی یەکەتیی ئەدیبان شیعرەکەم بەناوی (پێغەمبەرایەتی لە شیعر) خوێندەوە، پاشان ڕووم کردە بەرزاییەک بانگەشەم بۆ تەبایی دەکرد و، تیرەکانی خۆم ڕووبەڕووی ئەوانە دەکردەوە کە تەگەرە دەخەنە بەردەم کاروانی گەل. دیسان گەڕامەوە بۆ برسیەتی و خەوتن لەسەر زەوی.

پاکی هەرگیز لە دڵم دەرنەچوو.. کاتێ لەسەر یەک مێز لەگەڵ (ژان پۆڵ سارتەر و نازم حیکمەت و پاپلۆ نیرۆدا) دانیشتم، هەستم کرد گەیشتمە لێوارەکە، لێواری زەوییە چۆڵەکەم.. بەڵام هەیهات خەڵکی لە وڵاتی مندا ناتوانن لووتکەکان ببینن، بۆیە لەگەڵ زوڵم لێکراوەکاندا ڕێگەم گرتە بەر، بۆ لابردنی هەورەکان و بێکاریم پێ باشتر بوو، بۆ ئەوەی ئازادی و سەربەخۆیی خۆم بپارێزم و، دواجاریش منی تێگەیشتوو تووش بووم.

مشتێ ڕووناکیم بینی و گەشبین بووم، گەڕامەوە پشتێنکەم هەڵگرت و هێشتا دوودڵم).. حسێن مەردان یەکێک بوو لەو داهێنەرانەی کە شیعر پێیانەوە موبتەلا بووبوو، بگرە مرۆڤایەتیش، لە عەرەبدا: ئەبوتەمام و تورفە کوڕی عەبد و ئەبونوئاس و عەبدولئەمیر حوسێری و، لە ڕۆژئاواش بۆدلێر و رامبۆ و مایکۆفسکی و یەسنین و لۆتریامون..

ئەی شەوانی بەتاڵ لە هەموو شتێ
پاڵم پێوەنێ بۆ نێو تاریکی چاڵەکان

بۆ ببینین لە خواترس شەقیە
بەهەشتی بوون بۆ شەڕەنگیزە
***
لەناو دەچم و گۆرانییەکەیشم لەناو دەچێ
دارستان و دۆڵەکان سەردەکێشن
چۆن هاتم ئاوها وەکو لوغزێک دەڕۆم.
***
لەبەر رووناکیی مانگێکی سەوزدا دەنگی پێی دێت
ناوچەوانم بەر پێی کەڵێک دەکەوێت
لەسەر چرا رەنگ زەردەکەدا چۆلەکەیەکی رەش وەستاوە
دەریا لە پشتی شەقامەوەیە
بەو شێوەیە شەرواڵمان لە گازینۆ بەڵقیس خواردەوە..
***
حسێن مەردان، لە دیوانی دووەمیشی (ئاوازی رەش) کە ساڵی ١٩٥٠ دەرچوو، وەکو مەسەلەی (قەسیدە رووتەکان)ی لێ بەسەرهات:

پەراسووەکانم لەبەر ترسی گڕی ئاگر دەهەژێن
وەک بڵێی لە پەراسووەکانمدا دۆزەخ هەیە
ئەی ئەوەی هەرکە دەگەم بەچاوەکانی
خەریکە چاوەکانم سۆزێکی مەزن دەیانخوات
چییە سەروچاوت هێندە رەقە دەڵێی بەردە
بۆ وا دەمت تووڕەیە و بزەی نایە
ئیمانم هێنا بەو خۆشەویستییەی وا لە ترپەمدایە
کافر بووم بەو جوانییەی کە رەحم ناکات..

حسێن مەردان لەم دوو شیعرەدا مەبەستی لە (مەی)یە..

خۆی دەڵێ: "بەڵام ژیانم، لە ژیانمدا جگە خەم نەبێ هیچم نەدی، ئەو خەمەی کە بەردی کەڕولاڵ دەتوێنێتەوە، وەکو لەعنەتێک بۆ ژیان هاتم و ئاوهایش دەڕۆم، وەکو لەعنەتێک بۆ گۆڕەکان دەڕۆم".

تۆبه ناكەم، ئایا بیرمەند تۆبه دەكا
كه ئازاده بۆ وتنی راستی زۆرلێكراوه
با بەند بكرێم یەكەم شۆڕشگێڕ نیم
تووڕ دەدرێته ناوجەرگەی زیندانەكانەوه و گۆڕ دەنرێت
با لەسێداره بدرێم یەكەم ریفۆرمیست نیم
پەتی ترس بیرۆكەكەی لەناو بەرێت
نەفرەت لەو كەسه دەكەم له شارێك دەژێ
گەمژه بەرزی دەكاتەوه و ناتەقێ..

ئەم بەرهەمانەشی چاپ كردووه:

١- وێنه ترسناكەكان ١٩٥٢ پەخشانی چڕ.
٢- بەهار و برسیەتی ١٩٥٣ پەخشانی چڕ.
٣- سرووودی سروودوتن ١٩٥٥ پەخشانی چڕ.
٤- جیهان تەنووره ١٩٥٨ پەخشانی چڕ.
٥- هەڵهەڵه بۆ شەحن ١٩٥٩ پەخشانی چڕ.
٦- لقەكانی ئاسن، دیوانه شیعر ١٩٦٠.
٧- شێوازێكی تایبەت، دیوانه شیعر ١٩٦٧ له ساڵی ١٩٦٩ بووه ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری یەكەتیی ئەدیبانی عێراق تا له ساڵی ١٩٧٢ له بەغدا كۆچی دوایی كرد.

**٣- سەرگۆن پۆڵس**

سەرگۆن پۆڵس، كه له تەپەی مەلا عەبدوڵڵاوه فڕی بۆ كالیفۆرنیا و لەوێشەوه بەرەو هەموو جیهان و، بووه (رامبۆ)ی كەركووك و، دواجاریش هی عێراق، هەر ئەویش بوو كه وەكو (رامبۆ) ژیانی به دانیشتنەوه بەسەربرد، وەكو فریشته لەسەر كورسیی سەرتاشێك.. له ساڵی ١٩٤٤ له شارۆكەی حەبانیه لەدایك بووه. له ساڵی ١٩٥٦ خێزانەكەی گەڕاونەتەوه بۆ كەركووك و له گەڕەكی (تەپەی مەلا عەبدوڵڵا) نیشتەجێ بوون، كه گەڕەكێكی تێكەڵه له كورد و ئاشوورییه و، تاك و تەرا توركمانی تیا بووه، ئێستاش بەتەنیا هەر كورد و ئاشووریی تیایه. سەرگۆن پۆڵس، زمانی عەرەبی و كوردی و توركمانی و ئاشووریی دەزانی، بەڵام هەر بەعەرەبیی نووسیوه، وەكو هاوڕێ كوردەكانی: سەلاح فایەق و محێدین

زەنگنە و زوهدی داوودی و ئەنوەر غەسانی و یوسف حەیدەری، کە سەرگۆن شیعرێکی لە یادی کە لە ساڵی ١٩٩٣ لە بەغدا کۆچی دوایی کرد نووسیبوو، بە ناونیشانی (هاتم بۆ لات لەوێوە)، گەرچی سەرگۆن بۆ هەموو هاوڕێکانی کەرکوکی شیعری پێشکێش کردوون وەکو وەفایەک، وەکو موئەیەد راوی و جەلیل قەیسی و فازڵ عەزاوی و، جان دەمۆ.. سەرگۆن پۆڵس بووە یەکێک لە (گرووپی کەرکوک) کە رۆڵێکی باشیان گێڕا لە بزووتنەوەی تازەگەری لە شیعر و ئەدەبی عێراقی عەرەبیدا، زۆربەشیان کورد بوون. گرووپەکەش لەمانە پێک هاتبوو: قەشە یوسف سەعید، فازڵ گەلۆ (عەزاوی)، ئەنوەر مەحموود سامی (الغسانی)، موئەیەد جەمیل شوکری (راوی)، سەرگۆن پۆڵس، جان دەمۆ، یوسف حەیدەری، محیەدین زەنگنە، جەلیل خەلیل (القیسی)، سەلاح فایەق، زوهدی داوودی و قەحتان هورمزی. زۆربەی گرووپەکەش دوای ١٤ی تەمووز جگە قەحتانی تورکمان نەبێت، پێوەندییان کردبوو بە حزبی شیوعیی عێراقەوە.. گرووپەکە زۆربەیان عێراقیان بەجێهێشت بوو، جگە، جان دەمۆ و، یوسف حەیدەری و جەلیل قەیسی نەبێ، کە ساڵی ٢٠٠٦ بە نەخۆشی لە کەرکووک کۆچی دوایی کرد، محیەدین زەنگنەش لە باقووبە دەژیا و ئێستایش لە سلێمانی نیشتەجێیە و لە دەزگای سەردەم کار دەکات.. سەلاح فایەق دوای کودەتاکەی ١٩٦٣ هەڵدێ بۆ شاخ و دەبێتە پێشمەرگە، ساڵی ١٩٦٤ دەگەڕێتەوە بۆ کەرکوک و دەبێتە سەرباز و ساڵی ١٩٧٦ دەچێت بۆ سووریا و لەوێشەوە بۆ بەریتانیا ئەنجاش بۆ فلیپین. موئەیەد راوی دوای ١٤ی تەمووز ١٩٥٨ مامۆستا بوو لە گوندی (کلاوقووت)ی ناو شوان، دێی هەقەکان، ساڵی ١٩٧٠ چوو بۆ بەیرووت و لەوێشەوە بۆ ئەڵمانیا، فازڵ عەزاوی ١٩٧٧ چوو بۆ ئەڵمانیا، سەرگۆنیش بۆ ئەمەریکا، زوهدی داوودی ١٩٦٧ چوو بۆ ئەڵمانیا، ئەنوەر غەسانی ١٩٦٨ چوو بۆ ئەڵمانیا و دواجار بۆ کۆستاریکا.. یوسف حەیدەریش تا کۆچی دوایی لە بەغدا دەژیا. (جان)یش بە قەلەندەری وهەمیشە مەست و بێ مەسرەف لە نێوان کەرکووک و بەغدا دەژیا.. (فازڵ عەزاوی) لە کتێبی - رۆحی زیندو - الروح الحیة - ناوی گرووپەکەی ناوە برادەرانی بەدکاریی (اصدقاْ السوْ). (یوسف الخال) لە کۆواری (شیعر) چەند شیعرێکی بۆ (سەرگۆن) بڵاوکردەووەتەوە. ساڵی١٩٦٧بە پێ لە رێگەی بیابانەوە دەچێت بۆ



سەرگۆن پۆڵس

لوبنان، چونکە سەربازی هەڵاتوو بوو، ئەمەیش دووبارەکردنەوەی ئەزموونەکەی (رامبۆ)یە کە، بە پێ هەموو ئەوروپای تەی کردبوو، سەرگۆن لەوێ یەکسەر دەچێتە کتێبخانەی ئەمریکی و داوای کتێبەکانی گرووپی (پینتیکس) ئەمەریکی دەکات، کە دواجار بوون بە هاوڕێی. لەوانە، ئالن گینیسبێرگ، گریگوری کۆرسۆ، پۆپ کۆفمان، لۆرانس فیرلنگینی، گاری سنایدەر و، فایلێک لەبارەیان ئامادە دەکات. لەوێشەوە دەڕوا بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و لە سان فرانسیسکۆ نیشتەجێ دەبێت، دوای ئەوەیش دەکەوێتە گەڕان لە نێوان ئەمەریکا و ئەوروپا. دواجار بە نەخۆشیی شێرپەنجە لە نەخۆشخانەیەکی بەرلین لە رۆژی ٢٢ی ئۆکتۆبەر ٢٠٠٧ رۆحە پڕ ئەشکەنجەکەی ئازاد بوو. (سەعدی یوسف) دەڵێ: سەرگۆن پۆڵس تاکە شاعیری عێراقە.. (ئونسی الحاج) دەڵێ: سەرگۆن پۆڵس لە عێراق رای کردبوو، هات بۆ لبنان لەوێشەوە فڕی بۆ کالیفۆرنیا، لە کالیفۆرنیاش لە هەر کوێیەک بووایە دەیچریکاند. تا لە نەخۆشخانەیەکی ئەڵمانیا نیشتەوە. ئەم ئاشوورییە سەرگەردانە بە هیچ کەسێک نادرێت ئەگەر ئاشووری بێ، یان شاعیر بێ، یان عێراقی بێ، یان سەرگەردان بێ، نادرێت بەهیچ کەسێک، تەنیا بەم دێرە نەبێت: "مەرگ لەگەڵ خۆیدا رادەکێشێت". یان راستتر ژیان لەدوای خۆیەوە رادەکێشێت.. (محەمەد بنیس) دەڵێ: سەرگۆن رۆژی لە شوێنێک بەسەر دەبرد و شەویش لە شوێنێکی تر، چونکە شوێنی راستەقینە بۆ ئەو قەسیدە بوو.. (فازڵ عەزاوی) دەڵێ: سەرگۆن لەو یەکەم ساتەوە کە ناسیم وەک شاعیرێکی راستەقینە ناسیم، لە ساڵی ١٩٥٨ لە چایخانەیەک لە گەڕەکی (قۆریە) لە کەرکووک، هێشتا قوتابی بووین، هەر لەوێ شیعرە سەرەتایەکانی خۆی نیشان دام کە نووسیبوونی. ئیدی زۆرجار پێکەوە دەبووین، لە چایخانەکانی کەرکووک، یان لە ژوورەکەی خۆی لە خانووی کەسوکارەکەی کە لە گەڕەکی (تەپە) بوو، لە پشتی باخچەی (ام الربیعین) بوو، نزیکی چایخانەکە بوو - ئەو چایخانەیە ئێستا شوێنەکەی تەلار و سوپەرمارکێتە -غ-. زۆرجار لەوێ بلیاردمان دەکرد، یان شەترەنج لە پاڵ گەمەی شیعردا، بە چەندین سەعات لەو ژوورە کە دەکەوتە دامێنی حەوشەکەوە دادەنیشتین و، دەمانخوێندەوە و شیعرەکانی جیهانمان شی دەکردەوە، لەگەڵ خواردنەوەی چایدا کە دایکی پێشکێشی دەکردین. ئیدی دوای ئەوە کە چووم بۆ زانکۆ بۆ بەغدا، هەر کاتێ سەرگۆن بهاتبایە بۆ بەغدا دەچوو بۆ ماڵی خزمانی لە گەڕەکی (دۆرە) و، زۆربەی کاتیشی لەگەڵ مندا بەسەر دەبرد و، ئەم چایخانە و ئەو چایخانەمان دەکرد و لەم شەقام بۆ ئەو شەقام. لەوانەیە سەرگۆن تاکەکەس بووبێت کە نەمدەتوانی جگە لە شیعر باسی هیچی

تری لەگەڵ بکەم. دوای چل ساڵ کە لە (سەنعا ) لە یەمەن بۆ میهرەجانی شیعر دەعوەت کرابووین، سەرگۆن پێی وتم "دەبینیت؟ وەختی خۆی کە لە چایخانەی (ئەتلەس) لە کەرکووک دانیشتبووین ئەم چایخانەیەش ئێستا بەدەردی چایخانەی قۆریە چووە -غ-، بیرمان لەوەش نەکردەوە کە شیعر تەنانەت بمانگەیەنێتە (سەنعا)ش، بەڵام ئەوەتا کردی، لەمەدا بە سیحر ناچێت ؟!"

سەرگۆن پۆڵس، کاتێ هەواڵی دەدەنێ کە سینەما (سندباد)یان رووخاندووە لە بەغدا، لە کۆتاییی حەفتاکانی سەدەی رابردوو رووخانیان و جێگەکەی بووبووە مەزادخانە، دیارە سەرگۆن ئەو سەردەمەی لەگەڵ -اصدقاء السوء- لە عێراق بوون، دەچوونە ئەو سینەمایە، دەیان فلیمی وەکو: قەمووری نۆتردام و سپارتاکۆس و شەمشون و دەلیلەیان بینیوە، شیوەنێکی بۆ دەنووسێ:

ئەوان سینەما سندبادیان ڕووخان!
ئای چ زیانێکە،
ئیدی لەمەودوا کێ دەچێتە دەریاوە و، کێ
چاوی بە پیرەمێردی دەریا دەکەوێت؟

بەڵام دیارە کەس نەبوو کە هەواڵ بداتە سەرگۆن و بڵێت، چایخانەکانی (قۆریە) و (ئەتلەس) و (شاترلو) و (ئەحمەد ئاغا) و قەڵای شارەکەتیان رووخان، دەبوو چ چامەگەلێکی بۆیان بنووسیبایە و چ شیوەنێکی کردبایە؟! بە تایبەتی قەڵای کەرکووک و، ئێستاش کەس نییە لە خوارەوەی ببێتە بەردێک.

"قەلعەنن دیبندە، بیر داش ئۆلایدم.
گێلەنە گیدانە یولداش ئۆلایدم"..
واتا لەژێر قەڵا بەردێک بوومایە و،. بووبوومایە بەهاوڕێی هاموشۆکەران..

سەرگۆن وەکو فازڵ دەڵێ حەزی بە ئیش و فەرمان بەڕێوەبردن نەبووە، هەموو ژیانی خۆی بۆ شیعر تەرخان کردبوو. گوایە بە ڕای ئەو شیعر و ئیشکردن ڕێک ناکەون، بۆ ئەوەی ببیتە شاعیر دەبێ ژیانت هەمووی ببەخشیتە شیعر. سەرگۆن لەو ماوە درێژەی کە لە سان فرانسیسکۆ بەسەری برد هەستی بە تەنیایی دەکرد و، هەمیشە هەوڵی دەدا لە بەندینخانە ئەمەریکییەکەی هەڵبێت و خۆی بگەیەنێتە هاوڕێکانی. (کازم جیهاد) دەڵێ:

شیعری عەرەبی لەگەڵ سەرگۆن حاڵەتێکی بە خۆیەوە بینی کە لەمەوبەر بەخۆیەوە نەیبینیبوو، مەگەر بە دەگمەن. ئەویش حاڵەتی ئەو شاعیرەی ژیان و ڕەگی بیر و سەرجەم هێزی مرۆڤایەتیی خۆی تەرخان کردبوو بە تەنیا بۆ شیعر... (ئەسکەندەر حەبەش) دەڵێ: سەرگۆن یەکێکە لەوانەی کە دەیانخوێنیتەوە و بەدرێژاییی ژیانت لەگەڵت دا دەمێننەوە.. (خالد المعالي) دەڵێ: سەرگۆن شاعیرێک بوو بێ پارەیی و خۆشەویستی شێتی کرد.. (ماجید سامەڕائی) دەڵێ: قەسیدەی دەنووسی و بیری ناکردەوە چی دەخوات، یان چۆن دەژی و، شەو لە کوێ دەخەوێت و، کاتێ لە خوێندنەوەی کارێکی شیعری شاعیرێک نوقم دەبوو، هی شاعیرێک جگە خۆی، خۆی لە چێژێکدا دەبینی بێ سنوور، خوێندنەوە و نووسین لە لای ئەو کاری داهێنان بوون و خودی داهێنەرانەی خۆی تیا دەدۆزیەوە، لەمەشدا خودی داهێنەرانەی خۆی بەدی دەهێنا.. "جان دەمۆ" لە چاوپێکەوتنێکدا بەر لە مردنی دەڵێ: "من هەڵە بووم لەبارەی سەرگۆن وام دەزانی شاعیر نییە، بەڵام بۆم دەرکەوت شاعیرێکی سەرسووڕهێنەرە"... ئەنجام سەرگۆن پۆڵس چووە نێو ئەو لاکێشە تاریکەی عەدەمەوە، کە پێی دەڵێین مەرگ و خۆی دەیوت ئەوە تاکە حەقیقەتێکی ڕەقی بوونە.. (فالح عبدالجبار) دەڵێ: سەرگۆن پۆڵس لە شاری کەرکووکی نەوت گەورە بوو، لە خێزانێکی ئاشووری مەسیحی، خێزانێکی تەواو هەژار، لە شارێکی ڕاوەستاو لەسەر دەریایەکی نەوت، سەرگۆن لە شارێکی تێکەڵەی ئەتنی و کولتوور گەشەی کرد: کورد و تورکمان و ئاشووری و عەرەب و ئینگلیز، بەڵێ ئینگلیز خاوەن و فەرمانبەرانی کۆمپانیای نەوت. کۆمپانیای نەوت بەبێ مەبەست خزمەتێکی چاکی سەرگۆنی کرد، چونکە گەورەترین دامەزراوی وەرگێڕان بوو، بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی، ئەوە بوو کۆواری (العاملون في النفط)ی دەرکرد و جەبرا ئیبراهیم جەبرا سەرنووسیاری بوو. سەرجەم گرووپی کەرکووک لەو ڕێگەیەوە فێری زمانی ئینگلیزی بوون. دوای کودەتاکەی ١٩٦٣ گرووپەکە کەرکووکیان بەجێ هێشت و دابارینە سەر بەغدا و، ئاسۆی فراوانتریان لە بەردەم کرایەوە.. جیهانی یەکەمی سەرگۆن کۆزمۆپۆڵیتی بوو، وەکو هەر ڕووناکبیرێک، پاڵەوانەکانی دۆیستۆیڤیسکی و فرۆید و بەلزاک و فۆکنەر و سارتەر و کامۆ و عەزرا پاوەند و کاڤافیس و ئیلیەت و ڕامبۆ و بۆدلێر بوو.. سەرگۆن ئەم لە هیچ جێگەیەک دانەمەزراوە، لە کۆچێکی بەردەوام بوو، لە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو و لە تێپەڕکردنی داهێنانی پەخشانی و شیعری خۆیدا بوو، ئەوی نیشتەجێ لە (شاری لە کوێ؟) و خۆراکی قووتی زەوی بوو. سەرگۆن بە ڕووتی لە بەهەشتی لەبیرچوونەوە دەرکرابوو، بۆ بەهەشتی وشە، ئەو شوێنەی کە سەگەکان

بەوەرزییەوە، بەچڕنووکە مرۆڤایەتییەکانیان گەمە لەگەڵ خۆردا دەکەن. تەنانەت تۆزێک مەدحی سەگیش دەکات. بەو دەستە دەینووسی کە وازی لێ هێنابوو، دەڕۆیشت و دەستی خستبووە پشتی، وەکو تەزبیح گەمەی بەکۆتەکانی دەکرد. لە لای ئەو ڕۆژ نەیدەکردە یەک نانی بەغدایی و، بەداخەوە جوانترین ژنیش لە جیهاندا دەیکردە گریان. گۆشەگیریی ئیغتیساب کردبوو، وەک بڵێی پاکیزەیەکی سەرگەردانە لە شارێکی بۆردمانکراو، دەرگاکانی بە سەر دۆڵەکاندا شۆڕ بوونەتەوە.. ئەمانەی دوایی قسەی سەرگۆن خۆیەتی. سەرگۆن لە غوربەتا بێ ژن و ماڵ و بێ کوڕ و مەئوا سەری نایەوە.. سەرگۆن لە چاوپێکەوتنێک لەگەڵ کۆواری (پرانسیسۆ)ی ئەمەریکیدا لە ٢٠٠٦ دەڵێ: "لە سایتێکی ئەنترنێت ناوی خۆم لە تەک نووسەرانی کورددا بینی، دیارە بۆ مەسەلەی سیاسییە ناوم بەکار دەهێنن، چونکە شیعرێکم کرابوو بەکوردی، بەناونیشانی "لەسێدارەدانی داڵێک"، لەگەڵ مۆتیڤی کوردێک تفەنگی بەدەستەوەیە و ڕووی لە ئاسمان کردووە".

ئەم بەرهەمانەی لەپاش بەجێ ماوە:

١- گەیشتن بە شاری کوێ ١٩٨٥

٢- ژیان نزیک ئەکرۆپۆڵ ١٩٨٨

٣- یەکەم و دوایی ١٩٩٢

٤- چرا بەدەست لە شەوی گورگان ١٩٩٦

٥- ئەگەر لە گەمییەکەی نوح نووستبووی ١٩٩٨

٦- سەربووردی کەسایەتی بە ناونیشانی ( شایەتەکانی سەر ڕۆخ)

٧- ڕەقیمەکان بۆ ڕۆحی گەردوون. هەڵبژاردەیەکە لە شیعرەکانی بە زمانی ئەڵمانی.

٨- بە ئینگلیزی دیوانێکی دەرچووە لەلایەن کۆواری (پانیپاڵ)ەوە، بە ناونیشانی (چەقۆ تیژکەر) ئەدۆنیس پێشەکیی بۆ نووسیوە.

٩- دوای مردنیشی دیوانی (ئێسقانێکی دیکە بۆ سەگی خێڵ) لە خانەی (الجمل ) دەرچووە...

لێکۆڵینەوە

حەکیم مەلا ساڵح

# با مافێک بدەین بە
# میرزا شەفیعی کولیایی

## وتەیەک

ئەگەر بە پلەکانەی مێژووی شیعردا هەڵزنێین، ئەوا پتر لە دوو سەدە بەر لە ئێستە دەگەین بەناوی شاعیرێک کە ناسراوە بە (میرزا شەفیعی کولیایی) و هاورێ و خۆشەویستی (خانای قوبادی) و (ئەڵماس خانی کەنوولەیی) بوو، کە ئەم سێ شاعیرە جگە لە قەسیدە و غەزەلیات و چوارینە، رۆمانە شیعریشیان پێک هێناوە و لە ئەدەبیاتی بە زاری گۆران نووسراودا دەبنە سێکوچکەیەکی سەرباشقە و خزمەتی گەورەیان بە شیعری گەلەکەمان کردووە. سەبارەت بە ژیاننامەی ئەم شاعیرەمان، وەک بەڵگەی ئەدەبی هەندێ بیرورا و بۆچوونی چاپکراومان لە بەردەستدایە، وا لێرەدا بۆ رێزلێنانی ئەو زاتانە یادیان دەکەینەوە و بۆچوونیان دەخەینەوە روو.

یەکەم: خوایار سەید تاهیری هاشمی لە کەشکۆڵەکەیدا باسی لێوە کردووە و بە هاودەورەی خوسرەو خانی یەکەمی ئەردەلانی داوەتە قەڵەم. ساڵی (١٢١٠)ی کۆچی بۆ لە دنیا دەرچوونی دیاری کردووە.

دووەم: خوایار بابا مەردۆخ روحانی لە بەرگی یەکەمی (مشاهیر کرد)دا وای دیاری کردووە کە لە گوندی (رەزڵە)ی ناوچەی کولیایی لەدایک بووە. بۆ ساڵی مردنیشی (١٢٠٦)ی داناوە.

سێیەم: کاک سدیق بۆرەکەیی لە بەرگی یەکەمی (مێژووی وێژەی کورد)دا ساڵی لەدایکبوون و مەرگی بە (١١٦٩- ١٢٣٨) دیاری کردووە لە گوندی (مامێزەک).

چوارەم: خوایار محەمەد بەهائەدین ساحیب لە کتێبی (پیر شالیاری زەردەشتی)دا، ساڵی هاتنە دنیا و ڕۆشتنی بە (١٧٨٥- ١٨٥٣) دیاری کردووە.

پێنجەم: کاک محەمەد عەلی قەرەداغی لە بەرگی دووەم و سێیەمی (کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی)دا شەش پارچە شیعری بڵاو کردووەتەوە، بەڵام مێژووی لەدایکبوون و مەرگی دیاری نەکردووە.

شەشەم: کاک محەمەد عەلی سوڵتانی لە هەردوو کتێبی (مناجاتهای جاودانە ادب کردی) و (حدیقە سلطانی)دا یادی ئەم شاعیرەی کردووەتەوە و بەشی خۆی زۆرترین شیعری خستووەتە ڕوو.

هەردوو ساڵی (١١٦٨- ١٢٠٦)ی بۆ لەدایکبوون و کۆچی داناوە. لەسەر شوێنی لەدایکبوونی نووسیویە (لە گوندی مامیزەک یا ڕەزڵە).

میرزا شەفیع لە پاڵ قەسیدە و غەزەلەکانیدا سێ ڕۆمانە شیعریشی بەم ناوانە لێ بەجێ ماوە (نەوفلنامە، درەختنامە، شەماڵ و زەلان) ئەڵماس خانی کەنووڵەش ئەم ڕۆمانە شیعرییانەی هەیە (نادرنامە، کەنیزەک و یازدە ڕەزم، خورشید و خاوەر)، خانای قوبادیش (خوسرەو و شیرین، شیرین و فەرهاد، یوسف و زلێخا، لەیل و مەجنوون، ئەسکەندەرنامە). مەبەست ئەوەیە لەو قۆناخەی شیعرماندا، ئەم سێ شاعیرە بە ڕۆمانە شیعر ئەدەبی کوردییان دەوڵەمەند کردووە و دەبێ دەست بەکار بین بۆ بووژاندنەوەی بەرهەمەکانیان.

***

ئەوەندەی سالانی (٨٨- ٩٧) کە لە شاری سنە گیرسامەوە، یەکێک لە خەمەکانم ئەوە بوو کە بەرهەمی ئەم سێ کەڵەشاعیرە ببووژێنمەوە. هەندێ کارم لەسەر کردن، ئەویش بەپێی ئەو بەیاز و کەشکۆڵانەی کە ژمارەیان (٤٢) دانەیە بەدەستم هێنان، یەکێکیان کۆکردنەوەی بەرهەمەکانی ئەم شاعیرە بوو - کە جێگەی باسی ئێستەمانە - و لێرەدا باسێک لەسەر قەسیدە و غەزەلەکانی دەکەم کە ئامادەم کردووە بۆ چاپ و چاوەڕوانی هیمەتێکی دڵسۆزانەی شوێنێک دەکەم کە چاپی بکات. دیوانی ئەم شاعیرە دوای پاکژکردن و جیاکردنەوەی لە (میرزا شەفیعی جامەڕێزی و میرزا شەفیعی پاوەیی) لە (٧٣) پارچە قەسیدە و غەزەل پێک هاتووە کە سەرجەمیان دەبنە (١٨٢٢) بەیت. (٥٩)

پارچەیان قـەسیدەن و ئەوانەی تر غەزەل یا کـورتە شیعرن. درێژترین قەسیدەی (١٩٨) بەیتە بەناونیشانی (ئەڵڵا لامەکان) کە بە تەواوی توانا و زاڵبوونی شاعیرمان دەخەنە دەست کە چۆن توانیویەتی لە مەیدانی شیعردا سەرکەوتووانە خۆی بنوێنێ.

***

ناوەڕۆکی شیعرەکانی ئەم شاعیرەمان زۆربەیان (موناجات و خواناسیانەن، ئەوانی تری نامە و نامەکاری، گلەیی، دڵداری)ن. وەک نموونەی شیعری دڵداری ئەم پارچەیەی پێش چاو دەخەین کە زۆر لەوە دەچێ کاری کردبێتە سەر (وەلی دێوانە) و شیعرەکانی بۆ شەم.

شـــای چەم ســـیـــاوان، شـــای چەم ســـیـــاوان
ئەرێ هەی بێ مـــەیل، شـــای چەم ســـیـــاوان

ئـــەرێ هـــەی لـــەیـــلـــی نـــازداری بـــاوان
مـــەگـــەر کـــەم شـــەرتیت وەخـــاتر یاوان؟

یاخـــۆ خـــاترت جـــەمن ڕەنجـــیـــدەن
نەشـــەی مـــەی نەخـــاو، نەڕۆ بەدیدەن

یام فـــیکر و خـــەیاڵ بێ یارییت کـــەردەن؟
یام تازە تەوبەی دڵدارییت کـــــەردەن؟

یام خـــۆ جـــەباوان کـــۆســـێـــوت کـــەفـــتـــەن؟
یام خـــۆ بێ مـــەیلیی، تاڵەی من چەفـــتـــەن؟

پەی چێش تاڵەی من جـــەلات نەنیـــشـــتـــەن؟
مـــەر من هوونینم با بۆی تۆم کـــوشـــتـــەن؟

یام هەر جـــەلای تۆ تاڵەم ســـیـــاوەن؟
یام من بەدبەخـــتـــم، بەدبەخـــتـــم ناوەن؟

ســـەوگـــەندت مـــەدوون من بەخـــوداوەند
پەی چێش دای وەبا، هەم شەرت هەم پەیوەند؟

پەی چێش مەیلی من جەلات کەم بیەن؟
مەر عیشقی جاران جەیادت شیەن؟

فیکرت نەمەندەن شەرتی یارییمان؟
کۆشی شەرت و بەین قەسەم خوارییمان؟

مەیلت دا وەکێ منت شی جەویر؟
دەک ڕوو سیا بای چون کڵافەی قیر

عەبەس مەکەری جەمن مەویەری
پەی تۆ خاس نیەن، هومەیلای پەری

مەبی وەتانەی بە دانی بەدگۆ
هیچ کەسێ وەتۆ خاس نمە واچۆ

(شەفیع) بە ئیخلاس هەر غولامی تۆن
کەم شەرتیی وەسەن، بێ شەرت و بێ شۆن.

واتە «شاژنی چاوڕەشەکان... پێت دەڵێم هەی بێ مەیل، ئەرێ ئەی لەیلا نازدارەکەی ماڵە باوان، مەگەر بێ بەڵێنیت هاتووە بەبیردا؟ یاخۆ دڵت لە من ڕەنجاوە کە نە شەوانە دێیتە خەوم و نە ڕۆژانەش دێیتە بەرچاوم. یاخۆ بیر و خەیاڵت چووە بەلای ئەوەدا کە ئیتر کەس یارت نەبێ؟ یا تازە لە دڵداری پەشیمان بوویتەوە؟ یاخۆ کەسێکت لێ مردووە؟ یاخۆ مەیلت نەماوە و بەختی من چەوتە؟ بۆچی بەختی من لە لات نەمایەوە؟ مەگەر من خوێنڕێژم و باوکی تۆم کوشتووە؟ یاخۆ هەر لە لای تۆ بەختم ڕەشە، یا هەر من بۆ خۆم بەدبەختم و ناوم بەدبەختە؟ سوێندت دەدەم بەخوا، بۆچی هەم پەیمان و هەم پێوەندیت دا بە با؟، بۆچی مەیلی منت لە لا کەم بووەتەوە؟ مەگەر دڵدارییەکەی جارانت لە بیر چووەتەوە؟ بیرت نەماوە پەیمانی خۆشەویستیمان بەست؟ بۆ کوێ چوو ئەو پەیمان و بەڵێن و سوێند خواردنەمان – کە تا ماوین بۆ یەک بین–؟ مەیلت بەکێ داوە وا منت بیر چوویەوە؟ ئەی وەکو تۆپەڵەی قیر ڕووت ڕەش بێ. کاری بێهوودە دەکەی کە واز لە من دێنی، چونکە ئەوە بۆ تۆ باش نییە ئەی هومەیلای شاجوانی پەری. دەبی بە جێگەی تانە و تەشەری خەڵکی بەدگۆ، هیچ کەسێک پێت ناڵێ باش یا ئافەرین. شەفیع بەوپەڕی دڵسۆزییەوە هەر غولامی تۆیە و ئیتر بێ

بەڵێنی بەسە، ئەی هەزار جار بێ بەڵێن.

***

ئەم چرکــە دەروونیــیــەشی کــە لەم کــورتە شــیــعــرەدا دەری دەبڕێ، زۆر لـە چرکــە دەروونییـەکانی بێسارانی دەچێت، واتە لێکچوونەکەی نێوانیان بە چەشنێکە کە شیعرەکە لە دیوانی هەر کامێکیاندا رست بکرێ، خوێنەر هەستی پێ ناکات. دەڵێ:

قــیــبلـەم هامــەردم.. قــیــبلـەم هامــەردم
قـــیــبلـەم جــە دووریيت بیلـلا هامـــەردم

هەر شـــەو تاوەســـوب هـامــڕازی دەردم
هەی داد، هەی بیداد، هەی هاوار مەردم

هیــجــرانت بـەو تەور کــارکــەردەن وەنەم
هەر ســاعــەت مـــەرگێ مــەنمانۆ پـەنەم

مـــەگـــەر خـــوداوەند بکە رۆ کـــارێ
شـــاد ببــوون بە دین ئەو دڵبــەر، جــارێ

وەر نـەمـن پـەی تـۆ، دووری دەور وەتـەن
گــیــانی شــیــرینم بـا بەرشــۆ جــەتەن.

واتە:

«قیبلەکەم ئەها وا مردم. بەخوا لە دووریت ئەها وا مردم. هەموو شەوێ تا بەیانی هاوڕازی دەرد و ئازارم، هەی داد و بێداد هەی هاوار مردم. دووریت بەجۆرێ کاری لێ کردووم، هەموو ساتێ مەرگێکم پێ دەنوێنێ. مەگەر خوا بۆ خۆی کارێ بکات، من جارێ شاد ببم بەدیداری ئەو خۆشەویستە. ئەگینا من بۆ تۆ - ئەی ئەو کەسەی کە دووریت لە سنووری نیشتمان، ئەوا با من گیانم دەرچێت و لاشەم جێ بێڵێ.

***

**«نامەی شیعری»**

لەم گۆشـەیەدا نامـەیەکی بە شـیـعـر نووسـراوی ئەڵمـاس خانی کـەنووڵەیـی دەبووژێنینەوە و لەگەڵیشیدا وەڵامنامە شیعرییەکەی میرزا شەفیع تۆمار دەکەین، ئەمەش بۆ دەرخستنی توانای هەردووکیان لەو مەیدانەدا و هەروەها ببنە نموونەی نامەی شیعری هەروەکو هی تریشمان هەیە لە لایەن شاعیرانی ترەوە.

(شـەفیـع) دنیای دوون، (شـەفیـع) دنیای دوون
وەس شـــۆ نـە فـــیکر دەوری دنیـــای دوون

فـــیکر و خـــەیاڵ کـــەر نام ئاوەران، کـــۆ؟
بەردی بنچـــینەی پێــغـــەمـــبـــەران، کـــۆ؟

حـــەزرەتی مـــووســـا کـــەلیـــمـــوڵڵا، کـــۆ؟
هامـــڕازی گـــوفـــتـــار تای بێ هەمـــتـــا، کـــۆ؟

غـــەریبی غـــوربەت شـــای خـــۆراســـان، کـــۆ؟
ئـەولادی رەســـوول حـــەق شناســـان، کـــۆ؟

ئەمـــیـــری سەفـــدەر سـاقـــیی کـەوسـەر، کـۆ؟
حـــەســـەن و حـــســـەین ئـیـبنی حـەیدەر، کـۆ؟

جـــــەلالی (داوود) وە کـــــووره و دەم، کــــۆ؟
حـــەلقـــەی زەڕین باف تەنگی مـــەحکەم، کـــۆ؟

حـــەزرەت ســـولەیمـان ســاحـــێب نگـین، کـۆ؟
چەنـد مـــوجـتـــەهـیـــدان ســـتـوونی دین، کـۆ؟

فـــەرەیدوونی فـــەڕ فـــەڕووخ نەژاد، کـــۆ؟
فـــەڕی کـــەیکاوس، هـەم کـــەیقـــوباد، کـــۆ؟

کـــەیکاوس وە جـــەنگ جـــادووگـــەران، کـــۆ؟
داوای دێوســـــفـــیـــد مـــــازیندەران، کـــۆ؟

قـــەهـری قـــەهرەمـــان ڕۆژی دەعـــوا، كـــۆ؟
پـەڕ داڵـی پـەیكان ســـــەمـــا پەیما، كـــــۆ؟

فـــەڕی فـــەریبـــورز هەفت ئیـقلیم گـیـر، كـۆ؟
بـرزوو، فـــەرامـــەرز، یا زاڵـی پیـــر، كـــۆ؟

گـیـوی هـونەرمـــەند سـاحـێب سـوپا، كـۆ؟
بـە ڕووتیـی بیـــژەن گـــیـــرۆدەی چا، كـــۆ؟

نـەریمـانـی دەور ئـەولادی ســـــام، كـــــۆ؟
مـەردیی مـەنووچەر مـەشـهووری عـام، كـۆ؟

باڵ و بازوو خـــاس فـــەرهادی چین، كـــۆ؟
كەیخـوسـرەو كۆشی؟ شـۆخیی شـیرین، كۆ؟

بەهـرام بەو كـەمـــەند گـۆڕ گـیـروفـەڕ، كـۆ؟
شـــاهـی ئیـــبـــراهیم بەو زیب و زەڕ، كـــۆ؟

شـای تەیمووری لەنگ سـاحێب ئەسـاس، كۆ؟
تیـــغی ژار ئـالووی پەرێ قـیـســـاس، كـۆ؟

تیـغ و گـورز و ڕەخش ڕۆسـتـەمی زاڵ، كـۆ؟
هـەوای بـەڕەوتـی داڵـی بـن داڵ، كـــــــۆ؟

شـــاهیی شـــا عـەبـاس فـەراسـەتدار، كـۆ؟
زەلیلیـی زووحـــاک هـەناســـە مـــار، كـــۆ؟

نـادیرەی دەوران شـــێـــری ئێـــران، كـــۆ؟
دەنـگ دا وە داو داو دلێـــــــران، كـــــــۆ؟

شین و زارییش بـی یەعـــقـووب پـەی یۆســـۆ
وەشـین و زاری چـی ئـاوەرد وە كـــــــــۆ؟

گـــەردەنش نـەڕای غـــەزوەیی دین، كـــۆ؟
ســاحـێب تیـمـتـیـراق خـاقـانی چین، كـۆ؟

گـەورەکـانی هـیند سـاحـێـبی بەست، کـۆ؟
پەهلـەوان حسـەین بەوری سـەرمـەست، کـۆ؟

دنیـــا نەمـــەندەن پەی پێـــغـــەمـــبـــەران
ئێـــمـــەیش مـــوەران ئی بێ خـــەبەران

هـەی داد هـەی بیـــداد هـەرچی بی و یەرد
نـەگـــردکــــارانێ، بێـــدەمــــاخ و دەرد

وەڵام:

شەکەرباری تۆ...
مـــیـــرزام نـامـــەی نـەزم شـــەکـــەرباری تـۆ

تۆمـــاری بـۆ مـــیـــشک زەڕنیگاری تـۆ
ڕەقـــەم زەدەی کلک سـیـحـر ئـاسـاری تۆ

لـەوح عـــەتر ئامـــێـــز گـــەوهـەر پاشی تـۆ
ڕیشـــەی بەندی جـــەرگ دڵ خـــەراشی تـۆ

ســـادر بی یە کـــرۆ نـەســـەر ئێـــوارێ
نەدەسـتی قـاسـید شـیـرین گـوفـتـارێ

چونکە خـۆش خـەتیی خـەتی تۆ پێش بی
قـــەڵای خـــاتری خـــەمـــینم تێش بی

سێ جار بۆ سام و سێ جار سوجدەم بەرد
سـەد جـار شـوکـری زات حـەق تەعـالام کـەرد

رائیحـەی عـەتری خـامـەی مـیشک ئامـێـز
سـاکن بی، سـرەفت دڵ جـەڕەسـتـا خـێـز

ئیـحـیـا کـەرد جـەسـەد ڕەمـەق لێ بڕیام
گـوشـــاد بی، خـــاترشـــادم کـــەرد تەمـــام

فــەســڵی شــەکــاوام دییـــام پێـــشـــدا
شـــەرحی شکایات تۆ دیم نە تێـــشـــدا

بینـاییم پۆشـــا پــەردەی شـــەوەزەنگ
گێڵیام جە هەفت رەنگ، بەڵکو جە سەد ڕەنگ

شـیم وەگـێـجی بەحـر گـەردابی خـەم دا
باری کـۆی خـەمـان قـامـەتم چەمـدا

ســـوپـای خـــەمـــانم هـۆر ئاوەردەوە
تـەنتـــەنـەی شـــادیم بـەتـاڵ کـــەردەوە

زووخـی زامـــەتان تکیـــا نـەڕووی بـەرگ
شـیم وەســەرای سـەخت سـەکـەراتی مـەرگ

خـــــەیاڵ چـەرخنـام وەلای چەمـــــەردا
غــولغــولـەی هجــوم هیــجــرانم ســەردا

دەردم یەکێ بی جـــەی وەرتـەر حـــاڵا
دەردی تـۆ چون تـاف وەڕووی مـن مــــاڵا

ئـیـــســـە دوو دەردم داخـــینـەن وەهـەم
هـەریەک جــە بـەحـــر قــوڵزوم نیــەن کــەم

ئـی دەریا و بەحـــر بەهـەم جــۆش وەردەن
جــە هـەیبــەتشــان کـۆوان کــەم کـەردەن

قـــەرەنەی قـــەرابان پڕ جـــە ئاهی ســـەرد
دەورمـــدۆم وەجـــە مـــەوجی دەریای دەرد

دڵ غـــەرقی ســێـڵاو پادشـــای غـــەمـــەن
هـەزار ســیـاســەت نە بـەحـرش جــەمـــەن

گـــشـت مـــوبتـــەلای دەرد نـە رۆزگـــاران
شـەو عـبـوور قـاسـید قـافـڵـەکـەی شـاران

ئێـــمـــه و تۆ مـــیــــرزام دەردینی دەردین
هـەروەک هام نشـین هـەناســـەی ســـەردین

هـەروەک زامـمـان زام خـــــــــەتـەرانـەن
ڕۆ بـەڕۆ نـاســــــــۆر بـەد بـەد تـەرانـەن

لـەیلمـــــان لـەیلـەن، زمـــــان هـەم لـەیلـەن
شـیـشـەی زیهنمـان جـە زووخـاو کـەیلەن

مـوهـرەی نەخـشـمـان گـشت پەراگـەندەن
بـازووی فـــەردمـــان مـــعـــەوەق مـــەندەن

هـەر مــاچی ئی دەور نیـــشـــانەی دوونـەن
ئی زادەی نـەیرەنگ هـەزار ئـەفـــســـوونـەن

ئیسـمش جـەتەنـخوای هەشت یەکی مـەندەن
ئـەوەند مـــاجــــەراش پـەرێمـــان تـەندەن

دەرد یەک و، خەم دوو، زام سێ، مـەینەت چوار
ئاخ پێنج و، ئاه شـەش، خـەیاڵ سـەد هـەزار

هـەر یـەکێ لادێ نـەدۆشـــــمـــــان بـۆ
هـەنی چەنی فـــام چۆن هـۆشـــمـــان بۆ؟

وامــەندەی نیم سـووز سـفـتـــەی زووخـــاڵم
وەگـــازی مـــیـــقـــراز، وەســـیـــا خـــاڵم

بـاڕەحـــــمی دڵ بۆ خـــــاتر مـــــەلاڵیم
وە تەمــای کـــەرەم شـــای نـەجـــەف خـــاڵیم

یا شـا ئینتـیـهـای هەرمــانمان خـاس بۆ
(شـەفیع) سـەرئەفراز سـایەی (ئەڵمـاس) بۆ

***

بابا مەردۆخی روحانی لە لاپەڕە (٢٥٨)ی بەرگی یەکەمی (مشاهیر کرد)دا نووسیویە کە «ڕۆژێک میرزا شەفیع بە مەبەستی دیدەنی ئەڵماس خان لە (ڕەزڵە)وە دەکەوێتە ڕێ بەرەو (کەنووڵە)، بەڵام بەر لەوەی بگاتە ناو دێ هەواڵی مردنی ئەڵماس خان دەبیستێ و لە باتیی ئەوەی بەدیداری شاد ببێ لە گۆڕستان تەرمەکەی دەبینێ، کە بۆی دەبێتە مایەی خەمێکی گەورە. پارچە شیعری (میرزام خامۆشان)ی لە شیوەنی ئەودا نووسیوە»

ئەمەش دەقی شیعرەکەیە:

میرزام خامۆشان، میرزام خامۆشان
موبارەکت بۆ ماوای خامۆشان

رەفیقی مەجلیس جەرگەی مەی نۆشان
نۆشت بۆ بادەی بێ نۆشت نۆشان

خاتر مەکەر تەنگ جەی کەراماتە
جەی سەختیی سەفەر راگەی نەهاتە

ئیمەیچ ئی سەفەر نەڕاگەمانە
یە میمانخانەن، قەور جاگەمانە

زەبانت جە وەقت پەرسای خەیر و شەڕ
قادر وەقەترەی ڕەحمەت کەرۆ تەڕ

سەردیی سەرای سەنگ لێت وەبار نەبۆ
رۆحت جەمۆئینس شەرمەزار نەبۆ

هانام بە ئیعجاز دینی خاسان بۆ
سزای گۆڕ ئەفشار وەنەت ئاسان بۆ

بینای بێ زەوال شای پشتی پەردە
ببەخشۆ گونای کەردەی و یەردە

بەڵام یەک دەردێ مکەرۆم کاری
تووڵی دەست نیشان جەوێت نەداری

نەمـــامێ نەسل وەســـڵی وێت نیـــەن
قــومــاشـێ نە بەرگ فــەسـڵی وێت نیــەن

نە جــاگـــەت نیـــشـــۆ نە باڵاخـــانت
کـــەرۆ تـەوازوع ئـەهـلـی مـــیـــمــــانت

هەر پەی ئێـد خـاســەن وە خـاکی نەی بۆ
شــەمـــاڵ تێش نیــشــۆ زەمـــر نەپەی بۆ

بــەرقـێ نـە بــەهــار بــوارۆ پــێــــــــــــــدا
کـــەس جـــەدمـــای تۆ نـەنیـــشـــۆ تێـــدا

جـــەدمــای مــیــرزای حــاتەمــیی شــێــوە
توڕڕەی تەمـــوورەی کـــەس نەوێ پێـــوە

یە (شـــەفــــیـع) واتەن دەروون پڕ لە دەرد
پەرێ (ئەڵماس خان) سەد ئاخ و سەد دەرد.

***

سەرچاوەکان

بۆ کۆکردنەوەی شیعرەکانی ئەم شاعیرەمان سوودم لەم کەشکۆڵ و بەیازانە وەرگرتووە.

١- بەیازێک لای میرزا محەمەدی سابیری - سنە.

٢- کەشکۆڵێک لای کاک سەید باقری هاشمی- کرماشان.

٣- بەیازێک لای کاک محەمەدی ڕۆستەمی - سنە.

٤- بەیازێک لای کاک تۆفیقی ئیبراهیمی - سنە.

٥- دوو بەیاز کە بەهۆی هونەرمەند (ئەسعەدی ڕەزاز)یەوە دەستم کەوتن- سنە.

٦- کەشکۆڵێک کە بەهۆی کاک (هەژیر کاکەیی)یەوە دەستم کەوت - کرماشان.

٧- بەیازێک لای مامۆستا ئەهوەن - سنە.

٨- سێ بەیازی تر کە ناو بەناو شیعری ئەم میرزایەیان تێدایە - ژاوەرۆی هەورامان.

لێکۆڵینەوە

هیمداد شاهین

# عیرفانییانە ڕوانینێک بۆ ترس، عیشق، مەرگ

ترس چییە؟ ئینسان بۆ ساتێکی هەبێت بۆ ترسان؟ هەڵبەت ترس چرکەساتێکە کە تێیدا مرۆڤ هەست بە لەدەستدانی خۆی بە جورئەت و گەورەیی و ڕۆحی خۆی ئەکات، هەست بەوە دەکات کە ئەم دەریایەی ناوی ڕۆحە خەریکە دەبێت بە بیابانێکی گەرمی چۆڵ و هیچی تر، تا ترس زیاتر بێت لە دڵ و قووڵاییی دەروونی ئینساندا، ئەوا گوناه و خراپەکاری کەمتر دەکات بەرامبەر بە خۆی و خوا و خەڵک، هیچ کاتێکیش گوناه زاتی ئەوە ناکات بەلایەوە بچێت، بەڵام هەر کاتێک ترس لەماڵی دڵیدا کۆچی کرد و ڕۆیشت، ئیدی ئینسان ڕێگە ون دەکات و بۆ هەتاهەتایە بەلای خراپەکاری و توندوتیژی و ستەمکاریدا دەڕوات و دەبێتە کەسێکی بێ دەربەست و بێباک و سەرەڕۆیەکی ستەمکار، هەر وەکو وتمان ترس لە زانست و مەعریفەوە بەدەست دێت، سەرەتای گەیشتن بە مەعریفەی ڕاستەقینە نێزیکبوونەوەیە لە ترسێکی ڕاستەقینە، هەر وەکو چۆن سەرەتای نێزیکبوونەوە لە مەعریفەیەکی وەهمیی درۆیینە نێزیکبوونەوەیە لە ترسێکی وەهمیی درۆیینە، نموونەی ئەو کەسەی کە پاشایە و خاوەنی تاجی پاشایەتییە، هەر کاتێک خیانەتی لە خەزێنەی دەوڵەت کرد، ئەوا بزانە کە ئەو لە دۆخی ناهۆشیاریدایە و بۆیە هیچ کات ناترسێت کە خەزێنە دزین کارێکی خراپەکارانەیە، بەڵام ئەگەر پاشایەکی دادپەروەر و ڕاستگۆ و دەستپاک بوو، پێش هەموو شتێک هۆشیارە، چونکە هەست دەکات دزیکردن کارێکی بێ عەقڵانەیە و

مرۆڤ له ئیحساس دەکات، دواجار ئەگەر ئەو کاره بکات ئەوا هیچ کات مەنزیلەت و پله و پایەی له لای خوا و لەناو خەڵکیدا نامێنێت و دەبێت چاوەڕێی مەرگی خۆی بکات، ئیتر هێدی هێدی دەپووکێتەوه و لەناودەچێ، لەناو عاریفان و عیرفانیشدا، کاتێک عاریف سیفاتی خوای حەق تەعالا و جەلال و توانایی و گەورەییی ئەوی ناسی، که لەوه تێ گەیشت هەموو دنیا دژایەتیی خوا بکات هیچ له گەورەیی و مەزنیی خوا کەم ناکاتەوه، ئەوا له ترس نزیک دەبێتەوه، ترسێکی هەم هۆشپەسندانه و هەم ئیمانییانه، به قەولی ئیمام سادق ئینسان له نێوان دوو ترسدایه:

یەکەمیان: ترسێک که له گوناهەوه ئەنجام دێت که ئەنجامی داوه.

دووەمیان: ترسی گوناهێکه که لەو تەمەنەی ماویەتی و دەترسێت ئەو گوناهه به هیلاکەتی بەرێت.

چەندین جۆر ترسی تر هەن، لەوانه "خوف" خشیت"و رهبت و هیبت، خوف بۆ گوناهکاران.

خشیت یان "خشية" ئەمه بۆ عالیمەکان "زاناکانه" و زیاتر ترسێکه له گومانەوه دێت، واتا ئەو ترسەیه لەوەوه دێت که خوا لێیان خۆش نەبێت و هەردەم لەو ترسەدا دەژین و دەمێننەوه، بۆیه زیاتر هەوڵی ئەوه دەدەن که زانستێکی ڕاست و ڕەوان و بێ گرێ فێر بن و پێی بگەن..

رهبت، خۆبەخش یان مجێورەکان ئەم جۆره دەگەڕێتەوه بۆ عیبادەتکاران و خواپەرستان.

هیبت یان"سام" ئەمه زیاتر بۆ عاریفانه و له دڵ و دەروونی عاریفانەوەیه بۆ مەعشوق، ئەو هەیبەتەی مەعشوق و ئەو سام و شکۆیەی مەعشوق هەردەم دەیانجوولێنێت و خەبەرداریان دەکاتەوه.

بەرهەمی ئەم هەموو ترسانەیش برێتییه له برینداربوونێکی قووڵ له دڵ و دەروونی ئینسان و ئیدی ئەم ئینسانه چیی تر بەندەی دینار و درهەم یان ئارەزوو و ئاوات نییه، بگره ئیدی هەموو کات له خزوع و خشوعدایه و بەندەی مەعشوقه، بەندەی ئەو یارەیه که هەردەم لەمەوه نزیکه و بەڵام ئەم پێشتر لەو دوور بووه، دواتر ژیان بۆ خۆی دەبێته بێهودەیییەکی گەوره و تاریکییەکی گەوره، ئیدی ئەوەی هەیه بۆ ئەم تەنیا مەعشوقه، دنیا

دواجار هیچ نابێت بەلایەوە جگە لەو بیابانەی هەردەم وشکە، گەرمە، هیچ نابێت بەلایەوە جگە لەو شەوەی کە هەردەم تاریکە و بەبەردەوامی ئەنگوستەچاوە، بە قەولی مەولانا:

زندگی در مردن و در محنت آست

آب حیوان در درون ظلمت آست(١)

واتا: ژیان لەناو مردن و ڕەنج و میحنەتدایە، ئاوی حەیات لەنێو قووڵاییی تاریکیدایە.

ئەم ترسە وا دەکات مرۆڤ هەمووکات مردنێکی ئازادانە هەڵبژێرێت، هەروەها ئینسان ئەو کاتە ئەرزش و بەهایەکی هەیە کە توانای هەڵبژاردنی مردنێکی هەبێت بۆ خۆی، مەرگی ئیختیاری واتای چییە؟ مەرگی ئیختیاری، سەرپشکی بوون واتا ئەوەی کە مرۆڤ بڕیار بدات خۆی بۆ جیهانێکی ئەبەدیی تر هەڵبگرێت و دوور لەم جیهانە بێ مانا و کورتە، واتا جێهێشتنی دنیایەکی فانی "دار الفناء" و ڕۆیشتن بۆ "دار البقاء" عاریفان هەردەم پێیان وا بووە ژیانی هەمیشەیی لەناو مەرگدایە و، مەرگیش وەکو میوەیەکی شیرینە بۆ مرۆڤێک تێ بگات و هۆشیار بێت، جا بۆیە مەولانا پێی وایە دوای ئەوەی کە مرۆڤ دەگاتە پلەیەک لە ترس لە بەرامبەر خەڵک و دنیا" واتا ترس هەم بەرامبەر دنیا و هەم بەرامبەر بە خەڵک، لەوێوە ئیدی بڕوایەک دروست دەبێت، ئەویش بڕوا هەبوون بە دەرچوون لە دنیایەک کە فانییە، دنیایەک دواجار چەندە تێیدا بمێنینەوە هەر بەجێی دەهێڵین، قیامەتیش دواهەمین شوێنە، دواهەمین گەشتی ئەبەدیی مرۆڤە، بۆیە عاریفان بەبەردەوامی لە باسی ئەوێدان و لە شوێنی جیاواز جیاوازدا بە هەمیشەیی دەیڵێنەوە، تا ئەوەی عەللامە تەباتەبائی لە شوێنێکدا دەڵێت: لە قورئانی پیرۆزدا "زیاتر لە دوو هەزار ئایەت لەبارەی قیامەتەوە هەیە" ئەمەش هۆکارێک بووە بۆ ئەوەی عاریفان و بە تایبەت مەولانا زۆر جەخت لەسەر ئەم ساتەوەختەی مرۆڤ بکاتەوە و خەڵکی تر هۆشیار بکاتەوە لەبارەی مەزنیی ئەم شوێنە و مانا قووڵەکانی ئەم شوێنەوە کە هەندێک جار ناتوانرێت بخرێتە قاڵبی زمانیشەوە تا خوێندنەوەیەکی ڕاست و دروست و تەواوی بۆ بکرێت.

دەشێت ئێمە ڕۆژانە بەر چەندین باس بکەوین لەسەر قیامەت یان ساتەوەختی دوای دنیا و بەرزەخ، بەڵام هیچ کات ناتوانین بە زیندوویی بەر قیامەتی تەواو بکەوین، قیامەتی تەواو شتێک نییە ئێمە بتوانین بە زیندوویی بەری بکەوین، بە زیندوویی ببینین، تا نەمرین، یان باشتر بڵێم تا خۆمان بەشێک نەبین لەو قیامەتە ناتوانین تەفسیری تەواو بۆ ئەو چرکەساتە بکەین، هەروەکو مەولانا دەڵێت:

تا قیــامت گر بگــویم، بشـمـرم
من ز شـرح این قـیـامت قـاصـرم[٢]

مـەولانا پێی وایە ئەگەر تا قیامـەت باس و شـەرح و قسـە لەبارەی قیامـەتەوە بکات هەر کەمتـەرخـەمـە و ناتوانێت بە باشی باسی چۆنیـەتیی قیامـەت و گـەورەیی قیامـەت بکات، ئەگەر بەندە نووسینێکی غـەزالیش بێنێتـەوە ئـەوا باشـتر لەم دەسـتـەواژەیـە تێ دەگـەین و زیاتر مـاناکـانی روونتـر دەبێتـەوە، چونکە کێـشـە و ئـیـشکالیـەتێکی زۆر هـەیـە لەسـەر تەفسـیرکردنەوەی ڕۆحی مـرۆڤ – لەشی مـرۆڤ، کامـیـان زیندوو دەبنـەوە، کامـیـان زیاتر ئەرکی لەسەرە لە قیامەتدا، ئیمامی غەزالی لەسـەر مردنی مرۆڤ و "یوم الحشر" قیامەتدا دەڵێت:

ڕاستەقینەی مرۆڤ قائیم بە زاتە نەک لەش!

واتای مردنیش نەبوونی و نەمـانی مرۆڤ نییە، بەشکو دابڕانیـەتی لە" لەش" واتای حەشر و نەشـر و گـەڕانەوە، ئـەوە نییـە کە پاش نەمـان، جـارێکی تر مـرۆڤ بخـوڵقێنرێتـەوە، بگرە ئەوەیە جـەسـتـە و لەشـێکی دەدەنێ هـەر بەو چەشنەی کە پێشـتـر بـووە و دیارە لە ڕوانگەی ئێـمـەی مـرۆڤەوە ئەمـە زۆر سـاناترە لەوەی کە هـەوەڵ جـار هـەم ڕۆحی ئینسـانی دەخـوڵقا و هـەم جـەستە، ڕۆحـی ئینسانی کە لە سـەرەتاوە ئافرێندراوە و هـەروەک خۆیەتـی، جەسـتـەش کە پێشـتـر بووە و ئەمـجـار بە تـەنیا ئەندامـەکانی کـۆ دەکرێنەوە و لەسـەر پێـشـوو (دنیـا) دەخـوڵقـێنرێتـەوە، دیارە ئەمـە لە ڕوانگەی ئاوەزی ئینسـانی ئێمـەدا وایە و مـرۆڤـیش قـەد ناتوانێ ڕێ ببـاتە سـەر بـیـری خـوا، چونکە لـەو شـوێنـەیـرا دژواری نەبێ، سـاناییـش بێ مـانایە، بـۆ گـێـڕاندنەوەی لەش بـۆ ڕۆح، مـەرج نییـە هـەمـان لەش بدرێتـەوە بـە هـەمـان ڕۆح، چونکە دیارە لە کـاتی لـەدایکبـوونـەوە تا مـردن، لەش بـە خـواردنـی هـەر خـۆراکـێک تایبـەتمەندیی ئەو خۆراکەی بەسـەردا کاریگەر دەبێ و بەم بۆنەوە بێ ژمـار تووشی گۆڕان دێ، ئەوانەی دانیـان بەم مەرجە دانا، تووشی کێشـەی زۆر هـاتن و بۆیە وەڵامی لاوازیان بۆ ئەم پرسیارانە هـەبوو: کاتێ پرسـیاریان لێیان دەکرد کە ئەگەر کەسێک کەسێکی تر بخوا، ئەندامانی ئەو دەبێتە هی ئەم، جا لە دوارۆژدا بەشـی کێ دەبێتە هی کێ؟ یاخـۆ ئەندامێکی کـەسـێک ببـڕن، پاشـان ئـەو کـەسـە چاکـەیەک بکا، ئەو ئەندامـەش بەشـدار دەبێت یان نا؟ ئەگەر نـا، دەی لە بەهەشتدا بـێ دەست و پێ و چاو و گوێ کەی دەبـێ؟ ئەگەر بڵێین لـەگەڵی ئەو کـەسـە دەبێ، دەی جـا ئەو کەسە لە دنیا هیچ بەشداریی ئەو چاکەیە نەبووە، چۆن لەو

دنیـا بەشـداریی پاداشت دەبێ؟ لەم چەشنـە ورێنانـە دێنە گـۆڕێ و بەرسـڤی بۆ دەدۆزنەوە، جـا کەسـی برای! کە تۆ لە ڕاسـتـەقـینەی گـێـڕاندنەوەی لەش گـەیشـتی، دەزانی کـە هیچ پێویست بەم پرسیارانە ناکات، ئەم گرفتە لەوێوە تووش هات کە پێیان وا بوو ڕاستەقینەی تۆ لەشی تۆیە، کە لەش دەقـاودەقی خـۆی نەبێ ئەوە ئـەو کـەسـە نییـە و دیارە بنـەمـای ئەم پەیڤەش هەڵەیە[٣].

یان لە شـوێنێکی تردا زیاتر مـانـای مـردن باس دەکـات و وەڵامی کـۆمـەڵێک پرسـیـاری وجوودی و ئەنتـۆلۆجی دەداتەوە و دەڵێت: ئەگـەر بەڕاستی تێگەیشتی ئەم پرسـیارەت پێ خۆشە کە: (واتای مردن چییە؟)، بزانە کە مرۆڤ دوو ڕۆحی هەیە: یەکێک لە ماکی ئاژەڵان و پێی دەڵێن ڕۆحی ئاژەڵی و یەکێک لە مـاکی ڕۆحی فـریشـتـەکان کـە پێی دەڵێن (ڕۆحی مرۆڤی)، سەرچاوەی ئەم ڕۆحە ئاژەڵییە دڵە!

ئەو پارچە گۆشتـەی لە لای چەپی سنگدایە، وەکو هەڵمێکی نەرم و نـاسکە لە دەروونـدا، لە دڵەوە بەهۆی دەمـارەکـانـەوە بە جـووڵە و لێـدانی ڕەگـەوە دەبـزوێ و دەگـاتە مـێـشک و ئەندامـانـی تر، ئەم ڕۆحـە کـۆڵبـەری هـەسـتـەکـان و جـووڵانەوەیە، کـە دەگـاتە مـێـشک لە گەرمایی کەم دەبێتەوە، چاو لە سۆنگەی ئەوەوە هێزی بینایی هەیە و گوێ بەهۆی ئەوەوە دەبیستێ و هەستەکانی تریش هەر بەم چەشنە، ڕۆح، وەکو ئەوەیە چرایەک لەنێو ژوورێکی خـڕدا هەڵبکەی، چرا دەگـاتە هەر دیوارێک، ئەو بەشـە ڕووناک دەبێـتـەوە، کـەواتە چرای ڕۆحیش بە ئیزنی پەروەردگار هێزی بینایی و بیستن و هەستـەکانی تر ڕوون دەکاتەوە و دەیانبـزوێنێ، بۆیە کـاتێک تەگەرەیەک دەکەوێتە نێـو یەکێک لە دەمـارەکان، ئەو بەشـە لە جووڵە دەکەوێ و گیانی تێدا نامێنێ و پزیشک هان دەدا ئەو کۆسپە بسڕێتەوە و گیان بخاتەوە ئەو بەشە، ڕۆح وەکو ئاگری چرایە و دڵ وەکو پلێتەیە و خۆراکیش چەشنی نەوت، کە ئەگەر بـەری نەوت بیگرێ چرا دادەمرێ و کاتێکیش خواردن لە لەش بگێـڕیتەوە، لەش سـارد دەبێـتـەوە و ڕۆح –ڕۆحی ئاژەڵی– دەفـەوتێ و گـیـاندار دەمـرێ، هەروەها هـەرچەند نەوت هـەبێ بەڵام پلـیـتـە نەوتی زۆر بکێشێ، چـرا دەکـوژێتـەوە و ئیـدی نەوت ناکـێشێ، هـەروەهـا دڵیش بـە درێژاییی تەمـەن وای لێ دێ کـە ئیـدی خـواردن ناپـەزیرێ، دیسـان هەروەکـو چۆن شـتێک بدەی بەسـەر چرادا دەکوژێتـەوە، با نـەوت و پلـیتـەشی بێ، کـاتێ ئاژەڵیش بە توندی بریندار بکەی دەمـرێ، مـەزاجی ئەم ڕۆحـە تا کـاتێک ئاسـایی بێ، واتاگـەلی ناسک وەکو هەسـتـەکـان و بزووتن دەسـەلمێنێ، کـاتێ ئەم مـەزاجـەی پووچەڵ

کرایەوە، بەهۆی گەرما یان سەرما یان هەر هۆیەکی تر، ئەو ئاسەوارانە ناسەلمێنێ، وەکو ئاوێنەیەک تا کاتێک پاک و ساف و ساکار بێ، ڕوومەتەکان بە پاراوی دەنوێنێ، بەڵام کە تێک چوو، زەنگار و گەرد دای پۆشێ، ئیتر هیچ ڕوومەتێک نانوێنێ، ئینجا نە بەم بۆنەوە کە ڕوومەتەکان نەماون، بگرە بە پێچەوانەوە ئەم بۆی نییە ئەمان بنوێنێ، واتای مەرگی ڕۆحی ئاژەڵی ئەمەیە و ئەوەی هۆکاری ئەم تێکچوونانە دابین دەکا تا لەش لە هاوسەنگی بکەوێ، یەکێک لە ئافرێندراوانی خوایە بە ناوی" (ملک الموت)، خەڵکی بە تەنیا ناوی دەزانن ناسینی لێرەدا ناگونجێ، ئەمەی وترا چۆنیەتیی مەرگی هەموو ئاژەڵەکان بوو، بەڵام مردنی مرۆڤ بە چەشنێکی ترە! چونکە مرۆڤ بێجگە لەم ڕۆحەی کە هەموو گیانداران هەیانە، ڕۆحێکی تریشی هەیە کە پێی دەڵێن ڕۆحی ئینسانی، ئەم ڕۆحە لە چەشنی ئەو ڕۆحە ئاژەڵییە نییە، چونکە دابەش نابێ و مەکۆی ناسینی پەروەردگارە، هەروەکو چۆن پەروەردگاری مەزن دابەش نابێ، چۆن شوێنی ناسینی یەکێک، یەکێکە دابەش نەبێ، کەواتە هیچ شوێنێکی دابەش پەزیر بۆی نییە ببێتە پایەتەختی ناسینی ئەو، پلێتە و ئاوری چرا و ڕووناکیی چرا، هەر سێیت لەپێش چاو بێ، پلێتە دڵە و ئاگری چرا ڕۆحی ئاژەڵی و ڕووناکیی چرا ڕۆحی ئینسانییە، هەروەکو چۆن ڕووناکیی چرا نەرمە و نەرمتر لە چرایە و دەڵێی ناتوانی ئەنگوستی بۆ ڕاکێشی، ڕۆحی ئینسانیش نەرمتر لە ڕۆحی ئاژەڵییە، بە چەشنێک کە ناکرێ ئاماژەی بۆ بکەی، ئەم نموونەیە کە هێنامانەوە، ئەگەر لە باری نەرمەیەوە تەماشا بکرێ ڕاستە، بەڵام لە باری ترەوە ڕاست نییە، چونکە ڕووناکیی چرا پاشکۆی چرایە و بوونی بە هۆی چرایە، بە تێکچوونی ئەو ئەمیش دەکوژێتەوە، کەچی ڕۆحی ئینسانی پێڕەوی ڕۆحی ئاژەڵی نییە و تەنانەت چاوگەی ئەوە و بە فەوتانی ئەو ئەم هەروەکو خۆی دەمێنێتەوە، ئەگەر وێنەیەکی باشترت دەوێت، ڕووناکییەک بێنە پێش چاوت، کە لە چراکەی نەرمتر بێ و بوونی چرا بەندیواری بوونی ئەو بێ، کەواتە ئەم ڕۆحی ئاژەڵییە لە بارێکەوە وەکو چارەوێیە بۆ گیانی ئینسانی و لە لایەکی ترەوە وەکو ئامرازێکە بۆی، کاتێک ئەم گیانی ئاژەڵییە حاڵی تێکچوو، مردنی چارەوێ و فەوتانی ئامراز، سوار نافەوتێنێ، هەرچەندە بێ ئامراز دەکەوێ، ئەم ئامرازەی بۆیە پێ درا تا بتوانێ خۆشەویستیی پەروەردگاری پێ ڕاو بکا، ئەگەر بە دۆزی خۆی گەیشتبێ، ئەم بارە قورسەی لە کۆڵ دەبێتەوە، ئەمەی کە پێغەمبەری خواش فەرمووی: "مردن دیارییە بۆ بڕوادار"، مەبەست ئەمەیە کەسێک بۆ ڕاوکردن، داوێک لە کۆڵ دەگرێ و لە دوای خۆی ڕای دەکێشێ، جا کاتێک نێچیری خۆی ڕاو دەکا، نەمانی داو بۆی غەنیمەتە، بەڵام ئەگەر ( پەنا

به خوا) بەر لەوەی ڕاوی نێچیری بکات، کەرەستەکەی بفەوتێ، هەناسەسارد و کۆڵەوار و چارەڕەش دەمێنێتەوە و ئەم ئێش و ژانە دەستپێکە بۆ عەزابی قەبر[٤].

هەندێ جار مردن و دەرچوون لەم دنیایە بۆ ئینسانی عاریف زۆر جوانە، چونکە دنیا لە ساتەوەختێکدا هێندە ناشیرین دەبێت، ئیدی عاریفان تێیدا خۆزگە بە مەرگی خۆیان دەخوازن، وەک ئەوەی بڵێی ئەگەر مردنیش نەبوایە ئەمان خۆیان دەکوشت بۆ ئەوەی ڕزگاریان بێت لە هەموو پیسییەکانی دنیا، پیسیی ئەو هەموو ئینسانانەی کە ڕۆژانە بەریان دەکەوین، دواجار پیسییەکانی دنیا لە زەمەنی مۆدەرنەتیدا دەگاتە ئاستێک، کە چیی تر دنیا ئینسان لەوە دەخات ئینسان بێت و دەیکات بە ڕۆبۆتێکی ناچیز، ڕۆبۆتێک کە هیچ نییە جگە لە کرێکارێک و بەبەردەوامی کار بۆ ڕۆحی ئەوانی تر دەکات و خۆیشی خاڵییە لە ڕۆحی خۆی، واتا دنیا لە زەمەنی مۆدەرنەتیدا ناشیرینەکانی تەواو دەردەکەون و دەگەنە ئەوجی خۆیان لە ناشیرینیدا.

من هەردەم بیر لەوە دەکەمەوە ئەگەر مەولانا یان هەر عاریفێکی تر لە زەمەنی ئێستادا بونایە دەبوایە چییان بکردایە؟ واتا ئەگەر حەقیقەتی مرۆڤبوونیان بزانیایە و لەگەڵ ئەوەشدا ئەم هەموو کارەساتەی دنیای ئێستایان ببینیایە چ هەڵوێستێکیان دەبوو؟ مرۆڤی ئێستا لە جنسی ئەو مرۆڤانەن کە واتای مرۆڤبوون نازانن، واتا نایانەوێت ئەو واتایە بزانن، یان ناوێرن ئەو واتایە بزانن، چونکە ترسی گەورەی زانینی واتای مرۆڤبوون ئەوەیە کە چیی تر نابێت مرۆڤ نەبین، واتا دوای گەیشتن بە مانا و دەلالەتە قووڵەکانی مرۆڤبوون، ئیدی مومکین نییە و هەڵەیەکی لۆجیکی و ئیمانی گەورەیە کە مرۆڤ نەبین، یان مرۆڤبوونی خۆمان بدەینە لاوە و، بەشێوەیەک لە شێوەکان وەکو غەزالی دەڵێت بکەوینە دۆخی ژیانی ئاژەڵییەوە و وەکو ئاژەڵ بژین، گەر بڕیار بێت مرۆڤ لەم هەسارەیەی زەویدا میوان بێت و دوای چەشتنی چەند ساتێک لە ئێش و ژان، پێکەنین و خۆشبەختی بارگە و بنەی خۆی رووەو زێدێکی نەزانراوی تر بەجێ بهێڵێت، ئەوا دەبێت ئەم هەسارەیە و ئەو شوێنگەیەش کە لە کۆتاییدا ئەمی مرۆڤ رووی تێ دەکات خانەخوێیەکی هەبێت کە میوانداریی ئادەمییان بکات.

هەرچەندە لەگەڵ ئەوەی مرۆڤ عاشقی حەقیقەتە بەچاو بینراو و بەدەست لە مس کراوەکانە، بەڵام هەرگیز لە ڕێی ئەم کەناڵانەی زانیاری و مەعریفەتییەوە نەیتوانیوە پەی بەو خاوەن ماڵە بەرێت، بەڵام لە هەمان کاتیشدا بەئاشکرابوون و کاریگەریی ئەو خاوەن

ماڵە دەرک دەکا و هەردەم و بە ناڕاستەوخۆ هەڤپەیڤینی لەگەڵدا دەسازێنێت، بە ئاشکرا بەستەرە و رایەڵە نەپساوەکانی نێوان خۆی و خاوەن ماڵ هەست پێ دەکات، لە لایەکی ترەوە زۆر ئەستەمە مرۆڤەکان بەدەر بن لە کاریگەریی ئەو رووداوە مێژووییە گەورەیەی بەسەریاندا هاتووە کە ئەویش (رووداوی مرۆڤ)بوونە، بەو مانایەی مرۆڤ نامۆترین مەخلوقی نێو هەموو مەخلوقەکانی ترە، هەم لە ڕووی دروستبوون و هەم لە رووی بەها و شوناسی شوێنگەییەوە، مرۆڤ هەرچەندە لە رووداوە بینراو و دیاردە و هەبووەکانی دەوروبەری خۆی دەڕوانێت شتێک نابینێتەوە هێندەی خەلق و رووداني مرۆڤ پڕ لوغز و نهێنی بێت.

راستە لە چوار دەوری مرۆڤ دیاردەگەلێک و شتگەلێکی زۆر و ناوازە هەن کە شیاوی تێفکرین و لێرامانن، بەڵام دواجار سەراسیمەکارترینی ئەو هەبووانە هەر مرۆڤە، چونکە لە هەمان کاتدا خۆی بەشێکە لەو لوغزانە، هەر لەو کاتەشدا توانای رامان و وردبوونەوەیش لە هەموو یەکێک لەو نهێنی و هەبووە سەراسیمەکارانەی هەیە، بەڵام ئەمەش یەکسان نییە بەوەی کە ئیتر مرۆڤ بتوانێت بێ نیاز بێت لە هەموو ئەو وجوودەی کە رۆژانە کاریگەریی مادی و نامادییان لەسەر ئەمی مرۆڤ دروست کردووە، بە دیوێکی تردا دەتوانین بڵێین هەرچەندە مرۆڤ لە مەزنترینی هەبووەکانە، بەڵام ئیتر ئەمە نابێتە دوا وێستگەی بیرکردنەوەکانی مرۆڤ، بگرە جارێکی تر مەزنیی ئەم مەخلوقە و بەرپرسیاریەتییەکەی لەوەدایە کە بەهۆی ئەو توانستی زانا و توانای فێربوونە کە هەیەتی ناتوانێت هەموو ئەو حەدەسانەی کە لە چواردەوری روو دەدەن نادیدە و بێ بەها بگرێت، بۆیە بە کەشفکردنی نهێنیی مرۆڤبوون بەشێکی زۆر لە نهێنی و لوغزە هەبووەکانی تر روون دەبێتەوە و بەم شێوەیەش زۆرێک لە پرسیارە وجوودی و بێزارکەرەکانی مرۆڤ وا بێ وەڵام نامێننەوە، هەڵبەتە هێندەی لێرەدا مەبەستمانە مرۆڤ بە جوانترین و گرینگترین و گەورەترین هەبوو لەم سەر زەوینەدا وەسف بکەین، هێندە مەبەستمان ئەوە نییە کە مرۆڤ بە سەرچاوەی نهێنییەکان هەژمار بکەین و بیکەینە خوا، هەرچەندە ئەوە تەنیا مرۆڤە کە هەوڵی داوە بۆ ئەوەی هیچ نەبێت بەسنوورەکانی دەسەڵاتی خوا (خالق)ەکەی بگات[٥]، بۆیە ئەمە یەکێکە لە نیشانە قووڵەکانی مرۆڤبوون و مرۆڤبوون، کە بتوانێت هیچ نەبێت لە ماناکانی خۆی تێ بگات، لەوە تێ بگات کە ئیدی شێوەی بە تەنیا بەس نییە بۆ مرۆڤبوون، لێرەوە کەسێکی وەکو مەولانا کە پێشتریش لە سەرەوە باسمان لێوە کرد، زۆر لەسەر ئەم ئینسانیبوونە وەستاوە و بە قووڵی لە چەمکی مرۆڤبوون ورد بووەتەوە، مەولانا یاخۆ ناسراو بە

(مـــەولـەوی) لە ســـاڵـی (٦٠٤) کــۆچی مـــانگـیــدا لـە شـــاری (بەڵـخ) لەدایک بووە، بـاوکی (بەهائیلوەلەد) یەکێک بووە لە مەلا و مامۆستا گەورە و بەناوبانگەکانی ناوچەکە و کۆڕی دەرس و گوتارەکانی هەموو کات جمەیان دەهات، لە کاتێکدا کە مەولانا منداڵ بوو ئێران لە سەروبەندی شەڕێکی خوێناویدا دەژیا، (بەهائیلوەلەد)یش لەم حاڵەتە بێزار بوو، بۆیە لە ساڵی (٦١٧)دا کە ئەو کاتە مەولەوی (١٣) ساڵان بوو، بە ناوی سەفەری حەجەوە بە ماڵ و منداڵەوە بەڵخی بەجێ هێشت، کاتێک لەو سەفەرەیاندا بە شاری (نیشاپوور)دا تێپەڕ دەبن، باوکی مەولانا سەر لە عاریفی گەورەی سەدەی حەوتەمی کۆچی (فەریدەدین عەتاری نیشاپووری) دەدات.

پاش ئەوەی کە "شێخی نیشاپوور" مەولانای بینی و قسەی لەگەڵدا کرد، لە دڵیدا ئەوە چەسپا کە ئەم کوڕە نوورێکی تێدایە و هەرگیز ناتوانێت لە کۆڕ و کۆمەڵی فەقێ و زاهیدەکاندا بەردەوام بێت، بۆیە زۆر خۆشی ویست و کتێبی (مەسنەوی ئەسرارنامە)ی بەدیاری دایە و بە باوکیشی گوت: "ئەم کوڕەی تۆ بەم زووانە ئاگرێکی تر لە سووتاوانی جیهان بەردەدات"، پاش سەفەرێکی دوور و درێژ سەرەنجام خانەوادەی مەولانا لە شاری (قونیە)ی رۆم – شارێکە لە وڵاتی تورکیای ئەمڕۆ – گیرسانەوە، باوکی مەولانا کە بە – سلطان العلماء – ناسرا بوو لەوێ دەستی کردەوە بە وەعز و قوتابخانەی گەورەی دانا و مورید و قوتابییەکی زۆر لە دەوری کۆ بوونەوە، ئەوانیش بە گەورەیی سەیری مەولانایان دەکرد و بە (خواوەندگار) ناویان دەبرد، هەرچەندە ئەم شەرمی لە خۆی دەکرد، دواجار لە ساڵی (٦٢٨)ی کۆچیدا (بەهائیلوەلەد)ی باوکی کۆچی دوایی کرد و لەسەر داوای قوتابی و موریدەکان مەولانا لە شوێنی باوکی دەستی کرد بە دەرس وتنەوە و ماوەیەک سەرقاڵی (قیل و قالی) مەدرەسە بوو، شەمسی تەبریزی؛ ژیانی شەمس روون نییە، بەڵام بەوە بەناوبانگە کە دەروێشێکی پەڕپووت و گەورەیەکی دنیای عیرفان دڵێکی وابەستەی هەبووە بە خواوە، شمس – ناوی محەمەدی کوڕی عەلی کوڕی مەلیک داد–ە و ساڵی لەدایکبوون و مردنی بە تەواوەتی ئاشکرا نییە؛ شەمس لە ساڵی (٦٤٥)ی کۆچی بە دواوە ون بوو، شەمس لە ژیانی مەولانادا بە خاڵێکی گرینگ دادەنرێت کە تێیدا مەولانای لە قیل و قالی مەدرەسە و تەسەوفی زاهیدانەی رەسمییەوە گوێزایەوە بۆ دنیای پڕ شەوق و شوری عیرفان.

هەر بۆیە موریدان و زاهیدان و فەقێیانی مەدرەسەی مەولانا بەردەوام رقیان لە حەزرەتی



مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی

شــەمس دەبووەوە ، دەیانرەنجــاند و تەنانەت دواجــاریش دەنگۆی ئەوە کــەوتەوە کــە بە دەسیسەی کوڕی دووەمی مەولانا کوژراوە و جەستەکەی خراوەتە چاڵێکەوە، هەر چۆن بێت شــەمس بۆ مــەولانا مـایەی سـووتان و شــەوق و شـوری عـاریفـانە بووە، سـاڵی (٦٢٤) ئەو کاتەی کــە مــەولانا لە تەمــەنی (٣٨) ســاڵیدا، لە مــەدرەسـە و لـەگەڵ کۆمـەڵێک لـە قـوتابی و موریدەکانیدا بۆ ماڵ دەگەڕایەوە، پیـاوێکی غەریبـە و نەناس بە جلی پەڕپووتەوە لە مـەولانا هاتە پێشــەوە و لەناو ئەو کــۆمـەڵەدا لێی پرسـی: پێـغـەمـبــەر گــەورەتر بوو یا بایـەزیدی بەسـتـامی؟ کاتێک پێغەمبەر فـەرموویەتی: "سبحانک مـا عرفناک حق معرفتک" بەڵام شێخ بایەزیدی بەستامی دەڵێت: "سبحانك ما اعظم شأني و انا سلطان السلاطين" واتە پێغەمبەر فەرموویەتی خوایە گیان بە تەواوەتی تۆمان نەناسیوە کەچی بەستامی بانگەشەی ناسینی خوا دەکات، مەولانا لەم پرسیارەوە ئیدی قیل و قالی مەدرەسە بەجێ دەهێڵێت و شوێن ئەو غـەریبـەیە دەکـەوێت، هـەرچەندە لەو شـوێنەدا بەوە وەڵامی دەداتەوە کە بـایەزیدی بەسـتـامی هێندە کـەم حەوسـەڵە بوو لە تینوویێتیدا بە قومێک تێر بوو بەڵام پێغـەمبـەر (د.خ) تینوویێتی بوو لە تینـوویێتیدا و بە هیچ مـەعریفـەیـەک تێر نەدەبوو، هێشـتـا هـەر بـەکـەمی دەزانی و لە هـەوڵی ناسـینی زێتردا بوو، ئەو غـەریبـەیەی کە هاتە قونیـە خـودی شـەمسـی تەبریزی بوو، (ختمی لاهوری) لە شـەرحـە عیرفانییەکەیدا بۆ دیوانی حافیزی شیرازی لەم رووداوە دواوە و دەگێڕێتەوە کە: شـەمس بەردەوام لە موناجاتدا داوای لە خوا دەکرد و دەیگوت:

«خـواوەندا دەمـەوێت یەکێک لـە خـۆشـەویسـتـە شـاراوەکـانـی خـۆتم پـێ نیـشـان بدەیت» ئیلهـامی خـوایش هـات کـە تۆ داوای خـۆشـەویستی مـەسـتـوور دەکـەیت ئەوە کوڕی سـەرنج ڕاکێشی سـوڵتـانی عولەمـا، "بەهائیلوەلەد" بەڵخیـیـە، بڕۆ بۆ ڕۆم تـا بـە ئاوات بگەیت، پاش ئەمـە حـەزرەتـی شـەمس بـەرەو قـۆنیـە دەکـەوێتـە ڕێ و کـە لە بازاڕدا مـەولانا دەبینێت ئەم پرسیارەی سەرەوەی لێ دەکات.

پاش ئەو رووداوە ئیـدی مـەولانـا کـوشـتـەی شـەمس بوو، شـەمـس ئاگرێک بـوو بەربوو لە مەولانا و بـەیەکجاری سـووتاندی و هـەرگیـز نەکوژایەوە، مـەولانا دەسـتبـەرداری قیـل و قالی مـەدرەسـە بـوو و کەوتە شـوێن ئاگرەکـەی شـەمس، مـەولانا بـەم شـەوق و سـووتانەوەوە چووە نێـو دنیـای عیـرفـانەوە کاتێک داوای لـە شـەمس کـرد بچێت لەگەڵیدا بۆ مـاڵەوە شـەمس ئەم سێ مەرجـەی دانا (ژنێکی جـوان، خزمەتکارێک، کوپەڵەیەک شـەراب) مەولانا بـەم مـەرجانە رازی بوو، بەمـەش شـەمس دڵنیا دەبێت لە گـەورەیی مـەولانا و خۆشـەویسـتیی مـەولانا لای

خوا، دەکرێت ئەم چیرۆکە خەیاڵچنی بێت، بەڵام شەمس داوای تەواوی ئەو مەرجانە دەکات کە پێویستە لە هەر عارفێکدا هەبێت(٦)، یەکێک لە مەرجەکانیش بریتییە لەوەی کە مەولانا و هەر عاریفێکی ڕاستەقینە دەبێت سەرەتا خۆی بناسێت و، دواتر ناسینی خوایە و ترسانە لە هەیبەت و گەورەیی ئەو زاتە بێ ئەندازە گەردوونی و مەزنە، ئینجا دواتر ناسینی دنیا و بێ ماناییەکانیەتی.

کە عاریف دەگات بە وێستگەیەک لە عیرفاندا، چیی تر بە هیچ شێوەیەک لە مەرگ ترسی نییە و هەموو کات سەرقاڵی لاڵانەوەیە بۆ ئەوەی لە لای مەعشوق "خوا" شەرمەزار نەبێت و بە دەستکورتییەکی ئیمانیی تەواوە نەچێتە حزوور و بارەگای "الله"، بۆیە ساتەوەختی مەرگی عاریف تەنیا تا ئەو شوێنە نرخی هەیە کە بیگەیەنێت بە مەعشوق، وە گەرنا مردن ئەو نرخەی نییە لە لای عاریف، هەرچەندە لە قووڵاییی مەرگدا نرخێکی وجوودی گەورە ئامادەییی هەیە، ئامادەییەکەشی هەر ئەو ساتەیە کە مەرگ تاکە وێستگەیەکە بۆ ئەوەی بمانگەیەنێت بە خوا، بۆیە عاریفان هێندە بیر لە مەرگ دەکەنەوە تا وایان لێ دێت تەنیا شتێک سەنتەر بێت مەعشوق بێت و هەموو شتێک لە پێناو مەعشوق و بۆ مەعشوق بێت.


سەرچاوە و پەراوێزەکان:

(١) م. معنوی: جلال الدین رومی: دفتر ششم/٤٨٣٠

(٢) هەمان سەرچاوە، دفتر دوم/١١٨٧-١١٨٨

(٣) امام غزالی، کیمای بەختەوەری/و: فەخرەدین ئامێدیان//١٣٨٨ یەکەم چاپ/ل٦٤-٦٥.

(٤) هەمان سەرچاوە، ل٦٠، ٦١، ٦٢.

(٥) توانا خەسرەوە/ حەقیقەتی ئاینیبوونی مرۆڤ و گرنگی ئاین لە ژیانیدا/هەژان "گۆڤار/ژ: ١٩/٢٠٠٦/ل١-٢.

(٦) سەرچاوەی پەراوێزی ژمارە (٤٣)، ل٦-٧

لێکۆڵینەوە

عەبدولڕەحیم سەرەڕۆ

# ئەدەبی ئێرۆسی و کۆمەڵە سەرنجێک

کۆمەڵگە هەر لە سەرەتای پەیدابوون و گەشەسەندنی بەردەوامییەوە کۆمەڵێک یاسای بۆ پاراستن و بەڕێوەبردن داناوە و ئاینیش وەک مەسەلەیەکی رۆحی رۆڵی تەواوی لەو بارەیەوە بینیوە، هەر میللەتێکیش بەپێی ویست و زەرورەتە کۆمەڵایەتییەکەی خۆی ئاینێکی تایبەت بەخۆی و بەپێی گونجاوی لەگەڵ نەریتەکەدا داناوە و دواجار هەر هەموو کۆمەڵگەکان لە بۆتەی یەکتاپەرستی و هێزی رەهای فەرزەندەیی تواونەتەوە و باوەڕیان بە بوونی خوایەکی ئافەریدە هێناوە، ئەو سەردەمەی کە کڵێسا لە ئەوروپا تەواوی دەسەڵات و حوکمڕانی بەڕێوە دەبرد، هەموو کار و فەرمانڕەواییەکانی حوکم لەژێر رکێفی پیاوە ئاینییەکان بوونە، جگە لە پیاوانی گەورەی ئاینی کەسی تر بۆی نەبووە باس لە زێند (سێکس) بکات. بەڵام ئینانای خواژنی خۆر کە بە چەند سەدەیەک پێش مەسیح (س) هاتووەتە دنیاوە لە یەکێک لە گوزەشتەکاندا بە خۆشەویستەکەی دەڵێت: "ئەی پیاوەکەی دڵت داگیر کردووم، تا دەتوانی جەستەم بکێڵە."

ئایا ئینانا لێرەدا مەبەستی ورووژاندن بووە؟! ئایا پیاوانی ئاینی و خەڵکە ساکارەکەی کە بە دوایانەوەن و هەر بەتەنیا پاشکۆیەکن بۆ بیرکردنەوەی ئەوانی تر و هەر ئەوەندەیان بەسە کە بڵێن زێند تابۆ و حەرامکراو و قەدەغەیە؟!

لەم روانگەیەوە دەبێت ئێمە هەر ئەدەبێکی ئێرۆسی ئیدانە بکەین یان بەتاوانی ئەخلاقی

لە قـەڵەمی بدەین. من ئەم وتانەم لە پەراوێزی خـوێندنەوەی چیرۆکە گـەرمـەکـانی ژووری نووسـتنەوە بۆ هاتووە، کـە زۆرجـار دەبێـتـە مـایەی تەشـەر و توانجی رووناکـبـیـران و ئەدەبدۆستان لەم کۆمەڵگەیەی ئێمەدا.

دەبێت ئەو راسـتـیـیە بزانین کە ئێـمـە لە زێندەوە هاتووین و بە زێندا تێ دەپەڕین و هیچ بوونەوەرێک نییە بتوانێت غەریزەکانی خۆی وەلاوە بنێت، یان پیادەی نەکات. ئێمە ژن بەو هەموو حـاڵەتە مرۆیییـەوە دەبینین و ئەوانیش هاوبار هـەمـان هەڵسوکەوتیـان بۆ رەگەزی نێرینە هەیە. باشـە بۆچی کە باس لـە ئەدەبی ئیرۆسـیـیـەت دەکرێت راسـتـەخۆ تاوانەکانی زێند لە هزرمـانـدا راسـت دەبنەوە. کـەس هێندەی سـیگمـوند فـرۆید بە وەقـوری و ئەدەبەوە باسی لە زێند نەکـــردووە، بەڵام بە تـەنیـــا لـەبەرئـەوەی دەرگـەیەکی زانسـتی بەسـەر لایەنێکی شـاراوەی بوونی مـرۆڤـدا کـردووەتەوە، ئایا دەکـرێت بـەبێ رەوشـــتی لە قـــەڵەم بدەین و بێ سێ و دوو رەتی بکەینەوە؟! وەک بڵـێین فـرۆید کـابرایەک بووە لە دنیـــادا هیـــچی نـەکـردووە، بـە حــەڵاڵکردنی زێند نەبێت، کە ئەگەر بێنە سەر راستی وا نییە و واش نەبووە.




لە هـەمـــووی ســـەیرتر هـەندێک لە بـەناو ئەدەبدۆسـتـان یان رۆشـنبـیـرانیش بەشـێـوەیەک باسی ئەم ئەدەبە دەکەن وەک بڵێی ئیرۆسـیـیـەت تا سـەر ئێـسـقـان دژی مـرۆڤـایەتی بێت. هەندێکی تریشـیـان دەڵێن ئـەم جۆری نـووسـینانە بەتایبـەت لە بواری چیرۆکدا، مـەسـەلەیەکی کـاتییە و نووسـەر هـەن لەبەر بێبەهرەیی و کـەم ئەزموونی روو دەکـەنە ئەم ئەدەبە، تا لە رێیەوە ناوێک دەربکەن و ناوبانگیان هەبێت. بەوەی ئەو نووسـەرانەی بواری ئیرۆسـیـیـەت بە تەنیا بۆ ناوبانگ دەگـەڕێن و هیچ مەبەسـتێکیـان لە خزمەتکردنی ئەدەبەکە نییە!

نووسـین لە بواری زێنددا مەسـەلەیەکی هێندە ئاسان نییە تا نووسـەر دەست بگرێتە قەڵەم و بەرەو ســەرکــەوتنی ببــات. بە پێـچــەوانەوە ئـەم جـۆری ئەدەبـە زۆر هـەســتــیــار و وردە،

پێویستی بە ژەنینی وەتەرەکانی هەست هەیە زیاتر وەک لە وروژاندنیان.

کێ لە ئێمە (لۆلیتای) فلادیمێر نابۆکۆڤی نەخوێندووەتەوە، یان بە فیلم نەیبینیوە، ئایا نابۆکۆف ئەو رۆمانەی بۆ ناوبانگ نووسیوە یان لە ئەوجی ناوبانگدا بووە ئینجا توانیویەتی ئاکارەکانی زێند بخاتە توێی رۆمانێکی هێندە بەهێزەوە. کە باس لە گەمەکانی کچێکی تەمەن هەرزەکار دەکات و دواجار بەچی کۆتاییەکی دەبات.

ئەدەب وەرگێرانی واقیعە بەو دیوەی کە کەسێکی ئاسایی نایبینێت یان هەستی پێ ناکات یان پێی هەزم ناکرێت. چونکە لە کۆمەڵگەی داخراودا زێند مایەی بەردەوامیی زیندووبوونەوەی بوونەوەرەکان نییە و هاوکات هەردەم لە قاڵبێکی تابۆ و حەرامکراودا بووە و ئاشکراکردنیشی مایەی سەرشۆڕی و شەرمەزاری بووە، مرۆڤەکان نەوەکو نەیانتوانیوە تێپەڕی بکەن، تەنانەت دەگمەنن ئەوانەی کە خۆیان لە قەرەی داوە.

ئەدەب هیچ کات بۆ وروژاندن نەبووە، نامەی ئەدەب نامەیەکی پیرۆزە، مەبەست لێی گەیاندن و دەرخستنی حاڵەتەکانە. گۆگۆل لە چیرۆکی کۆمیدیی (نامۆیەک لە شاردا) کە باسی لە گەندەڵییەکان کردووە، مەبەستی چاکسازی بووە نەک هاندانی خەڵک بۆ پیادەکردنی گەندەڵی، داستانەکانی دڵداری پڕن لە رووداوی سەیروسەمەرە کە زۆرجار بە لەناوچوون و شەهیدبوونی عاشقەکان دواییان هاتووە، مەبەست لێی پەندوەرگرتن بووە نەک کوشتنی عاشقان.

ئەدەبی شۆڕشگێری زیاتر جەختی لە خەباتگێڕی لاوەکان کردووە و کوشتنی دوژمنانی نەخستووەتە قاڵبی تاوانکارییەوە، لەم سۆنگەیەوە دەزانین کە ئەدەبی ئیرۆسی کار بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەک دەکات نەک پیادەکردنی بەو سەقەتییەی کە هەندێک لە خوێندەوار و خوێنەر بەهەڵە لێی گەیشتوون. کێ لە ئێمە چیرۆکەکانی حسێن عارف و محەمەدی موکری و ئیسماعیل رۆژبەیانی و د. کاویس قەفتانی نەخوێندووەتەوە و لە پشتی ئەو چیرۆکانەوە کۆمەڵێک مەسەلەی لەلادا گەلاڵە نەبووە کە هەن و دەکرێت چارەسەر بکرێن. هەر چیرۆکێکی ئیرۆسی پڕە لە کێشە و نەهامەتییەکانی مرۆڤ و پێویستی بە تیشک خستنە سەر دەکات و دەبێت کار بۆ لەناوبردنیان بکرێت.

نابێت ئێمە لە زێند و ئەنجامدانی زێنددا هەر بەتەنیا تابۆکراوەکان ببینین و پەنجە بۆ حەرام و قەدەغەکان رابکێشین و ببینە جەماعەتی (اشهد ما بالله) وەک دەڵێن. جا گەر ئەدەب لەسەر بنەمای حەرام و حەڵاڵ کار بکات دەبێت باسی دزی و پیاوکوشتن و هیچ

تاوان و تەنانەت کەتنێکیش لە رۆمانەکاندا نەکرێت. ئەی دەبێت ئەدیب یان رۆماننووس چی بکات؟ ئەدەب ئەوە نییە بخرێتە ناو بوخچە و پریاسکەوە.. ئەوەش نییە لەبەر خاتری خاترداران چاوپۆشی لە مەسەلەکان بکات. ئەدەب ئەدایەکی مرۆییە و بەهیچ شێوەیەک ناکرێت هێڵێکی شاقوولی پێ بدرێت ئەگەر مەودای هێڵە ئاسۆییەکەی ئازادانە و بەرفراوانتر نەکرێت.

راستە زێند زیاتر دەرگەیەکی بەسەر چێژ و وروژاندن کردووەتەوە، بەڵام لە دیدێکی ترەوە چەندین گرفت هەن کە لە زێندەوە سەرهەڵدەدەن و لەسەر ئەدەبە دەریان بخات و ئاماژەیان پێ بدات، بەڵام ئەرکی ئەدەب نییە چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە، چونکە ئەوە کارێکی یاسایی و لۆجیکییانەی دەوێ زیاتر وەک لە بواری خەیاڵ و کارتێکەری و جوانیناسی.

ئەدەب بە درێژایی مێژوو ئەوزارێک بووە بۆ دەربڕین و تێگەیشتنی ئاستی باڵای مەبەستەکان، هەر ئەدەبە مێژووی مرۆڤایەتی جگە لەوەی پاراستوویەتی بەرەو پێشەوەی بردووە و کاری بۆ فەراهەمکردنی تاک بەتاکی مرۆڤەکان کردووە بێ گوێدانە رەگەز و ئاین و ئینتیما، هاوکات هەموو نەوەکان لێی سوودمەند بوونە، واتا ئەدەب لێرەدا بستێک لە سیاسەت باڵاترە بەوەی سیاسەت کاتییە و خزمەت بە نەوەیەک یان دوو نەوە زیاتر ناکات، بەڵام هۆمیرۆس ئەمڕۆ کوردێک و ئەندەنووسییەک و چینییەک و رۆژئاواییەک دەگریت وەک کاریگەرییەکی مرۆیی هەموو هەر بەموڵکی خۆیانی دەزانن، زێندیش مەبەستێکی دانەبڕاوی ژیانی تاک و کۆمەڵگەی مرۆییە. فرۆید دەڵێت: "هەر خەفەکردنێکی زێندی گەر خودی مرۆڤەکە کارامە بێت داهێنانێک دەخوڵقێنێت، پیادەکردنیشی وەک دیارە نەوە دوای نەوە مرۆڤی لێ دەکەوێتەوە".. واتا زێند بەخەفەکردن و پیادەکردنیەوە هەر سوود بە ژیاری و شارستانییەت دەگەیەنێت. ئەمەیە سیحری زێند لە بوونی مرۆڤەکان گەر بەخۆیاندا بچنەوە و لە ئاکامەکانی پێشکەوتن بگەن.

ئەوانەی زۆرتر جەخت لە تەحریمکردنی زێند دەکەن ئەوانە نەوسنترین و چڵێسترین جۆرەکانی مرۆی ئەم سەر زەوینەن، ئەوانەی دەیانەوێت زێند لە ئەدەب داببڕێت بەوەی تابۆیە، مەبەستیان نییە خزمەتی کۆمەڵگە بکەن، بگرە زیاتر دەیانەوێت تاوانەکانی خۆیان کڵۆم بدەن و شیفرەی نەناسراوی بخەنە سەر و دڵپیسییەکانی خۆیان بخەنە بەرگێکی ترەوە کە بۆی نەدووراوە و ناشزانن چۆنی بکەن بەبەردا.

نابێت خوێنەرانی ئیرۆسییەت هەر بەتەنیا بەدیوە ناشیرینەکەیدا بڕوانن و هیچی تر لە بیرۆکە مرۆیی و فەلسەفییەکەی هەڵنەکرێن. مەمک جگە لەوەی ئەندامێکی مێیینەی ناسکی هەست ورووژێنەرە و هەموو نێرینەیەک دەورووژێنێ، هاوکات باڵاترین ئامرازی ئابووریی پێگەیاندنی نەوە دوای نەوەی مرۆڤەکان بووە و بەدرێژاییی مێژوو منداڵ پێویستی بەشیری دایک هەبووە.

غەریزەی زێندی لە مرۆڤدا نە بۆ ئەوەیە گەورە بکرێتەوە و ببێتە هەموو بنەماکانی ژیان و نە بۆ ئەوەش کراوە کە بکرێتە ئەوزارێکی مایە پووک و ئەوەندە بچووک بکرێتەوە کە کەس بۆی نەبێت باسی لێوە بکات.

ئەوەی دەمەوێت باسی لەسەر بکەم پێوەندیی نێوان هەردوو رەگەزەکەیە کە پێوەندییەکی مرۆییە بەر لە هەموو تخوب و سنوور و هێڵێکی وەهمی کە ئەوانی تر دایان ڕشتووە. بەڵێ مرۆڤ دەبێت لەو مەسەلەیەدا کۆمەڵێک داوونەریت و پارێزگاریی کۆمەڵگە رەچاو بکات، بەڵام نەک بەو ئاستەی باسکردن و نووسین و ئەدەبی لێ قەدەغە بکرێت. جەستە کە جوانیبەخشە.. گەر هونەری نووسین نەبێت بە چ ئامرازێک گوزارشتی لێوە دەکرێت، منیش وەک نووسەرێک ئەدەبی ئابڕووبەر رەت دەکەمەوە، بەڵام ئەدەبێک بەوپەڕی جوانییەوە باس لە سێکس بکات ئەدەبێکە شایستەی رێز و پێزانین و ستایشکردنە. لە ئەدەبدا رێ پێدراو و قەدەغەکراو نییە، ئەوەی بەرهەمی ئەدەبی هەڵدەسەنگێنێت تاکە پێوەرێکە بەتەنیا تا چەند دەخوێندرێتەوە یان ناخوێندرێتەوە.

گەر لە هەوەڵی زەمەنەکانەوە پیادەکردنی سێکسیی نێوان نێر و مێ نەبوایە ئێستا نە ئێمە و نە ئەدەبەکەشمان نەدەبووین، "جا کە ئەدەب هێندە قەردارباری زێندە، بۆ گوزارشتکردن لێی، حەرام و تابۆ بێت.

لێکۆڵینەوە

حەمە مەنتک

# نووسەری کوشندە

لەم ڕۆژانەدا خەریکی خوێندنەوەی کتێبی (زمان، ئەدەب و ناسنامە)ی (د. هاشم ئەحمەد زادە) بووم، کتێبێکە شایەنی خوێندنەوەیە، یەکێ لەو زاراوە و چەمکانەی سەرنجی بردم چەمکی (نووسەری کوشندە) بوو، پێشتر چەمکی (خوێنەری کوشندە)مان لەلای (بەختیار عەلی) بیستووە. (بەختیار عەلی) لەم وتارەیدا خوێنەرێکمان لەنێو کورددا پێ دەناسێنێ کە توانای ڕاڤەکردن و خوێندنەوەی هەمەڕەنگی نییە، هەرچەندە ڕەنگە ئەم بۆچوونەی ناوبراو بۆ خوێنەری ئێستا پڕ بەپێستی نەبێ، چونکە خوێنەری ئێستا (بێگومان خوێنەرە چالاکەکان) بەهۆی ئاشنابوونیان بە میتۆد و قوتابخانە ڕەخنەییەکان توانای ڕاڤەی جودا جودای هەیە.

(هاشمی ئەحمەد زادە) لەژێر ڕۆشنایی تیۆرەکەی (ڕۆلان بارت) کە (مەرگی نووسەر)ە ئەم چەمکە دەناسێنێ، ئێمە لە نووسەری قەرز دەکەین، لە ڕێیەوە دەچینە نێو کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی ئەم جۆرە نووسەرانە. ئایا نووسەرانێکی وەها چەندە ڕۆڵیان لە کوشتنی بیری خوێنەر هەیە؟ ئایا دەقگەلی وەها تا چەندە زەمەن دەبڕن؟ نووسەرگەلی کوشندە چ دەقگەلێک بەرهەم دەهێنن؟ لە ڕێی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەوە هەوڵ دەدەین ڕاڤەیەک بۆ ئەم تەرزە نووسەرە بکەین.

ئەوە ئاشکرایە تا هاتنی بنیاتگەرەکان دەسەڵاتی باڵا لە دەق بەدەست نووسەرەوە بوو،

نووســـەری دەق لەژێر ڕۆشنایيی بۆچوون و ئايديۆلۆجـيـای خـۆی دەقی دەنووسی، دەق هەڵگری تێـمـە و مــەبەسـتـی نووســەر بوو، بۆ نموونە نووسـينی دەقی ڕۆمـان شـێـوازی گێڕانەوەی تاکدەنگی بوو و تێيدا دەسـەڵاتی نووسـەر بەسەر کارەکتـەرەکانەوە زاڵ بوو و جووڵە و پەيڤ و بيرکردنەوەی کارەکتەرەکان ملکەچی پەيڤ و ئايديۆلۆجيای نووسەر بوون. بەڵام لە سـەرەتای سـەدەی بيسـتـەم و لەگەڵ ڕاڤەکانی (ميـخاييل باختين) بۆ ڕۆمـانەکانی ديسـتۆيفسکی نووسـينی ڕۆمـانی فرە دەنگ هـاتـە کايەوە، لەوێدا ئازادی بە کارەکتـەرەکان درا خـاوەن چيـرۆک و پەيـڤی خـۆيان بن و تەنانـەت بۆيان هـەبوو بـبن بە وەگـێـڕ (ڕاوی). لە بنيـاتگەرەکانيشـەوە گرينگی بە خـوێنەر درا و خـوێنەر بوو بە چەقی بەرهـەمـهـێنانی واتا و ڕاڤـەی جـودا لەنێـو دەقـدا، تەنانەت نوێـترين مـيـتـۆد و تيـۆر لە ڕەخنەی ئەدەبيی ئێسـتـا، مـيـتۆدی (ئێسـتـاتيکای وەرگر/ خـوێنەرە). ئەم ميـتۆدە گرينـگی بەو ڕاڤانە دەدا کە خـوێنەر لەنێو دەقەکە بەرهـەمی دەهێنێ.

ئەگـەر لـە حـاڵـی ئێـسـتـای ئەدەبی کـوردی بـنۆڕين نووسـەرە کـوشـندەکـان بە دەقـە کـوشندەکانـيـان باڵادەسـتـتـرن لە دەقی نووسـەرانە، دەقی نووسـەرانە زاراوەيەکـە (بـارت) خـاوەنـيـەتـی ئەو دەقـەيە کـە "خـوێنـەر ناکـاتە بەرخـۆر، بگرە دەيکاتە بەرهـەمـهـێنەر و خولقێنەری دەق."١ ئەمە دەقی ئەو نووسـەرانەيە کە دەقەکانيان بەکراوەيی بۆ خوێنەر بەجێ دەهێڵن. ئەوەی دواجـار کۆدەکانی دەق دەکاتەوە، ئەوەی دواجار واتا و ڕاڤەی تر، بەرهـەمی تر لەنێـو ئەو دەقـە هەڵدەهێنجێت خـوێنەرە، ئەوە تاکە تێـمـە و بيری نووسـەر نييـە لەنێو دەقـەکە، بگرە ئەو واتايەيە کـە خـوێنەر دەيخـولقـێنێ، زۆربەی جـاريش ئەو واتا و ڕاڤـەيە لەگەڵ مەبەست و تێمەی نووسەر تێک ناکەنەوە.

نووسـەری کوشـندە نووسـەرێکە هيچ مـەودايەک بۆ خـوێنەر ناهێـڵـێتـەوە، نووسـەرێکە لەسـەر کوشـتنی بيری خوێنەر کار دەکات، نووسـەرێکە "ڕێگە بە خـوێنەر نادات لە ڕەوتی خوێندنەوەدا بەرهـەمهێنەری مانا و لە ڕاستيدا دەقێکی نوێ بێت."٢، کەواتە نـووسـەری بە توانا دەقێک بەرهـەم دەهـێنێ خوێنەر بتوانێ بەهۆی خـوێندنەوەکانی خـۆی دەقێکی تری لێ بەرهـەم بهێنێ کە ئەمەش ڕاسـتەوخۆ خـوێنەرێکی چالاکمـان بۆ بەرهـەم دەهێنێ. نووسـەری کوشندە لەنێو ئەدەبی کوردی بەرهـەمهێنەری دەقی نائەدەبی و ناهونەرين لە بەرهـەمهێنانی نووسـەری کوشندەدا حزب دەسـتێکی باڵای هـەيە، نووسـەرگـەلێک ئەدەب بۆ مەرامی حزبی بەکـار دەهێنن چۆن لە سـەردەمی شـيـوعـيـيـەکان لـە ڕووسـيـا ئەو نووسـەرانەی نووسين و

دەقەکانیان خزمەتیان بە ئایدیۆلۆجیای حزبی شیوعی نەکردبا بۆ تاراوگە ڕاو دەنران، (پاستێرناک)یش نموونەیەکی دیارە و هەر دەقێک بارگاوی بە مەرام و ئایدیۆلۆجیای حزبی بێت دەقێکە مردنی لەگەڵ بڵاوکردنەوەیەتی. نووسەری کوشندە خوێنەر دەکوژێ و بوار بۆ ئامادەیی خوێنەر ناهێڵێتەوە "کە خوێنەر ئامادە نەبوو، بەرەنجامەکانی لەسەر تەواوی ڕۆشنبیری دەردەکەوێتەوە و گەورەترین زیانێک کە ونبوونی خوێنەر دروستی کردووە مردنی ڕەخنەیە. یەکەمین شت کە لەگەڵ مردنی خوێنەردا دەمرێت ڕەخنەیە."٣ ، گەورەترین زیانێک نووسەری کوشندە لە دەق و ئەدەبی بدات کوشتنی ڕەخنەیە، چونکە دەق بە شێوەیەک سنووردار و بەرتەسک دەکاتەوە کە بوار بۆ بیرکردنەوەی تر ناهێڵێتەوە ، ئاخر نووسەری کوشندە دەق لە قاڵب دەدا و تەنانەت وای لێ دەکا هیچ میتۆدێک بۆ ڕاڤەکردنی گونجاو نەبێ و گرینگی بە لایەنی هونەری و زمانی دەق نادات، بگرە زیاتر بایەخ بەو تێمە ئایدیۆلۆجیایە دەدا کە دەقی لە پێناو دەنووسێت.

کۆمەڵێک لەو نووسەرە کوشندانە کۆمەڵێ کۆوار و ڕۆژنامەیان بۆ دەردەکرێ، لەوێدا ئەو ژەهرە کوشندەیە بەناوی دەق و نووسینی ڕەخنەیی دەخەنە جەستەی ئەو بوونە بەستەزمانەی نێوی ئەدەبی کوردییە، ئەمەیش بێگومان کاریگەریی لەسەر ڕەوتی هونەری ڕەخنە دەبێت و هەروەها نووسەری کوشندە لە نووسینەکانیدا بە ئاشکرا مەرامی خۆی بەرانبەر ئەوی تر دەردەبڕێت، زۆرجار لە بریی ئەوەی بە پێوەر و میتۆد دەق هەڵسەنگێنێ و کۆدەکانی بکاتەوە، هەوڵ دەدا قسە لەبارەی کەسایەتیی نووسەری دەقەوە بکا هەر بۆیە ئەم نووسینانە نەوەیەکمان بۆ پەروەردە دەکەن کە بەبێ میتۆد و پێوەر ڕای خۆی دەربڕێت، کۆوار و ڕۆژنامە کوشندەکانیش ئەوەندەی بایەخ بەو نووسینە کوشندانە دەدەن نیو هێندە بایەخ بە دەقی نووسەرانە نادەن. "ئەو بەناو ڕەخنە و وەشاندنە فرانەی ئەدەبی کوردی هێشتا پێکهاتەیەکی خێڵەکی و کێبەرکێی بازرگانی لە پشتەوەیان ئامادەیە، بۆیە خەمی ئەو کۆوار و بەناو ڕەخنەگرانەیش هەر پەسندانی ئێل و ئەشیرەتەکەی خۆیان و پڕکردنەوەی ئارەزووە ڕووکەشەکانی خۆیانە."٤ ئەمە هۆکاری ئەو کارەساتەیە، کە ئێستا بەرۆکی ئەدەبی کوردیی گرتووە، کارەساتی ئەوەی ڕەخنەیەکمان نییە لەسەر بنەمای میتۆد و دەق خوێندنەوە ڕاڤە بۆ دەق بکا، بۆیەیش ڕەخنەی ئەدەبی وەکو کایەیەکی سەرەکیی ئەدەبناسی بوونی لەنێو ڕۆشنبیری و ئەدەبیاتی ئێمەدا لاوازە، چونکە نووسەرانێکمان هەن کار بۆ کوشتنی ئەو کایە گرینگەی ئەدەبناسی دەکەن نووسەرانێکی کوشندەن و خوێنەرانێکی کوشندە بەرهەم دێنن. ئەو خوێنەرە کوشندانەی (بەختیار عەلی) زۆر

هونەرییانە وەسفیان دەکا بەوەی یەک وەزیفەیان هەیە، ئەویش دەرکردنی حوکمی سەرپێییانەیە بەسەر دەقدا حوکمی (زۆر جوانە، یان زۆر خراپە)، بەڵام بەبێ ئەوەی خوێندنەوەی تری هەبێ، بەبێ ئەوەی ئەو پێوەرانەمان پێ بڵێت بۆ جوانە؟، یان بۆ خراپە؟ بە چ پێوەرێک و لەژێر چ میتۆدێک؟

نووسەری کوشندە دەقگەلێک بەرهەم دێنێت کە یەک ئاسۆی خوێندنەوەی هەبێت و هەوڵی قوفڵدانی بیری خوێنەر دەدات، ئێستا لەنێو ئەدەبی کوردیدا نووسەرانێکی بەناو لێکۆڵەر و ڕەخنەگر بوونیان هەیە و دەچنە ژێر پێناسەی نووسەری کوشندەوە، چونکە لە نووسینەکانیان دەقی تر بەرهەم ناهێنن و بەبێ هیچ پێوەرێک دەق دەخوێننەوە، بۆ نموونە ئەگەر کاری ڕەخنەیی لە دەقێکی شیعری بکا ئەوە تەنیا دێرە شیعرەکان ڕاڤە دەکا و واتایان بۆ خوێنەر دەنووسیت واتا شاعیر بە شیعر تێمەیەکی دەربڕیوە و کاکی بەناو ڕەخنەگر بەبێ هیچ میتۆدێک بە پەخشان واتای دێرە شیعرەکان دەنووسێتەوە بەبێ ئەوەی واتایەکی جودا بئافرێنێت و بەبێ ئەوەی کۆدەکانی دەق بکاتەوە. ئەم نووسەرە کوشندانە ئەرکێک دەخەنە سەرشانی نووسین و ڕەخنە، کە ئەمە ئەرکی ڕاستەقینەی نووسین و ڕەخنە نییە، چونکە دەقی نووسەرانە ئاسۆکانی بە ڕووی خوێنەر دەکاتەوە ئەمەش هەمان ئەو چەمکەیە کە (ئیمبەرتۆ ئیکۆ) پێی دەڵێت "دەقی کراوە"، ئەمە دەقێکە ڕاڤە و خوێندنەوەی جودا هەڵدەگرێت و بەرانبەر بەوە (ئیکۆ)، (دەقی داخراو)مان پێ دەناسێنێت، ئەمەیان دەقێکە ئەزموونی خوێندنەوە تێیدا ئەزموونێکی سنووردارە و خوێنەر ناتوانێت واتای جودای لێ هەڵێنجێت، نووسەری ئەم دەقانە نووسەرانێکی کوشندەن نووسەرانێکن دەیانەوێت هەر خۆیان تاکە نووسەر بن و تێمەی ئەوان تاکە تێمە بێ لەنێو دەقەکە و هەر ئەم نووسەرانە زەوینە بۆ داخستنی دەرگە و پەنجەرەکان لەسەر خوێنەر خۆش دەکەن.

سەرچاوە و پەراوێزەکان:

١- توێژینەوەی تیۆری ئەدەبی، راجێر وێبستێر، و: عەبدولخالق یەعقووبی، دەزگای موکریان، هەولێر، ٢٠٠٦، ل ١٨٩.

٢- زمان، ئەدەب و ناسنامە، د. هاشم ئەحمەد زادە، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠١٢، ل ١٥٣.

٣- خوێنەری کوشندە، بەختیار عەلی، چاپخانەی رەنج، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٣١- ٣٢.

٤- شەبەنگی بوون زایەڵەی دەق، هەندرێن، یانەی قەڵەم، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ٨٢.

ریاز خەلیل

# چەند بیر و بۆچوونێک لەبارەی کورتەچیرۆکەوە

وەرگێڕانی: سەنگەر زراری

١

هەڵەیەکی باو هەیە کە زۆرجار دووبارە دەکرێتەوە، ئەویش ئەوەیە چیرۆک بە "گرتە" دەچوێنرێ، (گرتە) زاراوەیەکی درامیی ناسراوە، راستییەکەی ئەوەیە کە دەبێ چیرۆک بە دەقێکی درامی وەکو گشتێک بچوێندرێ نەک بە تاکە گرتەیەک، تەنانەت دەبێ بە دراما وەکو کارێکی تەواوکراو لەسەر شانۆ، یان تەواوکراو بە وێنەگیراوی بچوێندرێ، چیرۆک هاوتای بنیاتی دەقێکی درامییە.

گرتە بەبێ زنجیرەیەک گرتەی تر هیچ بایەخێکی نییە، کە پێکەوە دیمەنێک دروست دەکەن، هەروەها دیمەنیش وێنەیەکی تەواومان لەسەر کارەکە پێ نادات، ئەگەر پێوەست نەبێ بە دیمەنەکانی تری کارە درامییەکە.

هەموو رستەیەک لە کورتە چیرۆک، وەکو (گرتە)یەکە، هەموو پەرەگرافێک، یان پارچەیەکیش بە دیمەنێک دادەنرێن کە لایەنێکی چیرۆکەکە وەکو گشت دەخاتە ڕوو.

٢

خزمایەتییەک لە نێوان هەردوو رەگەزەکەدا هەیە: چیرۆک و دەقی درامی، ناکرێ ئەو

پێوەندییە گەرمەی نێوانیان فەرامۆش بکرێت، بەڵام ئایا جۆری ئەو پێوەندییە چییە و چۆنە؟

چیرۆک: دەقێکی درامی نییە.. درامای شانۆیی یان تەلەڤزیۆنیش نییە، بگرە درامایەکی ناڕاستەوخۆیە. شانۆکەی خودی وەرگرە، جا بە گوێگرتن بێ، یان بە خوێندنەوە. لە خوێندنەوەی چیرۆکدا وەرگر رۆڵێکی گرینگی لە دروستکردنی دراما هەیە و وەکو دەرکەوتەیەکی پۆزەتیڤ لە قۆناغە جیاجیاکاندا رۆڵ دەبینێ.. لە خوێندنەوەی چیرۆکدا، خوێنەر رۆڵی نووسەر و دەرهێنەر و ئەکتەر و سیناریست و مۆنتێر و رۆڵی تریش دەبینێ. کە ناتوانێ لە کارە درامییە ناسراوەکانی تردا ئەم کارانە بکات، بەم جۆرەش درامای چیرۆکی، بە ئەندازەی خوێنەرەکانی شێوەی جۆرەوجۆر وەردەگرێت، لێرەدا گوێگر یان خوێنەر نوێنەرایەتیی چیرۆکەکە دەکات و لە رێگەی خەیاڵکردنەوە بە شیکردنەوە و دروستکردنەوە و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی لە شێوەی درامایەکی خەیاڵکراودا، چارەسەری دەکات، ئەو، واتا خوێنەر، خەیاڵی رووداو و کەسایەتییەکان و ململانێ و کات و شوێنەکان دەکات، لەگەڵ وێستگە و ئەنجامەکاندا دەژیێت، هەڵوێستی دەروونی و زەینییان بەرامبەر وەردەگرێ.

هەرچی درامایە، هەموو ئەو شتانە بۆ وەرگر دەستەبەر دەکات و چیرۆکێکی ئامادەی دەخاتە پێش، بەڵام لەپێش چاو و هەست و ئیدراکەکانیدا بەشێوەیەکی راستەوخۆ روو دەدەن، بەم جۆرەش، دراما پێشوەختە شێوەیەکی دیاریکراو و ئامادەی هەیە و دەیبەخشێت.

٣

ئەگەر چیرۆک، دەقێک، یان کارێکی درامی نەبوو، ئەوە پێچەوانەکەی راستە، چونکە هەموو دەقێک یان هەموو کارێکی درامی، چیرۆکە، هەروەکو پێناسەکان بەیەکەوەیان کۆ دەکەنەوە: "دراما کورتە چیرۆکە، یان چیرۆکێکە بە وێنە دەگێڕدرێتەوە" و "دەقی درامی، چیرۆکێکە بە جۆرێک نووسراوە، کە دەتوانرێ لە رێگەی رۆڵبینینی کاراکتەرەکان و وێنەگرتنەوە پراکتیک بکرێ"، واتا دەقی درامی رۆحی درامایە. بەرنامە و هێڵکارییەکانی لەسەر کاغەزە، هەنگاوی راستەوخۆی دوای ئەو، جێبەجێکردنیەتی، هەندێک جاریش ئەم دوو هەنگاوە بە هاوتەریبی لەگەڵ یەک دەڕۆن.

دەقی درامی گرینگی بە گوزارشتکردن لە وردترین وردەکاری دەدات، دەبێ هەموو ئەو

هەنگاوانەی کە دەنرێن و بەرجەستە دەکرێن روون بکرێنەوە، بەڵام چیرۆک پابەند نییە بەو مەرجانەوە و ئەم کارانە خزمەتی ناکەن، پابەند نییە بە تەکنیکەکانی نووسینی درامی، هەروەها پێویستیش نییە پابەند بێ پێیەوە و بکەوێتە ئەم داوەوە، چونکە کاری چیرۆک نییە و ناچێتە چوارچێوەی ئەرکەکانی چیرۆکەوە.

٤

چیرۆک بەوە دەناسرێتەوە کە مادەیەکی ئەدەبییە، بۆ بەکارهێنانی لە کاری درامیدا دەگونجێ، چونکە لە رووی تیۆرییەوە بنەمای چیرۆک، وەکو هەر کارێکی تری درامییە، لە بەرامبەریشدا چیرۆک دەتوانێ سوود لە تەکنیکەکانی دەقی درامی وەربگرێت، بەڵام تا ئەو رادەیەی کە زیان بە تەکنیکی چیرۆکەکە نەگەیەنێت و دەستکاریی تایبەتمەندییەکانی چیرۆکەکە نەکات، کەم چیرۆک هەیە سیناریۆی (بە کەمی) تێدا بەکار هاتبێت و سەرکەوتوو بووبێت لە دروستکردنەوەی چیرۆکەکە و بەم هۆیەوە هێز و جۆرێتی و سەرنج راکێشییەکەی زیادی کردبێت.

٥

دراما: گوزارشتکردنە لە رێگەی کەسایەتی و وێنە، بەڵام شێوە ئەدەبییە بڕیارلێدراو و بیستراوەکان، گوزارشتکردنن بە زمان و بە موفرەدەکانی زمان، لە سەردەمی ئێستاشماندا رووبەڕووی شۆڕشی راگەیاندن و شۆڕشی پێوەندییەکان دەبینەوە، ئەم شۆڕشانە دێنە ناو ژیانمانەوە، هێرش دەکەنە سەر ماڵ و (خود)ەکانمان، دووبارە بنیاتی ئەخلاقی و دەروونی و فیکری و هونەریمان دادەڕێژنەوە، بە هۆی هێزە سەرنج راکێشەکانیان.. دەبنە وەڵامدەرەوەی ئەو پێداویستییە تاکی و کۆمەڵییانەی کە بەردەوام لە زیادبووندایە، هەموو شۆڕشێکیش باشی و خراپیی خۆی هەیە. شۆڕش چەکی دووسەرەیە، سەرێکی بەسوودی هەیە و سەرێکی زیانبەخشیش، لێرەشەوە گرینگیی دیاریکردن و هەڵبژاردن بەدیار دەکەوێ، بۆ ئەوەی بتوانین دەستکەوتەکانی شۆڕش کۆنترۆڵ بکەین و بزووتنەوەکەی ئاراستە بکەین، نەوەک پێچەوانەی ئەمە روو بدات. ئەوەی زیاتریش شۆڕش لە رێگەیەوە بەرجەستە دەبێت، پێشکەوتنی گەورەی رۆڵی پێوەندیکردن و راگەیاندنی بینراوە کە تەلەڤزیۆن ئامرازە سەرەکییەکەیەتی و کۆمپیوتەریش ئامرازی دووەمیەتی.. سەرکەوتنی بەیەکەوەبەستنەوەی ئەم دوو ئامرازەش بەیەکەوە، لە رێگەی تۆڕی ئینتەرنێتی

جیهانی دەبێ، بە بەکارهێنانی مانگی دەستکرد بۆ بەیەکەوە گرێدانی ناوچەکانی جیهان لە هەموو بوارە جۆرەوجۆرەکانی پێوەندیکردن و پێوەندیی مرۆیی.

٦

لەم سەردەمەدا کە هەوەس و ئارەزووەکان ناجێگیرن و لە گۆڕان و پێشکەوتنی بەردەوامدان، دەسکەوتە تەکنیکی - زانستییە بێ سنوورەکان لە زیادبووندان، ئەدەب بە هەموو شێوە باوەکانیەوە.. بەتایبەتیش ئەدەبی خوێنراو، رووبەڕووی تەحەدایەکی گەورە دەبێتەوە، هەموو ئەدیبێک و هەموو ئەوانەی لە بواری ئەدەبدا کار دەکەن، هەست بەو تەحەدایە دەکەن کە لە رێگەی گوزارشتە بینراوەکان و لە رێگەی تەلەڤزیۆن و کۆمپیوتەرەوە رووبەڕوویان دەبێتەوە، ئەم شێوە گوزارشتانە، وەکو کێبەرکێکارێکی گەنج و بەتوانا دێنە گۆڕەپانەکە و کێبەرکێ لەگەڵ شێوەکانی گوزارشتی ئەدەبی دەکەن کە چەند ساڵ و سەدە و سەردەمێک بوو، هیچ کێبەرکێکارێکیان نەبوو، وەکو ئێستا رووبەڕووی هیچ فشارێک نەدەبوونەوە. بەڵام ئێستا بەدەست پاشەکشە و بچووکبوونەوەی سنووری دەسەڵاتەکەیان و ئامادەیی کۆمەڵایەتییانەوە دەناڵێنن، لە بەرامبەردا، دەسەڵات و ئامادەگی گوزارشتی بینراو، لە زیادبوون و فراوانبوونی بازنەکەیدایە و هەموو تاکەکەس و هەموو ماڵێک داگیر دەکات، پرسیار ئەوەیە: چی روو دەدات و داهاتووی ئەم ململانێ و تەحەدایە چییە؟

٧

سەبارەت بە شانۆ، ئەوە ئاشکرایە کە لە بەرامبەر درامای بینراودا پاشەکشەی کردووە، بەڵام هەوڵ دەدات خۆی لەگەڵ بارودۆخی نوێدا بگونجێنێ، ئەویش لە میانەی توانای وێنەگرتنی و پێشاندانی لە تەلەڤزیۆندا، لەوێشەوە دەرفەتی ئەوەی دەبێ بگاتە جەماوەرێکی زۆر و بچێتە ناو ئەم شاشە بچووکەوە و هەموو ماڵێک داگیر بکات.

٨

بەڵام رۆمان، زیاتر لە هەموو شێوەکانی تری گوزارشتکردن، کاریگەرە بە هێرشی تەلەڤزیۆن و بارودۆخە نوێیەکە.

پێش چاخی تەلەڤزیۆن، رۆمان تەلەڤزیۆن بوو، وەسفی شتەکانی دەخستە روو، حیکایەتی دەکرد و چێژی دەبەخشی و هانی عەقڵ و خەیاڵی دەدا، گەشەی بە توانای

زمانەوانیی جەماوەر دەدا. بۆیە جەماوەرێکی بەرفراوانی هەبوو، ئامادەبوونێکی باشی لە ناو خەڵکدا هەبوو.

بەڵام ئێستا رۆمان بەختی رۆیشتووە، خەڵک رووی کردووەتە رۆمانی تەلەڤزیۆنی، ئەویش پاش ئەوەی بە شێوەی دراما خرایە روو. یان لە رێگەی ئەو درامایانەی ئێستا بە شێوەی زنجیرە و نواندن و فیلمی سینەماییی تەلەڤزیۆنی (واتا پێشاندان لە رێگەی شاشەی بچووک)ەوە پێشان دەدرێن. بەهای رۆمان هەرچەندێک بێت، ئەم بەهایە وەکو پێشوو یارمەتیی بڵاوبوونەوە و خۆسەپاندن و ئامادەگی لەنێو خەڵک نادات، هەروەها بە زەحمەت دەتوانێ سوود لە هۆکارەکانی راگەیاندنی خوێنراو وەربگرێت، چونکە ئامرازەکانی راگەیاندن دەرفەت لە بەردەم بڵاوبوونەوەی رۆمان بچووک دەکەنەوە، تەنیا لە هەندێ حاڵەتی کەم نەبێت، کە رۆمان تیایاندا بە ئەڵقە بڵاو دەبێتەوە، سەرەڕای ئەمە، دەبینین رۆژ بە رۆژ ئەم کارە بەرەو کەمی دەڕوات.

رۆژنامە و کۆوارەکان زیاتر بەلای ئەوەدا دەچن، رێنوێنیی بڵاو بکەنەوە و رووبەرەکانیان بە جۆرەکانی تری گوزارشتکردن پڕ بکەنەوە، لەوانەش: شێوەکانی گوزارشتی رۆشنبیری و ئەدەبی و هەواڵی.

لێرەوە دەشێ لەبارەی داهاتووی رۆمان و توانای لە رووبەڕووبوونەوەی بەرەنگارییەکان و لە دەستنەدانی خوێنەری بەردەوام، کە بتوانێ کاتێکی زۆر بۆ خوێندنەوەی رۆمان تەرخان بکات و چەند رۆژێک بخایەنێت، پرسیار بکەین کە ئایا ئەمە دەکرێ؟

٩

تەلەڤزیۆن و کۆمپیوتەر، رۆژ بە رۆژ زیاتر شێوازە جیاوازەکانی گوزارشتکردن کۆنترۆڵ دەکەن و ئەرکەکانی ئەوان بە کارامەیی جێبەجێ دەکەن، تەلەڤزیۆن و کۆمپیوتەر رۆڵیان لە بەرفراوانکردنی زانیاریی زانستی و ئەدەبی و هونەریدا هەیە، هەموو بوارەکانی چالاکیی کۆمەڵایەتی دەگرنەوە، وەکو فێرکردن و پەروەردە و کات بەسەربردن و هەواڵ و چیرۆک و رێکلام و... زۆر بواری تر، ئەمەش وای لێ کردوون ببنە دوو گرینگترین ئامرازی ئەم سەردەمە، چونکە بە هێزێکی زۆرەوە بەشداریی لە دووبارە بنیاتنانەوە و پەروەردەی مرۆڤ و دروستکردنی چێژ دەبین و کاریگەرییان لەسەر بنیاتی هەڵسوکەوت و فیکر هەیە، لە بەرامبەر ئەم توانا بەهێزەشدا، هیچمان پێ ناکرێ، تەنیا ئەوە نەبێ کە هەوڵ بدەین بەسەریاندا زاڵ بین و کاریان پێ بکەین و بەو جۆرە ئاراستەیان بکەین و بەکاریان بێنین

کە سوودمان پێ بگەیەنن، لەگەڵ میتۆدەکانیان بگونجێین و لایەنە خراپەکانیان پەراوێز بخەین. دەبێ دان بە دەسەڵاتە گەورەکانیاندا بنێین.

١٠

دەگەڕێینەوە سەر کورتە چیرۆک، وەکو یەکێک لە رەگەزە ئەدەبییە خوێندراو و بیستراوەکان، بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی بەرەنگاری گوزارشتکردنی نوێدا، لەسەر بارودۆخ و داهاتووی ئەم هونەرە بوەستین.

کورتە چیرۆک: هونەرێکی زۆر نەرم و زۆر هەستیارە و کاریگەرە بە هەموو ئەو شێوە گوزارشتکردنانەی تر، کە لەگەڵ ئەودا دەژین، دەبینین بەختی مانەوەشی هەیە، بەتوندی رووبەڕووی هۆکارەکانی پیربوون و لەناوچوون دەبێتەوە، توانای نوێبوونەوە و خۆگونجاندنی لەگەڵ بارودۆخ و مەرجە نوێکاندا هەیە.

١١

کورتە چیرۆک زیاتر لە هەموو شێوەکانی تری گوزارشتکردن و مەعریفە سوودبەخشە، کورتە چیرۆک هەندێ لە لایەنە هونەرکارییەکانی لەسەر دەستکەوتە زانستییەکان دادەمەزرێنێ، بەتایبەتیش زانستە مرۆییەکانی وەکو کۆمەڵناسی و دەروونزانی و لۆجیک. توانیویەتی ئاسۆی پێشکەوتنەکانی فراوان بکات، توانای ئەوەی هەیە رۆ بچێتە ناو قووڵاییەکان، لەوانەش گەنجینە و قووڵایی کەسایەتی و رووداوەکان و واقیع و قووڵایی ناخ و دەرەوە بەیەکەوە، نەبینراوی سەرداپۆشراو، دەکاتە بینراوێکی روون و دیار. هەروەها توانیویەتی میکانیزمەکانی روانگە و نمایش و بنیاتنانی نوێ بەکار بێنێ، رێکخستنە رێبازگەرایی و قوتابخانەییەکان و سیستەمی بنیاتی کلاسیکیی تێ پەڕاندووە.

١٢

کورتە چیرۆک سوود بە شانۆ و رۆمان و نامە و ژیاننامە و حیکایەت و هەواڵ و سیناریۆ و شێوە جیاوازەکانی گوزارشتی رۆژنامەوانیش دەگەیەنێت.. هەروەها سوود بە زمانی نیگارکێشان و مۆسیقا و شیعر و هەموو شێوە گوزارشتە باوەکان دەگەیەنێت.

١٣

درێژیی کورتە چیرۆک و زەمەنی خوێندنەوەی، کاتێکی کەم لە خوێنەر یان گوێگر دەبات (چەند خولەکێک تا نزیکەی نیو کاتژمێر)، واتا کەمتر لە ماوەی تەماشاکردنی یەک ئەڵقەی زنجیرەیەکی تەلەڤزیۆنی.

ئەم تایبەتمەندییە وا دەکات کورتە چیرۆک بەسەر رۆمان و هاوشێوەکانیدا سەرکەوێ. دەتوانرێ چیرۆک پێشکێش گوێگران بکرێت، بەڵام رۆمان بە هۆی درێژییەکەیەوە ناتوانرێ لە هۆڵێک یان سەنتەرێکی رۆشنبیری پێشکێش بکرێت.

هەروەها کورتە چیرۆک، دەرفەتێکی باشتری هەیە لە بڵاوبوونەوە و بڵاوکردنەوەی لە لاپەڕەی رۆژنامە رۆژانەییەکان و کۆوارەکاندا، چونکە رووبەرێکی زۆری ناوێ، ئەمەش بۆ رۆمان ناگونجێ، بە دەگمەن و لە شێوەی ئەڵقە نەبێ. بڵاوکردنەوەی کورتە چیرۆک داوونەریتێکی رۆژنامەوانییە، کەم رۆژنامە و کۆوار هەیە، جا چ سیاسیی هەواڵی بێت، یان کۆمەڵایەتی یان هونەری و تەنانەت رۆژنامە تایبەتەکانیش چیرۆک فەرامۆش بکەن، چونکە تەنیا رووبەرێکی بچووکیان لێ داگیر دەکات، هەروەها لەبەر ئەوەش چێژ و خۆشییەک بە کۆوار یان رۆژنامەکە دەدات و جەماوەر و خوێنەری خۆی هەیە و چێژی لێ وەردەگرن. بڵاوکردنەوەی چیرۆک لە رۆژنامە، واتای ئەوەیە کە ئەم چیرۆکە دەگاتە جەماوەرێکی زۆر، تیراژی هەندێ رۆژنامە لە دەیان و بگرە سەدان هەزار دانە تێ دەپەڕێت، بابەتی رۆژنامەوانی، بووەتە بابەتی ئامادەی بەردەوام، هەروەها کورتە چیرۆک دەتوانرێ پەخش بکرێت، هەروەکو لە زۆرێک لە رادیۆ عەرەبی و نێودەوڵەتییەکان بڵاو دەکرێتەوە..

١٤

ئەو تایبەتمەندییانەی باسمان کرد، وا لە چیرۆک دەکەن ببێتە هونەرێکی خۆشمەشرەب و سێبەرێکی خۆش. خوێنەر دەتوانێ خۆی شوێن و کاتی خوێندنەوەی دەستنیشان بکات، بەڵام زنجیرەی تەلەڤزیۆنی و شانۆگەری، ئەم هەڵبژاردەیان نییە و کات و شوێنی دیاریکراویان هەیە.

چیرۆکێک لە رۆژنامە بڵاو کرابێتەوە (بۆ نموونە)، مرۆڤ دەتوانێ خۆی ئان و ساتی خوێندنەوەی بەو شێوەیە دیاری بکات کە خۆی دەیەوێ، لە ماڵەوە، لە باخچەی گشتی، لە قاوەخانە، لە نووسینگە یان شوێنی کار، لەناو پاس.. لەناو فڕۆکە، یان لە هەر شوێنێکی

تر، هەروەها لە هەر کاتێک بێ، بەیانی.. نیوەڕۆ.. ئێوارە.. نیوەشەو.. تاد..

ئەم تایبەتمەندییە وا دەکات پێوەندیی نێوان کورتە چیرۆک و خوێنەر پێوەندییەکی خۆشەویستانە و دیموکراسییانە بێت، چونکە باری خوێنەر قورس ناکات و شوێن و کاتێکی دیاریکراو و مەرجی بەیەکگەیشتنی بۆ دانانێت، ماندوو و بێزاری ناکات، میوانێکی ڕەزاقورس و بێزارکەر نییە.

١٥

کورتە چیرۆک هەم بە شێوەکەی و هەم بە ناوەڕۆکەکەی، بەرەو (ئەوانی تر) هەنگاو دەنێ، بۆ ئەوەی وەڵامی پێداویستییەکانیان بداتەوە، بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکانیان. بۆ ئەوەی ئەم هاوکێشەیەش بەدی بێ و ئەرکەکەی سەرکەوتوو بێ، کورتە چیرۆک هەموو ئەو هۆکارە هونەری و شێوازە تەکنیکییە فیکری و ئەدەبییانەی هەیەتی بەکاری دەهێنێ، تاکو بەسەر خوێنەردا زاڵ بێ و داگیری بکات.

١٦

تۆ هەمیشە روو لە قسەی ناپەسند و بێزارکەر وەردەگێڕیت، بەڵام قسەی بەجێ و خۆش سەرنجت رادەکێشن.

زۆرجار لەوانەیە دووجار نوکتەیەک ببیستی، لە دوو کەسی جیاواز و بە دوو شێوازی جیاواز. بەڵام دەبینی کاردانەوەت لە هەردوو جارەکە جیاوازە، هەست دەکەی یەکێکیان زۆر بە ساردی بۆتی دەگێڕێتەوە و لە گێڕانەوەکەیدا سەرکەوتوو نییە، بەڵام ئەوی تریان زیندوویێتیی پێ دەبەخشێ و لە گێڕانەوەکەیدا سەرکەوتووە، لە کاتێکدا هەردوو بیرۆکەکە یەک شتن..

١٧

چیرۆکیش ئەو کاتە سەرکەوتن بەدەست دێنێ و خۆی بەسەر ئەوانی تردا دەسەپێنێ، کە بە ئەندازەیەکی زیاتر فزوڵیەت و هەستکردن بە جوانی و خۆشی لە کەسایەتی و هەڵوێستی کەسایەتیی ئەوانی تردا بجووڵێنێت، شتی لە ناکاو و کۆنتێکستی گونجاو دروست بکات، بە جۆرێک نەبێ کە خوێنەر خاو ببێتەوە و سکاڵای لە دەست بکات.

زۆرجار کەسێک پێت دەڵێت: "لەوی ترم پێ بدە" ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئەو کەسە

ئامـادە نییـە کـاتی خـۆی بە قسـەی پڕوپووچ سـەرف بکات و گرینگیی پێ نادات. هـەمـوو مرۆڤێک دەیەوێ بە کورتی بابەت و رووداوەکانی پێشکێش بکرێ، بەڵام کورتی و پوختییەک بە جۆرێک نـەبێ کە بێ مـانا بێت. ئەمـەش بەرپرسیـارێتیی کورتە چیـرۆکە کە هەمـیشـە بتخـاتە بەردەم شـتی نوێ و خـۆش و جـوان و کـورت.. بتخـاتە بـەردەم لێژبوونەوەی یەک لە دوای یەک و سـەرسـووڕمـانـی یەک لە دوای یەک، بەوپەڕی نەرمی و میـهرەبانییـەوە دەسـتت بگرێ و گەشتێکی چێژبەخشت پێ بکات، بۆ دۆزینەوەی نهێنیی ناوچە بزرەکان و ئەنجامە گریمانکراوەکان. کورتە چیرۆک لەسـەریەتی خوێنەر بدزێت و عەقل و دڵی داگیر بکات، وای لێ بکات هیـوایەت و خـۆشەویسـتییـەکانی بجـووڵێنێت و خـوی لە بیـر خـۆی بباتەوە و دوای چیرۆکەکە بکەوێ و تیـایدا نقـوم بێت، بۆ ئەوەی چێژ و ئارەزووەکـانی پڕ بکاتەوە و وەڵامی فـزوڵیـەتەکەی بداتەوە و پێداویسـتیی هـەمـوو شـتـە نـوێ و لە ناکـاوەکـانی دەوروبەری بۆ پڕ بکاتەوە.

١٨

گـرینگترین بیـرۆکە کە پێویسـتە چیرۆکنووس بۆ خـۆی وەک ڕێبازێکی لێ بکات، ئەوەیە کە باشـترین پێوەری هونەری بۆ چیـرۆکەکە بەکار بێنێ، بەو جـۆرەی خـزمـەت بە چیـرۆکەکە بکات و بتـوانێ بە سـەرکـەوتنێکی زۆرەوە بیگەیـەنێتـە جـەمـاوەر، پێویسـتـە کـاتـێ چیـرۆک دەنووسـێت، هـەموو ئەو شـتـانە بەکار بێنی کە ئەو (ئەوی تر)ە رادەکێشـێ کە چیـرۆکەکـەی ئاراسـتـە دەکرێ و بە توندی سـەرنجی رابکێشـێ، ئەگـەر سـەرنەکـەوێ، واتا شـێـوازەکـەی سـەرکـەوتوو نەبووە و هونەری چیـرۆکەکەی سـەرکـەوتوو نییـە، لە ئەنجـامـیشـدا ئەو (ئەوی تر)ە لەدەست دەدات و چیی تر بەدوایدا نایەت.

هونەری چیـرۆکنووسی، ئەڵقـەی گەیاندنە لە نێوان (چیـرۆک) و (وەرگر)دا، سـەرکـەوتن و سـەرنـەکـەوتنـی ئەم پێـوەندییـەش وابەسـتـەی ئەم ئەڵقـەی گـەیاندنەیە.. تەنانەت ئـەگـەر چیرۆکنووس لە بەدیهێنانی هاوسـەنگی ئەم پێوەندییـە/هاوکێشـەیەدا سـەرکـەوت، دەبێ کـەڵکی لە بەهرە وەرگـرتبێ و چەکـدار بێ بە رۆشـنبـیـری و پسـپۆڕی و ئەزمـوون، باوەڕی بەوەش هـەبێ کـە وەرگـر، ئامـاژەیەکی راسـتـەقـینە و هـەسـتـپـێکراوی سـەرکـەوتنی هـەر چیرۆکێکە.

١٩

سەرەڕای ئەو گرینگی و ڕۆڵ و پێگەیەی کورتە چیرۆک لەناو رەگەزە ئەدەبییەکانی تردا هەیەتی، کەموکووڕییەکی بەرچاو لە بواری لێکۆڵینەوەی ئەدەبی لەبارەی کورتە چیرۆکەوە بەدی دەکرێت، ئێمە لە رووی لێکۆڵینەوە و کۆڕ و توێژینەوەی جیدیی پێویست، لەبارەی کورتە چیرۆکەوە هەژارین، بەرپرسیارێتیی ئەمەش دەکەوێتە ئەستۆی هەمووان: ئەدیبان، رەخنەگران، مامۆستایانی ئەدەبی عەرەبی، قوتابیانی خوێندنی باڵا. وەستان لەسەر گرینگی نەدان بە کورتە چیرۆک لە رووی رەخنەوە، چ لە ناوخۆی زانکۆکان و دامەزراوەکانی توێژینەوەی ئەدەبی، یان لە رێگەی دامەزراوەکانی رۆشنبیری و راگەیاندنی خوێندراو و بیستراو، کارێکی پێویستە.

هێچێک لە سیمینار و موحازەرە و لێکۆڵینەوە ئەکادیمی و نائەکادیمییەکان، لە هیچ لایەنێکی هونەری کورتە چیرۆک ناکۆڵنەوە.. من دەپرسم: ئایا کورتە چیرۆک تا ئەو رادەیە یاخی بووە کە ببێتە هونەرێکی یاخی؟ ئایا بەیەکجار لە رەخنەگر و لە خودی خۆشی یاخی بووە؟!

٢٠

دەتوانم بڵێم: کورتە چیرۆک کچی سەردەمە! دووپاتیشی دەکەمەوە کە بە هۆی هێز و توانای خۆی دەمێنێتەوە و دەبێتە کچی داهاتووش، دەبێتە نەریتێکی رەگداکوتاوی نەریتەکانی رۆشنبیریی ئەدەبی.. ئەم پێشکەوتنە گەردەلوولئاسا و نەوەستاوەش کەشێکی گونجاوتر بۆ کورتە چیرۆک دەرەخسێنێ و دەسەڵات و پێگەی زیاتری پێ دەبەخشێت، دەرفەتی گەنجبوونەوەی زیاتر و زیندووبوونەوە و کاریگەریبوونی زیاتری لەسەر ژیانی تاک و کۆمەڵ پێ دەدات، ئەمانەش هەمووی مایەی گەشبینی و دڵنیایین بۆ داهاتووی چیرۆک و پێشەنگیبوونی لە ئەدەبدا.

sangarzrary@gmail.com

سەرچاوە:

http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=20013

## سەنعوڵڵا ئیبراهیم لە تەمەنی حەفتاساڵیدا :

# بیرۆکەی شۆڕشی بەردەوام، بیرۆکەیەکی ڕاستە، واتە کۆششی مرۆڤایەتی لە پێناو جیهانێکی دادپەروەری باشتر کۆتاییی نایەت

وتووێژی: جیهان شەعبان
وەرگێڕانی: جومعە جەباری

سەنعوڵڵا ئیبراهیم یەکێکە لە ڕۆماننووسە گەورەکان بەگەواهی لێتوێژ و ڕەخنەگرە ناودارەکانی عەرەب. لە ساڵی ١٩٣٧ لە قاهیرە لەدایک بووە، لە گەنجێتیدا چووەتە ناو یەکێک لە ڕێکخستنە چەپڕۆکانی میسر. زیاتر لە پێنج ساڵی تەمەنی لە بەندینخانەکاندا بەسەر برد، لە ئاکامی هەڵمەتە ئەمنییەکەی سەردەمی عەبدولناسر دژی ئۆپۆزسیۆن.

یەکەم ڕۆمانی بەناوی (بۆنەکە) خاڵێکی وەرچەرخانی نوێی سەردەمی شەستەکانی سەدەی پێشوو لە بواری ڕۆماننووسیندا دروست کرد، دوای ئەوە چەند ڕۆمانێکی تری بەچاپ گەیاند: (لێژنەکە)، (ئەستێرەی ئۆگستۆس)، (بەیرووت بەیرووت)، (شەرەف)، (وەردە) و (ئەمریکانلی) هەروەها کتێبێک لەسەر سەرگوزشتەی خودی بەناوی (یادنووسەکانی بەندینخانەی واحات) ڕۆمانێکی تری هەیە بەناوی (دزەچاو) کە یادنووسێکی خودییە، لەگەڵ ڕۆمانی (مێزەر و شەپقە) هاوکات چیرۆکی بۆ هەرزەکارانیش نووسیوە و، چەند کتێب و ڕۆمانیشی لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی. دواهەمین ڕۆمانی بەناوی (یاسای فرەنسی)یە، کە چاپی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٨ لە خانەی (موستەقبەلی عەرەبی) بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە چاپ کراوە و زۆربەی بەرهەمەکانی لە چاپ داوە.

ڕۆمانەکانی زۆر پێوەستن بە یادەوەرییەکانی خۆی و ڕابردوو و ئێستای میسر و باری



سەنعوڵڵا ئیبراهیم

کۆمەڵایەتی و سیاسی، لەگەڵ پێوەندیی بە جیهانی عەرەبی و ڕۆژئاواییی. سەنعوڵڵا ئیبراهیم بەرۆکی هیچ کامێک لە کێشە و ئاریشەکانی نیشتمانەکەی و جیهانی عەرەبی و ڕۆژئاوایی بەبێ پرسیار و لێتوێژینەوە بەرنەداوە، تەنانەت خەریکە ڕۆمان لەلای ئەو دەبێتە سەکۆیەک بۆ بیرکردنەوە و جەدەلی ئازاد لە نێوان جۆرەها گوتار و ڕای دژ، ئەویش لە نێوان ئەو هەموانەدا خوێنەر هان دەدات بۆ بیرکردنەوە و پرسیارکردن و لایەنگیر و سەرخستنی نێزیکترین ڕا و بۆچوون لە عەقڵانییەت و تۆکمەیی.

تەمەنی سەنعوڵڵا ئیبراهیم بەرەو حەفتا ساڵی تەکان دەدات. لەم بۆنەیەدا هەوڵمان دا لە ڕووی سیاسی و هزرییەوە "بیرووژێنین" لەم گفتوگۆیەدا باسی فلیڤانی و مەرجەکانیمان بۆ دەکات، باسی شیوعییەکان و عەبدولناسر، مێژوو و داهاتوو، باسی کفایە و ئیخوان، باسی پاڵەوانەکانی سەردەمی ئێستامان بۆ دەکات:

* ڕای جیاواز سەبارەت بە پێوەندیی فلیڤانی بە واقیع و پێوەندیی فلیڤان بەواقیعەوە هەیە، ئەی بەڕای ئێوە ئەو پێوەندییە دەبێ چی بێت؟

– لە سەرەتای ژیانمدا تەوژمێکی سۆسیالیستی هەبوو، ئەم تەوژمە ڕەنگدانەوەی بەسەر هەوەسی ڕۆشنبیرییەوە هەبوو. ئەو پرسیارانەی ئەو کات دەکرا لە دەوری کاری ئەدەب و هونەر و دەوری ئەدیبدا دەخولایەوە. بێگومان جۆرە وێناکردنێکی زیادڕۆ هەبوو دەیگوت: "کاری ئەدەب و هونەر گوزارشتکردنێکی دایرێکتە بۆ واقیع" گوزارشتکردنیش لە واقیع دەبایە لە چوارچێوەیەکی مارکسییانە بێت و، لەژێر دروشمی "هونەر بۆ ژیان" ئەمەش لەگەڵ زاڵبوونی قوتابخانەی سۆڤیاتیدا بەسەر بواری ڕۆشنبیرییەوە دەڕۆیشت.

دوای ئەوە چەند پرسیارگەلێک خۆی دەنواند. ئەو کارەی پرسیاری دەورووژاند گەڕان بەدوای جیاوازییەکاندا نەبوو، بەڵکو لەوە قووڵتر بوو. چونکە عەبدولناسر وەکو ئێمە سۆسیالیست بوو، بەڵکو پێش مردنی لەناو کۆمەڵاندا گوتاری دەگوتەوە و، شەرحی تیۆری "زیادەی بەها"ی بەشێوازێکی زۆر ئاسان دەکرد، کە "بەحەیاتی شیوعییەکان نەیانزانیوە ئەو کارە بکەن".

بەڵام عەبدولناسر لە هەمان کاتدا ئازاری شیوعییەکانی دەدا. هەروەها ستالین، کە بە هێمای بزووتنەوەی شیوعییەت دادەنرا. ئازاری گەلەکەی و گەلانی تری دەدا. کەواتە، مەسەلەکە تەنیا لە کرداری ڕیزکردنێکی ڕاستەوخۆ قووڵترە: تۆ سۆسیالیستیت یان

نەخێر؟ یاخود: تۆ سۆسیالیستێکی ستالینیت ئان ترۆتسکی یاخود ناسریت؟

ئەم جیاوازی و لێکبڕینانە بووە هۆی هاتنە کایەوەی وێناکردنێکی بەرفراوانتر لە دیاریکردنی دەورێک بۆ هونەر و ئەدەب، وا لە هونەرمەند و فلیڤان دەکات پەیامێکی روون پێشکێش بکات لەگەڵ بزووتنەوەی سیاسیی گەلدا بگونجێت. ئەگەر عەبدولناسر و ستالین و ئەوانی تر باوەڕیان بە هەمان ئامانجی کۆتایی هەیە، بەڵام کەچی هەریەکەیان بەبۆچوونی خۆی دەڕوانێتە کارەکە و، ئەوەی پێ بەباشترینیان دەزانێت بۆ تێگەیشتن لە واقیع و پێکانی ئامانج. ئەمەش مانای ئەوەیە ناوبڕی تیژ لە نێوان راست و هەڵەدا نییە، ئەم نەبوونییەش بووە هۆی دروستبوونی نیگاکردنێکی فراوانتر بۆ هونەر. من ئەم نیگاکردنە بەکار دەهێنم. قەت داوا لە هیچ بەرهەمێک ناکەم گوزارشت لە پەیامێکی دیاریکراو بکات، داوا لە هونەرمەند و نووسەریش ناکەم لە رێگەی کارەکەیەوە ئەوە بگوازێتەوە، کە ناویان لێ ناوە "پەیامێکی بەسوود".

پێوەر بۆ باشیی کارێک بەڕای من - پێوەر بۆ فلیڤانیی باش- پێوەری جوانییە، ئەمەش رەگەزی کۆمەڵایەتی و سیاسی لەخۆ دەگرێت. بۆ نموونە (سەرووەت ئەبازە) کەس ناتوانێت کارەکانی بخوێنێتەوە، نەک لەبەرئەوەی کۆنەپەرستە، بەڵکو لەبەرئەوەی هونەرێکی خراپ دەنووسێتەوە. لە مێژووی ئەدەب و هونەردا کۆمەڵێک فلیڤان دەبینیتەوە بۆچوونی سیاسیی جیاوازیان هەبووە، کەچی هونەرەکەیان سیمایەکی مرۆڤانەی هەبووە. بۆ نموونە ئەگەر من رۆمانێکی تەواو لەسەر جوانیی گوڵێک یان پێوەندییەکی خۆشەویستیی ئاسایی بنووسمەوە، ئەمە بەبۆچوونی من سەرکەوتنە بۆ بەها بەرزەکانی مرۆڤایەتی. نابێت یەکێک بێت و پێم بڵێت: "تۆ موبارەک و گەندەڵییەکانت بەجێ هێشتووە و هاتووی باسی گوڵێکم بۆ دەکەی". من ئەگەر سەرکەوتوو بووم لە گەیاندنی هەستم بەجوانیی گوڵەکە بۆ خوێنەر، ئەوا لە هەمان کاتدا توانیومە هەستی جوانیی ژیان و گرینگیی تێکۆشان لە پێناویدا بگەیەنم.

* ئەی مەرجەکانی ئەفراندن، ئەو مەرجانەی کۆمەڵگەی سەرمایەداری بەسەر فلیڤاندا دەیسەپێنێت، وەک ریقابە و تێچووی بەرهەم و بڵاوکردنەوە و ریکلام و، جۆرەها کاری پێویست بۆ گەیاندنی ئەفراندنەکان بە جەماوەر؟

- بە ریقابە دەست پێ دەکەم. چونکە ریقابە و، نەتوانین لە دەستبردن بۆ چەند شتێکی

دیاریکراو، کاریگەرییەکی زۆری هەیە بەسەر وڵاتێکی وەک سعوودیە و میسرەوە. چەند بابەتێک هەن ناتوانرێت باسی بکرێت، ئەمەش شێوازی نوێ دەهێنێتە کایەوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ واقیعدا، وەک رەمزییەت و سوریالییەت، هەمووشیان شێوەن ئامانجیان بەلای کەمی: زاڵبوونە بەسەر گرفتی ریقابەی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا.

بەڵام لێرەدا پێویستە جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە، کە جیاوازیی هەیە لە نێوان بوارەکانی ئەفراندندا. بۆ نموونە جیاوازی هەیە لە نێوان رۆمان و سینەمادا. سینەما پێویستی بە پانتاییەکی فراوانتر هەیە لە سەربەخۆییدا، پێویستی بە بودجەیەکی گەورەیە. بەڵام رۆمان پێویستی بە کۆمەڵە بەرهەمهێنەرێک نییە ئامانجیان تەنیا قازانج بێت.

دەتوانین بڵێین تەنانەت لە سینەماشدا لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر مەرجەکان دەگۆڕێن. بۆ نموونە لە ئەڵمانیا و فرەنسادا کۆمەڵە کۆمپانیایەک هەن ئامانجیان تەنیا قازانجە. بەڵام بەهۆی پێشکەوتنی کۆمەڵگەکەوە بوار رەخساوە بۆ بەدیارکەوتنی کاری باش و، دژ بەخودی رژێمی سەرمایەداری. بەڵام کۆمەڵگەکەی ئێمە بارەکەی دواکەوتووە و، هەڕەشەی لەسەرە و، دووچاری گرفت دەبێتەوە. بۆیە ناتوانێت جێگیر بێت لەسەر کۆدێک یان شیفرەیەک بۆ مامەڵەکردن لەسەر ئەوەی ماف یان یاسایەکی دیاریکراو هەیە.

ئەم بارە دواکەوتووە رەنگدانەوەی زیاتر بەسەر بەرهەمی سینەماییەوە دەبێت. هەرچی بەرهەمی رۆماننووسینە، ئەوا زیاتر سەربەستە چونکە ناکەوێتە ژێر باری مەرجەکانی بەرهەمهێنانی سینەمایی گرانبەها. رۆمان لە کۆمەڵە کاغەزێک زیاتر پێویستی بەهیچی تر نییە. ئەگەر خانەی چاپیش مەیسەر نەبوو، ئەوا دەتوانم لەسەر حیسابی خۆم چاپی بکەم.

ئەمەیە وا لە رۆمان دەکات لە فەزایەکی فراوانتردا بجووڵێتەوە و، هەر ئەمەشە وامان لێ دەکات هەست بە زۆریی بەرهەمی رۆماننووسین بکەین لە جیهانی عەرەبی و لە میسر. هەموو خەڵک شیعر و چیرۆک دەنووسنەوە. بەڵام ئەوەی داوای دەکەین هیچ ریقابەیەک و برێکێک نەبێت. ئەمەش مەسەلەیەکە بەشێوەیەکی گشتی پێوەندیی بە پێشکەوتنی کۆمەڵگەوە هەیە، نەک تەنیا بە دیکتاتۆرییەتی دەوڵەت و یاساکانیەوە، با ئەوەشمان لە بیر نەچێت ریقابەیەکی تر هەیە رۆ چووەتە ناو کۆمەڵگەوە.

* هەیە دەڵێت هونەرمەند دەرچووە لەو بارە تەغریبییە گشتییەی خەڵک دووچاری بووەتەوە.. هەیە دەڵێت ئەو ژیانە ناخۆشەی خەڵک تێیدا دەژیت و بەناچاری کارێکی تێدا دەکەن بەهەوەستی خۆیان نییە، ژیانێکە خۆیان هەڵیان نەبژاردووە.. هونەرمەند و خەیاڵی هونەری دەتوانێت لێی هەڵبێت.. تۆ بەم جۆرە بیرکردنەوەیە دەڵێی چی؟ ئایا دەکرێت کۆمەڵە هونەرمەندێک لە دەرەوەی ئەو ململانێیەدا بووستن و سەیری بکەن و نەبن بە لایەنێک لە لایەنەکانی؟

– ئەفراندن بەبۆچوونی من تەنیا بۆ هونەر نییە. من وای بۆ دەچم هەر کەسێک کارەکەی بەچاکی و خۆشەویستی بکات تەنانەت (پزیشک و پینەدۆز)یش ئەوا فلیڤانە. هەر کەسێک دۆزێکی هەبێت و هەموو کاتەکەی لێ گرتبێت، یا هەموو ژیانی لەسەری دانابێت، بەبێ هیچ قازانجێکی مادی ئەوا فلیڤانە. هەر کەسێک شتێکی زیاتر بخاتە سەر ژیان فلیڤانە.

* بەڵام زۆربەی پزیشکانی کۆمەڵگەکەمان، پزیشکان تەنیا نموونەیەکن لەوانەی باست کردن، دووچاری تەغریب بوونەتەوە و، هیچ هەوڵ نادەن لە کارەکانیان فلیڤان بن؟

– هونەرمەندان و نووسەرانیش هەمدیس وان! رێژەیەکی زۆریان لە دەزگا فەرمییەکاندا کار دەکەن. من رۆمانێکم هەیە بەناوی (لێژنەکە) ئێستا وا کاری لەسەر دەکەن بۆ ئەوەی بیکەن بە شانۆگەری. ئەو گفتوگۆیەی لەنێوان ئەو فلیڤانانەیە کە کار لەسەر گۆڕینی دەکەن بۆ شانۆگەرییەکە ئەوەیە: چۆن لە ریقابە تێ دەپەڕێ؟ ئەی داوای چیمان لێ دەکات؟ ئەگەر ئەو دەرهێنەرەی سەرپەرشتیی کارەکە دەکات کەسێکی ئاسایی بایە یا دواکەوتوو یاخۆ پیاوی رێژیم بایە، ئەوا ئەو مەودایەی تێیدا دەتوانێت لەگەڵ کەسەکانی تردا ئەفراندنی تێدا بکات تەسک دەبوو.

* بەڵام ئایا تا چەند کەسی فلیڤان دەتوانێت لەناو کۆمەڵگەیەکی نائازاددا ئازاد بێت؟

– ئەمە کەیسێکە تا هەتایە باس دەکرێت. جگە لە چەند سەردەمێکی دیاریکراودا، بۆ

نموونە وەک سەردەمی دوای شۆڕشی سۆسیالیستی سەرەتای بیستەکان پێش هاتنی ستالین، یان فرەنسا و ئەڵمانیا ٦٨، ئەوا زۆربەی هونەرەکان لە زۆربەی کاتەکاندا دەکەوێتە ژێر کۆت و برێککگرتنەوە.

دەبینین ئەو سەردەمە گەشانە پێوەستە بە بەخشش و شۆڕشە جەماوەرییەکانەوە. لە یەکەتیی سۆڤیەت و ئەورووپا، لە بیستەکانی سەدەی پێشوو تەوژمێکی هونەریی بەرز و ئازاد پەیدا بوو، بەهۆیەوە شێوازی فلیڤانی تازە دروست بوو وەک سوریالییەت.

بەڵام ئەو بارە گەشە تا سەر بەردەوام نابێت، چونکە هەر زوو ململانێیەک لەسەر دەسەڵات دروست دەبێت و، یەکێک لە لایەنەکان دەیباتەوە و، هەڵدەستێت بە قەوارەکردنی هەموو چالاکییەکانی ناو کۆمەڵگە لە پێناوی بەرژەوەندیی خۆیدا. بارەکە هەر وا دەمێنێتەوە تا دووبارە هاودژەکان نوێ دەبنەوە ئەمە پاش بیست ساڵ یان پەنجا ساڵ. ئیتر بەو شێوەیە بەردەوام دەبێت..

لەوانەیە هەندێک خەیاڵ بکەن گوایە هونەر لە کۆمەڵگەی سۆسیالیستیدا هەوای ئازادی هەڵدەمژێت چونکە دەوڵەت خۆی بودجەی بۆ دابین دەکات. ئەمە ڕاست نییە. چونکە هەموو دەوڵەتێک لەپشتی چەند کەسانێک دەوەستێت، ڕێگە نادات لەژێر دروشمی – سۆسیالیستی، شۆڕشگێڕی، پێشکەوتنخواز – دەست بۆ چەند شتێکی دیاریکراو ببرێت. بەم شێوەیە سۆسیالیستی دەسەڵاتی سەرمایەداری بە دەسەڵاتی دەوڵەتی سۆسیالیستی دەگۆڕێت، تەواو وەک ئەوەی لە پەنجاکاندا ڕووی دا: دەسەڵاتی



**پێوەر بۆ باشیی کارێک بەڕای من – پێوەر بۆ فلیڤانیی باش – پێوەری جوانییە، ئەمەش ڕەگەزی کۆمەڵایەتی و سیاسی لەخۆ دەگرێت**

سەرمایەدارەکان یان خاوەن کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی سینەماییمان گۆڕی بە دەسەڵاتی ئەفسەران یان کەسانێک نوێنەرایەتیی حکوومەتیان دەکرد و ئەو کۆمپانیایانەیان بەڕێوە دەبرد. دەسەڵاتی نوێ جۆرێکی نوێ لە هاودژی پەیدا دەکات پێش دەکەوێت و ئاڵۆز دەبێت تا کاتێکی بەسەردا دێت و نامێنێت. باوەڕیش ناکەم ڕۆژێک بێت بارەکە جێگیر بێت بەو شێوەیەی ناوی لێ بنێین باری جێگیری نموونەیی.

* قسەکانت وا دەردەخات جۆرە فەلسەفەیەکت هەبێت بۆ (مێژوو) جەوهەرەکەی ئەوەیە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەسەر هاودژەکاندا تێ ناپەڕێت، هەموو دەسەڵاتێکی نوێش هەتا ئەگەر سۆسیالیستیش بێت کار لەسەر چەوسانەوە و بەستنەوە دەکات؟

– تا رادەیەک.. ئەو بۆچوونەی کە وا دەزانێت پرەنسیپەکانی سۆسیالیستی بڵاو ببێتەوە، ئەوا کۆتاییهاتنە بە هاودژە کۆمەڵایەتییەکان بۆچوونێکی واقیعی نییە. هاودژییەکان تا هەتایە بەردەوام دەبن، تەنانەت ئەگەر هەموو هاودژییەکانی دانیشتوانی سەر زەوی چارەسەر بکرێت، دوور نییە هاودژییەک لە نێوانیان و هەسارەی مەریخ دروست بێت! هەرچی لەسەر ئاستی تاکەکەسیدایە، هەمدیس واقیعبینانە نییە وێنای چرکەساتێک بکەین مرۆڤایەتی بگاتە "پێوەندیی نموونەیی". هەرچی لەبارەی پێوەندییە سۆزدارییەکانەوەیە بۆنموونە، گریمان گرفتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، کە دەبنە هۆی تێکدانی پێوەندییەکان، نەمان، رەگەزی تر دێتە بوارەکەوە و هەڵامسان دەکات دەور دەگێڕێت، وەک غیرە و شتی تر.

* ئەو کەیسەی لێرەدا باسی دەکەین "هاودژە توێژییەکانە" و ئایا دەکرێت بەسەریدا تێ پەڕین. ئایا تۆ ئەو بیرۆکەیەت پێ راستە، کە دەڵێت ئەو مرۆڤایەتییەی هەزارەها ساڵ پێش پەیدابوونی کۆمەڵگەی توێژاڵی ژیاوە، دەتوانێت بەسەر ئەم کۆمەڵگەیەدا تێپەڕێت و، لە کۆمەڵگەی ئازادە یەکسانەکاندا بژێت؟

– زەحمەتە جیهانێک بەبێ توێژی کۆمەڵایەتی وێنا بکەم. لە سایەی کۆمەڵگەی سۆسیالیستی سۆڤیەتیدا توێژە کۆمەڵایەتییە کۆنەکان لەناوبران، بەڵام توێژی نوێ هاتە

کـایەوە. ئەمـەیە گـرفـتی هـەمـوو کـۆمـەڵگەیەک: هـەردەم دەسـەڵات دەکـەوێتـە ژێر رکـێـفی کۆمەڵێکی دیاریکراو بەرژەوەندیی بۆ دروست دەبێت، بۆ ئەوەی بیـهێنێتە دی پشت بە چەند توێژێکی کۆمەڵایەتی دەبەستێت، کە ئەویش ئیمتیازاتی خۆی وەردەگرێت، کەچی زۆربەی بەشەکانی تری گەل بە توێژە هەژار و ژێرکەوتووەکەیەوە دەچەوسێنرێنەوە.

بەڕای من بیرۆکەی شـۆڕشی بەردەوام، بیرۆکەیەکی راستە، واتە کۆشـشی مرۆڤایەتی لە پێناو جیهانێکی دادپەروەری باشتر کۆتاییی نایەت.

* ئایا قسەکانت مانای ئەوە دەدات تۆ ئیتر باوەڕت بەوە نەماوە شۆڕشێکی جیهانی بێتە ئاراوە بتوانێت ئەم هاودژییانە لەناوبەرێت؟

– بەپێـچـەوانەوە، ئەمـڕۆ زیاتر لە هـەمـوو کـاتێک روون بووەتەوە، تاکـە چارەسـەر بۆ گرفتەکانی جیهان لە بوونی رژێمێکی جیاوازدایە لەسەر بنەمای مرۆڤایەتی و دادپەروەری بێتە ئاراوە. شێوەی ئەو رژێمە کەس نازانێت چۆنە، بەڵام رۆژگار و جەنگەکان دەخەنەوە، من رژێمێکی وەک یەکەتیی سۆڤیەتم ناوێت، وەک ئەوەی کوباشم ناوێت. راستە کوبا زۆر شـتی بەدی هێنا و، نەخـوێندەواریی لەنـاوبرد و، شـۆڕشـێکی لە بواری تەندروسـتی بەرپا کرد، بەڵام حوکمێکی دیکتاتۆری وای کردووە یەک کەس لەسەر تەختی دەسەڵات بۆ ماوەی ٤٠ ساڵ بمێنێتەوە.

گەیشتن بە رژێمێکی مرۆڤانەتر دەبێت بەڵام بەمـەرج، وەک رووخـانی ئیمـپـراتۆرییـەتی ئەمەریکی، چونکە رووخانی ئەو زۆر پێویستە بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی جیاواز.

بەرای من فاکتەری سەرەکی لە رووخانی یەکەتیی سۆڤیەتدا ئەوە بوو، ئابووریی جیهانی لەژێر کـۆنتـرۆڵی سـەرمـایەداریدا بوو. ئەزمـوونیش ئەوەی سـەلماند مـەحـاڵە رژێمێکی دادپەروەریی کـۆمـەڵایەتی و پەرەپێدانی ئابووریی بێلایەن لە دوورگەیەکدا بەتـەنیا بێتـە ئاراوە، بەڵکو دەبێت ئەوە لەسـەر ئاستی جیهانیدا روو بدات، ئەمەش کارێکە دەکارێت روو بدات دوای ئەوەی رژێمی سـەرمـایەداریی جـیـهـانی کـردە گـوندێکی بچـووک. بەڵام ئەمـە پرۆسـەیەکی ئاڵۆز و قـورسـە و کـاتێکی زۆری دەوێت. بەڕای من ئەو هەڵەیەی کـردمـان ئەوە بوو وامان دەزانی گواستنەوە بۆ سۆسیالیستی کارێکی ئاسانە و "دەکرێت زوو چارەسەر بکرێت".

* له چلەکاندا دەوری جەماوەر سەرەکی بوو، ئامادەبوونی هەست پێکراو بوو، داننان بە جەماوەر و دەورەکەی کارێکی براوە بوو. ئەمڕۆ وا دیارە ئەوەی باس لە گۆڕانکاری بکات لە ڕێگەی جەماوەرەوە وەک بڵێی باس لە زەمانێکی بەسەرچوو دەکات. تۆ دەڵێی چی؟ ئایا سەردەمی جەماوەر ڕۆیشتووە؟

- بێگومان هێشتا جەماوەر ژمارەی سەرەکییە لە هاوکێشەکەدا. لە چلەکاندا حزبی وەفد سەرکەوتوو بوو. هۆی سەرکەوتنەکەشی ئەوە بوو حزبێکی خاوەن زەویوزار و عومدەکان و سەرمایەدارەکان بوو، ئەمانەش دەیانتوانی جەماوەر بەگەڕ بخەن بۆ هەڵبژاردن، ئەم شێوازە پێش شەست ساڵ گونجاو بوو، بەڵام ئەمڕۆ ئەمە نابێت و ناکرێت.

جەماوەری میسری ئەمڕۆ شپرزەیە و لەبارێکی شۆڕشدایە، گوزارشت لە خۆی بە ناڕەزایی و خۆپێشاندان دەکات، بەڵام هێشتا بێ سەرکردایەتییە. توێژی (نوخبە) لێی جیا بووەوە - ڕۆژنامەنووسان، نووسەران و، ڕۆشنبیران - ئەمانە سوودیان لە سۆسیالیستیی عەبدولناسر و ڕێکخستنەکانی بینی، ئینجا سوودیان لە سادات بینی، دوای ئەوە سوودیان لە کەنداو بینی و، سامانێکی وایان کۆ کردووەتەوە کۆنترۆڵی بیر و بەرژەوەندییەکانیانی کردووە. ئەمەیە هۆکاری ئەوەی "نوخبە"ی میسری وەستاوە.

ڕووناکبیران چاک دەزانن ئێمە بەرەو نەمان دەڕۆین، لە هەموو دانیشتنێکدا ئەمە دەڵێن. بەڵام هیچ جورئەت و توانایەکیان نییە بۆ قوربانیدان و تێکۆشان و دیاریکردنی ڕێگەچارەیەک. بەکورتی ئەوان هیچ رەگەزێکی سەرکردایەتییان تێدا نییە، دەکرێت تەنیا دەورێکی دیاریکراویان هەبێت بۆ بەرزکردنەوەی هۆشداری.

ئێمە لە چاوەڕوانیی سەرۆکایەتیداین. ئەو دڵەڕاوکێ و بەخشىشە جەماوەرییەی پێی گەیشتین تەنیا سەرۆکایەتییەکی دەوێت پێوەست بێت بە جەماوەرە و، هەستیان پێ بکات و هەست بە بەرژەوەندییەکانیان بکات.

* ئەی هەڵسەنگاندنت بۆ ئەو هێزە سیاسییانەی ئێستە لە مەیدانەکەدان وەک: ئیخوان و کیفایە؟ ئایا دەتوانن دەور بگێڕن؟

– ئیخوانەکان روونترن، چونکە ئەوان رێکخراوێکی خاوەن مێژوو و پرەنسیپی سادە و دیاریکراون. ئەوان هەمان کردەوەی شیوعییەکانیان کرد لە رابردوودا، کاتێک ساڵی ١٩٤٨ پەتای (کۆلێرا) بڵاو بووەوە، ئەو رێکخستنەی من تێیدا بەشدار بووم (حدتو = بزووتنەوەی دیموکراتی رزگاریخوازی نیشتمانی) چالاکییەکانی خۆی وەستاند، هەموو هەوڵەکانی خۆی بۆ قەلاچۆکردنی کۆلێرا و، یارمەتیدانی خەڵک تەرخان کرد. لەوانەیە هەندێک وا بزانن ئەمە کارێکی ماستاوچێتییە. بەڵام کارەکە ئەوەیە تۆ بتوانیت پێوەندییەکی راستەقینە لەگەڵ خەڵکدا دروست بکەیت. ئیخوانەکان هەمان کار دەکەن، قوتابخانە و نەخۆشخانە دروست دەکەن، ئەمەش بنەمایەکی جەماوەریی بۆیان دروست کرد. من لەو باوەڕەدا نیم فراوانیی پانتایی جەماوەری ئیخوانەکان بەهۆی بیر و بۆچوونەکانیانە، بەڵکو هەڵقووڵاوی پێوەندییان بەخەڵکەوەیە لە رێگەی خزمەتکردنەوە.

لە قۆناخی ئێستادا دەکرێت لەگەڵ ئیخواندا بەشدار بین لە کارەکاندا. ئیخوانەکان دەوڵەتێکی ئیسلامییان دەوێت. چەپڕۆکان ئەوەیان ناوێت. بەڵام دەبێت ئاگامان لێ بێت: سەرەڕای ئەو هێزەیان لە شەقام، بەڵام لە جەوهەریاندا هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ ئەو چەتانەی ئێستا زاڵن بەسەر میسردا نییە. ئیخوانەکان گەورە بازرگانەکانن، واتە بەشێکن لە باری ئابووریی ئێستا، کە دژی بەرژەوەندیی جەماوەرە، سەرەڕای بیر و بۆچوونە کۆنەپەرستییەکانیان.

هەرچی لەبارەی "کیفایە"وەیە، حوکمدان لەسەری قورسە، چونکە رێکخستنی وەک ئیخوان نییە. کیفایە لە راستیدا "یانە"یەکە خەڵکی هەموو رەوتەکان تێیدا کۆ دەبنەوە، کە باری ئێستایان بەدڵ نییە. هەرچی ئەوەیە ئایا کیفایە توانای ئەوەی هەیە سەرۆکایەتیی گۆڕانکارییەکان بکات، ئەوە کارێکی گرانە لەم شێوە و بارەی ئێستایدا، بەڵام هەمدیس ئەوە لە عیلمی غەیبدایە، چونکە دەکرێت کیفایە بگۆڕێت و بچێتە ناو رووبەڕووبوونەوەکان. ئەویش ئێستا لە قۆناخی دروستبووندایە و، زۆریشی بەخشیوە و ئێمە پێویستیمان پێیەتی.

* ئێستا تەنگژەیەکی هزری لە میسر هەیە: ئەوانەی ناوی خۆیان ناوە "رووناکبیران" لەژێر سایەی سوڵتاندا دەژین و، داکۆکیکردنشیان لەسەر (عەقڵ و ئازادی و نوێگەرییە) وەک بڵێی شەڕێکە دژی ئیسلامییەکان بۆ

بەرژەوەندیی دەسەڵات.. رات چییە؟

– بێگومان روناکبیران لە مێژووی هزری میسریدا دەورێکی باڵایان گێڕاوە، بێگومان ئێمە وەک –چەپ – پێویستە سوودیان لێ وەرگرین. پێم وایە بۆ نموونە ئەو دەورە گرینگەی خودی (تەها حوسێن) و چەند کەسانێکی سەردەمەکەی گێڕایان ئێمە فەرامۆشمان کردووە. ئەمڕۆش چەند کەسانێک وەک (نەسر حامد ئەبوزێد) دەورێکی باش دەگێڕن. ئەم بیرمەندانە بەتوێژینەوەکانیان سوودمان پێ دەبەخشن، کە سەبارەت بە مێژووی هزر و چۆنێتیی لێکدانەوەی نووسینە پیرۆزەکان و مێژووی ئاینیە. ئەمانە بوونە هۆی دروستبوونی رۆشنبیری لە لای زۆربەی چەپڕۆکان. بەڵام کاری روناکبیران تا ئێرە و رادەوەستێت. چونکە لەسەر ئاستی سیاسی پێم وایە ئەگەر بارێکی شۆڕشگێڕی بێتە ئاراوە زۆربەی روناکبیران لە سەربازگەی شۆڕشگێڕاندا ناوەستن. چونکە ئەوان لە راستیدا نوێنەرایەتیی پێشڕەوە زیرەکەکەی توێژی دەسەڵاتن.

* بەڵام پێت وا نییە زیانیان لە سوودیان زیاترە؟ پێت وا نییە بیرۆکەی "روونگەرایی" لەسەر دەستی ئەوان گەندەڵ بوو بەهۆی هاوپەیمانێتییان لەگەڵ دەوڵەتدا؟

– بەدیهێنانی هاوسەنگی دەکەوێتە سەر چەپڕۆکان. روناکبیر باسی مافی منداڵانی سەرشەقام و، ئازادیی ئافرەت و، مافی هەڵبژاردن دەکات، لاریمان نییە. بەڵام هەر خودی خۆی لووتبەرزی لە ئاست کرۆکی تەنگژەکە دەنوێنێت. تۆ دەڕوانیتە ئەو هەموو گرفتە بچووکانە وەک دیاردەیەک بۆ بارێکی دیاریکراو و، زاڵبوونی توێژێکی دیاریکراو، بۆچوونیشت دەخوازێت جۆرێک لە ڕووبەڕووبوونەوە بنوێنیت. کەواتە ئەوە بۆ تۆ بەسوودە لەو قۆناخە و بەشێوەیەکی کەم، ئەرکەکەت ئەوەیە رێگەکە تا کۆتایی تەواو بکەیت و روانینت فراوانتر بکەیت.

* ئەی بارودۆخی چەپ لە چیدایە؟

– وەک دیرۆک، چەپ دەورێکی باڵای بینی لە پێشخستن و نوێبوونەوە و، پێکهێنانی بەرە لەگەڵ لایەنی نوێی رەوتەکانی تر وەک "وەفد" رابەریش بوو لە بزووتنەوەکانی دژ بە

ئیستیعمار و ڕووبەڕووبوونەوەی پەتای کۆلێرا و، شەڕی فیدائییەکان و، تێکۆشان بۆ ئازادیی ڕۆژنامەوانی و بەرەی ڕۆشنبیران و هونەر و ئەدەب و بڵاوکردنەوە.

بەڵام گرفتی چەپ کەرتبوونی یەک لەدوای یەکەکانێتی، هەروەها گرفتە کوشندەکانی ڕێکخستنی نهێنی، بێگومان لەگەڵ داپڵۆساندندا. سەبارەت بە داپڵۆساندن، دەبینین هەموو ساتێکی کرانەوە قۆناخێکی بەدواداچوون و گرتنی بەدوادا دێت، سەرەتا لە حزبی یەکەمەوە و هێرشی حکومەتی وەفد بۆی، تا دەگاتە داپڵۆساندنەکەی بزووتنەوەی قوتابیان و کرێکاران لە ساڵی ١٩٤٦ و، سەردەمی عەبدولناسر، کە وەک دژێک بتوانێت جەماوەری لێ بسێنێتەوە مامەڵەی لەگەڵیدا دەکرد.

ترسناکترین شت ئەوەیە پرۆسەی بەردەوامی داپڵۆساندن ڕێکخستنەکان لە خەڵک دادەبڕێت. بەڕای من چەپ و بزووتنەوەی شیوعی دوارۆژیان هەیە بەمەرجێک ئاوێتەی شەقام بن و دوور کەونەوە لە کەرتبوون و، دروشمی گونجاو هەڵبژێرن بتوانێت لە کاتی گونجاودا زۆرترین خەڵک کۆ بکاتەوە.

* تۆ لە ڕۆمانی "گوڵێک"دا ڕەخنەت لە بزووتنەوەی عەرەبە قەومییەکان گرت، کەچی ئێستە هەمان ڕەخنە لە چەپی میسری ناگریت؟

- ئەو قەومییانەی دواجار بوون بە مارکسی، قسەکەی لینین لەسەریان دەگونجێت لەبارەی چەپی منداڵەوە. چونکە دەیانویست بەسەر قۆناخەکاندا باز بدەن. وایان دەزانی دەتوانن بەسەر پێشکەوتنی سەرمایەداریدا تێ پەڕن و یەکسەر سۆسیالییەت بهێننە دی. ئەمەش مەحاڵە. ئەوەی لە میسر دەمانەوێت سیستمێکی سەرمایەدارییە. بەڵام ئەوەی کە هەیە سیستمێکی شێواو و شوێنکەوتووە.

* دوا پرسیار. "وردە" پاڵەوانێکی زەمەنیی پێشووە، پاڵەوانێکی شۆڕشگێڕ و بەتوانایە بۆ خەیاڵکردن و هەوڵدان بۆ هێنانە دیی خەیاڵەکان.. ئایا بۆ ئەم سەردەمەی ئێستامان و پاڵەوانەکانی چی دەڵێی؟

- بێگومان ئێستا بارودۆخمان باشترە لە سەردەمی نەوەتەکان. بزووتنەوەی کفایە تەحەدای "هێلمانی پۆلیسی" کرد. ڕاستە کۆسپ و پاشگەزبوونەوە هەیە، بەڵام بەهەرحاڵ

بارەکە بەشێوەیەکی گشتی باشە.

بەڵام لە گۆشەیەکی تر و، بارەکە زۆر لە جاران خراپترە. تەماشای رادەی گەندەڵییەکان و پلەی زاڵبوونی ئەمەریکا بەسەرمانەوە بکە. ئەمەریکا ئێستە زاڵە بەسەر ناوچەکە و، دەسەڵاتی رەهای بەسەر هەموو بیرە نەوتەکانەوە هەیە.

هەرچی سەبارەت بە دوارۆژە، ئەوا وادیارە ئازاربەخشە. هەندێک جار بەیانیان هەڵدەستم چاوێک بە رۆژنامەکەدا دەخشێنم، توانای هیچم نامێنێت. بۆیە من هەردەم ئێستە خوێندنەوەی رۆژنامە بۆ کاتی ئێواران دوادەخەم، چونکە هەواڵەکان هەردەم باسی شتی خراپ و خەمبار دەکەن.

لە شەستەکاندا مەسەلەکان زیاتر روون و ساکار بوون. لەم رۆژانەماندا مەسەلەکان ئاڵۆز بوونە و، دەتوانن هەموو کەسێک تێک بدەن. زۆرجار کەسێکت تووش دەبێت ناتوانێت (پۆلێن)ی بکەیت، لە لایەکەوە ئەو "ئەمەریکایی"یە، یان "روناکبیر"ە، کەچی لە لایەکی ترەوە ئەو پشتگری دیموکراتییەت و دادپەروەرییە و، لەوانەیە هەڵوێستی باشی لە ئاست کەیسی تردا هەبێت. ئەمەیە نموونەی ئەم قۆناخە. ئیتر ئایا دەکرێت ببێت بە پاڵەوان؟ زۆر جیاوازیی هەیە لە نێوان ئەستێرەکانی ئەمرۆ و پاڵەوانانی رۆژانی رابردوو، ئەو کاتانەی شتەکان، مرۆڤەکان روونتر بوون.

من ئێستا وا هەست دەکەم مرۆڤی ئاسایی (دەتوانێت ببێت بە پاڵەوان) هاووڵاتیی زەحمەتکێش جەنگی رۆژانە دەکات، جەنگ لەگەڵ کارێک خۆی حەزی پێی نییە، لەگەڵ بەردەوامییەکی بەژان و، چەند نرخێکی کوشندە.. ئەمانە هەمووی تێکۆشانێکی راستەقینەن. سەیر لەوەدایە ئەو پاڵەوانە بەزیندوویی دەمێنێتەوە و بەردەوام دەبێت لە تێکۆشان.

بەڵام پێش هەموو شتێک من گەشبینییەکی مێژووییم هەیە. چونکە قەت بارەکە تا سەر ئاوها نامێنێتەوە، وەک پەندی پێشینان گوتوویانە: "تا تێک نەچێت چاک نابێت" ئەمە چەمکێکی جەدەلی و مارکسییانەیە. بەڵام بۆ ئەوەی هاوکار بین بۆ کرانەوەی تەنگژەکە، دەبێت بەردەوام لەنێو خەڵکدا کار بکەین، بەبێ ئەوە هیچ سوودێکی نییە.

شیعر

قوبادی جەلی زادە

# دایکم دەچێتە بەهەشت

دایکم نوێژ دەکات...
تا،
ترومبێلی کوڕەکانی وەرنەگەڕێن.
تا ئیفلیج نەبن.
تا جەرگی نەسووتێ.



دایکم بە ڕۆژوو دەبێت..
دوعا دەکات، زاواکانی
واز لە مەیخانە بهێنن
روو بکەنە ماڵی خودا.

دایکم دەچێ بۆ حەج..
بەرد دەگرێتە شەیتان
بەردە رەش ماچ دەکات.

تا،
کچەکانی بەدبەخت نەبن.

دایکم زەکات دەبەخشێت..
بە دزییەوە دەستی خەڵک دەگرێ.
بەڵکو شێرپەنجە،
دەست لە مەمکی بووکە نازدارەکانی هەڵگرێ.

دایکم دەچێتە سەر مەزار..
پەڕۆی کەسک،
لەنێو چاوانی کێلەکان گرێ دەدات.
تا،
خوشکەزاکانی نەزۆک نەبن.
برازاکانی کوڕیان ببێت.



دایکم لە شەوی " ليلة القدر"دا،
ناخەوێ.
تاکو مشتێک، لە نووری خودای بەرکەوێ.
تا بەو نوورە،
"بودا " ئاشت کاتەوە، لەگەڵ "موحەمەد".
موحەمەد دەستکاتەوە ملی " مووسا ".
بەو نوورە،
کڵێساکان، پاک کاتەوە لە خوێنی " عیسا ".

دایکم بەدەم تەسبیحاتەوە،

لەسەر بەرماڵە خورییەکەی،
خەوی لێ دەکەوێ.
دایکم پێغەمبەری،
لە هەموو کوڕەکانی خۆی،
خۆشتر دەوێ.

ئەوە من نیم،
ئەوە دایکمە..
گەر بۆی بلوێ،
ناوی هەموو کوڕێک دەنێ،
موحەمەد
ناوی هەموو کچێک،
فاتیمە!



یەکە یەکە، کوڕەکانی دایکم،
مردن.
زاواکانی، پێکیان پڕ کردن لە کوفر.
شێرپەنجە،
کرم لە مەمکی بووکەکانی دا.
برازاکانی وەجاغ کوێر.
خوشکەزاکانی نەزۆک.
کچەکانی بەدبەخت.
پێغەمبەرەکانی خوێنڕێژ!

دایکم،

هەموو سبحەینەیەک،

بە پێڵاوەوە،

بە دەستەسڕێک فرمێسکەوە،

دەچێتە بەهەشت.

تەنیا خۆی

خۆی و بەس.

فریشتەکان پێیان گوتووە؛

کەس لەگەڵ خۆتا نەهێنی

نە کوڕ

نە کچ

نە نەوە.

کەس

کەس!



شیعر

هاشم سەراج

# شیعری نانۆ

١

لە تەنیشت پەردە دادراوەکە
ماچت ئەفسووناوییە

٢

شێوەت
لە وێنەی هەورەکان دەکا

٣

خەفەت
هۆگری لەنێو دەبا
هەستی جوانیش

٤

دۆزەخ
پەرتەوازەبوونی



زەنگیانەکانی زەینە

٥

فیردەوس

لەباوەشگرتنی

کەمەری باریکی یارە

٦

شوناسی کوشندەت تێک نەشکێنم

ئازاد نابم



٧

نیڤیا

لیکی دەمی تیمساحە

٨

جانتا ڕەشەکەی باوەشت

جیوەی لێ دەڕژێ

٩

بەرامبەرم دابنیشی

خەندەی خەنەییت

دەنۆشم

١٠

ڕوومەتی ئاڵت

ئوتووی کارەباییە

١١

نانۆ

زەماوەندی
ڕیسواکردنی
منی شیعره

١٢

پێستی برۆنزیت
ئاگری ساردی
لێ هەڵدەقووڵێ

١٣

شەوکراست دانتێلای
هێلینای ڕەدووکەوتووه

١٤

زمان
کەرەستەی ختووکەدانه

١٥

مەرگ
درزی نێو بوون
پڕ دەکاتەوه

١٦

چەند خۆشه
له فەنتازیای بەختەوەریتدا
توونابم

١٧

بەڕادەی چەواشه



هۆگری جوانیتم

١٨

جەستە

ئارەزوو بزوێنە

هەستی مەرگیش

١٩

جوانی

ئاسۆیەکە

ڕووەو جیهان دەکرێتەوە

٢٠

عەقڵ لە بەریەککەوتنێکی

بەردەوامدایە

لەگەڵ شێتی



٢١

جوانی

کەشی بەتاڵی دەروون

پڕ دەکاتەوە

٢٢

چێژ

هزر دەورووژێنێ

دنیابینیش

٢٣

بڕوام نەدەکرد بەم شێوەیە

شیلەی جوانیت
هەڵبمژرێ

٢٤

عیشق
لە هەژموونی شوناسە کوشندەکان
ڕزگارمان دەکات

٢٥

جوانی
خوێنی لەشی بنێسی شیعرە



٢٦

کونجی
پیتی هەڵڕژاوی دەفتەری نانە

٢٧

جلی هەڵواسراوت
تابلۆیەکی بەهارییە

٢٨

لە مەیخانەدا
زمان یەکبارە مەستە

٢٩

تەمەن
یادەوەریی ئەلبوومەکانی ڕۆژگارە

٣٠

گەردوون

تۆپێکی پلاستیکییه و دەلەنگێ

٣١

مەعدەنووسی

دەوری کانیلەت

حەشیشە

٣٢

تایت

کەفی وشکی پەلکەزێڕینەیە

٣٣

ئەوەی دەستەبەری دەکەین

لە دەستی دەدەین

٣٤

گۆشەگیریی

خۆ دوورڕاگرتنە لە مرۆڤی ڕووبین



٢٠١٢/٢/٤

شیعر

هێمن بەرزنجی

# وەسوەسەکانی خەیاڵ



من و دەستگیرانەکەم
بەدەم پیاسەیەکی ئێوارەوە
ماڵێکمان دروست کرد
لە جوانی
تەلارێکی سێ نهۆمیمان دروست کرد
ئەو کوڕەکەی منی لە باوەش گرت و
منیش
کچەکەی ئەو
بەر لەوەی هاتبێتنە دنیاوە
وەختێ چووینە ژێر دارەکەی پارکی ئازادی
هەموو ئەو خەیاڵە جوانانە
لەگەڵ پۆلێک ماچدا هەڵفڕین و
نەگەڕانەوە
......
دەستم لە دەستی ئەودایە

چاوەکانم
وەک دووربینی پاسەوانێک
دەگێڕا
بە ئومێدی بینینی
یەکێک لەو جوانتر
لەو ناسکتر
نوقورچێکی لێ گرتم
وتی: داڵغەت نەڕوا
گوێ بگرە لەو گۆرانییە
ئێمە گیانێکین لە دوو جەستەدا
.......
مەکسییەکەی لە بەردا داکەند
خۆی ڕووت ڕووت کردەوە
پەردەکەی دادایەوە
گڵۆپەکەی کوژاندەوە
ژوورەکەی پڕ کرد لە بۆنی حەز
من... مژم لە جگەرەکەم دەدا
ئەو سەمای دەکرد و
قۆپچەی کراسەکەی دەکردمەوە
دەستی برد...
پێکێک شەرابی بۆ پڕ کردم
وتی: دەتوانی وێنەی من
لە ساتی مەستی چێژ و
مەستی شەرابەکەتدا بکێشی
.......
مناڵەکان نەخەوتوون



کاتژمێر درەنگی کرد
با.. ی .. حەز دەموروژێنێ و
خانمیش
لەنێو جێگەکەدا بۆڵەبۆڵیەتی
من ئەترسم
لە کوڕە فیتنەکەم
فلیمەکەی من و خانم بگێڕێتەوە
دەترسم لە کچە نیگارکێشەکەم
وێنەی ڕاموسانی من و ئەو
بکێشێت لە قوتابخانە
دەترسم لە کوڕە بچکۆلەکەشم
سبەی بڕواتە کۆڵان و
باوەش بەکچە منداڵەکەی دراوسێماندا بکات
لاسایی من و دایکی بکاتەوە
......
لەوەتەی بوومەتە باوکی منداڵ
فێری... درۆ بووم درۆی زۆر جوان
دڵم کردووە بە گەڕەکێک و
چەند کۆڵان
منداڵەکان بەڕاستگۆم دەزانن و
خانمیش سڵ لە ڕاستییەکانم دەکاتەوە
تەنیا ئەو ژنە نەبێت
کە هەر درۆی لەگەڵ دەکەم و
باوەڕی تەواوی پێمە
......
هێشتا ئەو جلی بووکێنیی ماوە



ئەڵقەکەشی وا لە پەنجەدا
دڵی بەوێنەی ئاهەنگی هاوسەریمان خۆشە
کەچی من
قاتەکەی زاواییم
دا بەشێتێک
ئەڵقەکەم بزر کرد
ناو بەناو... ئەو... بەجێ دێڵم
دەڕۆمەوە بۆ یەکەم کانی عاشقبوون
دەڵێم چاوەڕێم کە
هێشتا لقم لێ نەبووەتەوە
ئەویش دەگری و بەوپەڕی باوەڕییەوە
دەڵێت باش
......
ئێستا ئەگەر گوناهەکانم بنووسمەوە
لە نێوان من و ئەو.... ئەوی تر.. و... منداڵەکان
دەبێت خودا....
ئەو چارەنووسە نەفرەتییە
دادگایی بکات
خودا کە ئەم حاڵەی من دەبینێت
دەبێت ڕووی چارەنووس ڕەشتر بکات
منداڵەکان چاوەڕێن و
خانمیش
لەنێو لێوی دەرگاکەدا ڕاوەستاوە
سەری زوو زوو بادەدا
ئاخۆ لە کوێوە دەرکەوم
ئەویش لە زیندانی چاوەڕوانیدا



چاوەڕێی ئازادیی منیەتی

.....

هێندە پەستم
دەمەوێت هەر ئێستا بڕۆم و
ماڵەکەم هەڕاج بکەم
کتێبخانەکەم بسووتێنم و
ژنەکەم بدەمەوە بەدایکی و
منداڵەکان ببەمە هەتیوخانە
ئەویش لە بیرکەم
خۆم بکوژم
نە ماڵەکەم خۆشبەختی بوو
نە شتێک لە کتێبخانەکەمەوە فێر بووم
نە ژنەکەم ڕەحمی پێ کردم
نە قریشکە و گریانی منداڵەکان
هێشتی پشوو بدەم
نە ئەویش بەر لەوەی تووشی ئەم بەدبەختییە ببم
لەگەڵم هات



شیعر

کەژاڵ ئیبراهیم خدر

# بێدەنگی شەو، باخچەی خەیاڵ

١

بێدەنگیی شەو پڕە لە باخچەی خەیاڵ و
گوڵێکی نوستووی دەم شنەبا
بێدەنگیی شەو پڕە لە هەناسەی خەم و
کوژانەوەی مۆمی تەمەنی رەشەبا
ئەوەی پشکۆی شەوی عەشقی نەبینیبێ
نازانێ ناڵە و سووتانی لە کوێیە
ئەوەی تامی بەرسیلەی عەشقی نەنۆشی بێ
نازانێ درەختی باڵا و
رەنگی شەرمنی لە کوێیە.




٢

عەشق مەرەکەبی قەڵەمێکی وشک بووە

پرشنگێکە، سنووری دڵ دەتارێنێ
تەمەنێکە لەگەڵمانا راهاتووە
خەڵوەتگایە هەمووومانی پیر کردووە
تۆ ناتوانی مانای رستەی پێناسە کەیت
تۆ ناتوانی سۆراخی برینی بکەیت.

٣



عەشق زەنگی وریاکردنەوەی
رەنگ و تام و بۆنی تۆیە
رۆشناییە، هەست رادەگرێ
تنۆکی فرمێسک دەبارێنێ
شەپۆلی گڕ هەڵدەستێنێ
شوورە و مەرگی ناوەخت
لەگەڵ خۆیدا دێنێ.

٤

ئەوە عەشقە
چەندەها جار پێدا رۆیشتووم
چەندەها جار وەک
سەربازێکی زامدار بریندار بووم
عەشق شۆڕەسوارێکی گلاوە
چاوی گەشی لە دەروونی هەر یەکێکمان بەجێ ماوە
عەشق دەروازەیەکی خەمە
کوانووی حەزێکی سەرشێتە
ژانی تاڵە، نائومێدی دەخولقێنێ

پەستی و ئاوارەیی دێنێ.

٥

منی عاشق دەمەوێت تامی باران و
گژوگیای سەوزی بەهار و
باڵداری تارماییی شەو بکەم
منی عاشق دەمەوێت
بۆنی ئازار و، مەستی شەو
گیانەڵای وەرزی پایز بکەم.




٦

منی عاشق دەمەوێت
لەژێر باڵی شیعرێکدا بتنووسمەوە
لە حەزێکی زۆر ناوەختدا بتخوێنمەوە
تۆ پێم بڵێ
لە کام ئارامگای ئەویندا ئۆقرەت گرت و
لەژێر سێبەری کام سنەوبەردا هێلانەت کرد.
لەسەر بڵندگۆی کام چیادا
تۆپەڵێ بەفری سپی بوویت و
توایتەوە
لەژێر رۆخی کام رووباردا مەلەت کرد و
نەمدۆزیتەوە؟

٧

بۆ دیار نەبووی، تۆ لە کوێ بووی

که هاتییەوە، تکا دەکەم
نیگای چاوم مەتۆرێنە
هەنسکی ماندووم بسڕەوە
شووشەی دڵم مەشکێنە
من ببەخشە پەنجەکانم
هەناسەکەت بەڵێوەکانم
شیلەی هەنگوینی چاوانت
بتوێنەوە چاوەکانم.



شیعر

بەهار حوسێنی

# چەند کورتە شیعرێک

١

من و پەنجەرە
نوێژ دادەبەستین
تۆ پێڵاوەکانت بۆیاخ دەکەی
من و پرچم
ئاڵۆز دەبین
تۆ لە کۆڵاندا نوقم



٢

تۆ
لە لەپی دەستەکانی مندا
لە فنجانی قاوەکانمدا
لە پەنجەرەیێک کە
رۆژی دووجار پەردەکەی لادەدەم

دەژیت

٣

بێ حیساب
هەورێک
دەبارێتە سەر لەپی دەستم و
خولیاکانم
یەکە یەکە ڕەدوو دەخات
بۆ وەی لە ژنانەییمدا
خۆیان لە پشت عەشق داشارن و
لە سێبەری خۆیان سڵ کەن
من
دووگیانم بە خۆم
چی ژان و قریشکە و هاوارە
دەتدەمەوە
با بێ حیساب بین
کە بێ حیساب، حیسابەکانی دڵت لە دڵم جیا دەکەیتەوە
هیچم لە دەس نایێ
جیا لەوەی بیرت بکەم
کتێبێکیشم نییە نەتدیبێ
بە بیانووی بتهێنمە بەر کتێبخانەکەم و
لەناکاو گوڵێک بەربێتەوە و
ماچێک بترازێ
لە لێوە بەردەوام بۆ دوان لە تۆ جووڵاوەکەم
گوێم دەزرینگێتەوە
چما باسم دەکەی
زرینگە زرینگی



گواره و بازنه و
چاو خومارکردنەکانی
ژێر مۆمی سفرە ساردەوەبووەکەی
چاو لە دەرگا بڕینەکانم و
هەموو، هەموو
بە زرێکی ئەلۆ
دەتدەمەوە
با بێ حیساب بین
کە بێ حیساب
حیسابەکانی دڵت لە دڵم جیا دەکەیتەوە



شیعر

ئیبراهیم هەورامانی

# "دوو جوملەی شیعری"
# "جەنگ و ئاشتی"



له جەنگدا گوڵ ناپشکوێ
ڕووبار ئیتر سەما ناکا
باران نایەتە ژوانی خاک
کانیله بێ خەندەیە.
له جەنگێدا... منداڵان باوکیان ناناسنەوە
ماڵ پڕ دەبێت له غەریبی
له جەنگدا..
گۆڕستانەکان
قەرەباڵغ دەچنەوە.
له جەنگدا..
له جەنگدا..
پیاوانی پووت، پێکەکانیان فڕ دەکەن
قاقا بە پشتا دەچەمێنەوە.
له ئاشتیدا

باوکم گۆرانیمان بۆ دەچڕێ..
گوڵەکان، نیشتمان دەکەنەوە بە بەهار
ئەستێران دەجریوێنن،
باڵندەکان تەریو نابن
کانیلە و ڕیحانە پێکەوەن.
لە ئاشتیدا...
لە ئاشتیدا...
پیاوانی پووت
دەچنەوە بۆ گۆڕستان



***
"وانەیەکی تر"
مامۆستای ماتماتیک وتی: هیچ و هیچ
واتە هیچێک.
مەلەوانەکە بۆ سەفەرێک
ڕووبارەکەی بڕی
دواجار نەگەڕایەوە.
بەهاران گەڵێکان سەوز بوون
سەوز.
دواجار بەڕەنگی زەردەوە
لەسەر زەوی دیمنەوە.
سەگەکان تا درەنگانێکی شەو
دەحەپن.
شاعیرێک، چەند دێرێک لە شیعرەکانی
لە ڕووپەڕی ڕۆژنامەیەکدا.
خوێندەوە.

شەوانە هەواکان جۆراوجۆرن
پڕن لە دەنگی جەنگ و
دەنگی مردن و
لە پێکەنینی پاشاکان
مامۆستای ماتماتیک وتی:
وانەکەمان تەواو بوو
سبەی وانەیەکی نوێ دەڵێمەوە



شیعر

کاروان سۆفی

# جەهەنەم ئێرەیە



ئەبوو وا بکەم
دڵم لەناو خۆڵا جێ بهێڵم و
کبریائم پارچە پارچە فڕێبەم
بە ناوچاوانی بادا و
بۆ ماچێک دنیا بگەڕێم ..
ئەبوو وا بکەم
لێوم منداڵ منداڵ بکەمەوە
تا گەڕانەوە بۆ زەمەنی مژینی مەمکی دایک
تا خۆڵ خواردن و جنێودان..
تا لەزەتی یەکەم قەپاڵی سێوەکەی ئادەم
تا لێو تەڕبوون
تا لێو کرۆشتنی قەرەجێک بۆ ڕانە مەڕێکی نەبرژاو
ئەبوو وا بکەم
ئەبوو یەکەم هەنگاوم لە بیابانا نوقم کەم..
لە بیابانا لە تەنیشت خۆرە ژەنگاوییەکەی جەهەنەما ..

ئەبوو هەموو تەمەنم بسپێرم بەتۆ
ئەی توورە و ناحاڵی
ئەی بێبەزەیی و پڕ جەنجاڵی
ئەی زوڵم و تاریکی
ئەی ژیان
ئا.. تۆ ژیان ... تۆ.



ئەوە منم دوای بیست و نۆ هەنگاوی لمی
لەسەر ئەم شەقامی ئاگرینە پیاسە ئەکەم؟..
ئەوە منم لە دوای ناشتنی دڵم لە لما
هێشتا دڵم بە هەنگاوە شەکەتەکانم خۆشە؟
من کێم؟!
چیم ئەوێت کە زانیم
دنیا پیرەژنێکی دەم و ددان رزیوە
ئێستاش چیرۆکی پەیوەندییە سۆزدارییەکانی لە یادە..
چیم ئەوێت کە زانیم
عەشق گەمەیەکی بازنەییە
ئەچێتە ملی ئەو کەسەوە کە بە ڕاستی ئەیکات و
ئەیخنکێنێت..
بەڵام لە مشتی ناپاکانەیە..
چیم ئەوێت کە زانیم؟ نازانم چیم ئەوێت؟!
بۆ نامبینی؟
ئەوەتام لە تەنیشت تەرمی خۆما ڕاکشاوم
ئەوەی کە هەمە دڵێکی مردووی مۆمیا کراوە
کە لەوپەڕی پێویستیما بۆ تۆم ڕاو کرد..
بۆ نامبینی؟
ئەوەتام نزیکی دەستە بچووکەکانتم

که سێ جار به بیانووی سڵاوکردنەوە
لەناو دەستە زبرەکانما ونم کردن..
سێ جار
سێ جار و سێ هەنگاو لە تۆوە دوور
بۆ نامبینی؟
بۆ نامبینی من ئەتبینم پێ ئەکەنیت
تاو نا تاوێک هـــــەر بۆ خۆشی
سڵاوێکی زۆر بێ پایان لـــــە خۆتەوە
بە مۆبایل، بۆ یاری تازەت ئەنێریت..
بۆ نامبینی؟
من ئەتبینم عەجول و بزۆز و فێڵزانیت..
وەکو جاران بۆ خۆشی فێرە گـــریانیت..
بۆ نامبینی؟
ئەوە منم
دوای ناشتنی دڵم لە لماو
دوای بیست و نۆ هەنگاوی شەکەت
لەم شەقامە ئاگرینەیا ڕاوەستاوم..
ڕاوەستاوم و نازانم
ئەوەی لە بەردەممایە دنیایە یان زوڵمەت
ئەوەی لە ڕابردوومایە ژیانە یان چیرۆک
ئەوەی خۆشم ویست کچ بوو یان پەیکەر
نازانم..
ئەبوو وا بکەم
هەرچی عەشقمە بە ڕابردوو و ئێستامەوە
بە دڵ و چیرۆکی گەشمەوە
بە نهێنی و ئایندە و خەممەوە



به گۆرانی و وێردەکانی لێومەوە
وەکو سۆفییەکی دێوانە
پڕ بە زەمیلەیەکی شین
لە یەکەم هەنگاوی لمیما
بیدەمە دەست دەستە بچووکەکانت و
تۆش بۆ مێژوو
بە حیلکەحیلک هەروەک نوکتە
یەک یەک برینەکانم
یەک یەک نهێنییەکانم
یەک یەک ئێسکەکانم
یەک یەک چیرۆکەکانم
یەک یەک نوێژەکانم
بۆ ناشادەکان هەڕاج کەیت و
دڵی ڕەشیانی پێ بشۆنەوە..



ئەگـریم و نازانم من کێم
شەکەتم و نازانم لە کوێم
سۆفیم و زوڵمەتە سەر ڕێم
عاشقم و بێ دڵ ئەگەڕێم
لە مێژووی جەنگی دووەمی شەڕەپەڕۆی شارێکا
لە تەم و غوباری ئاسمانێکی گڕ گرتووا
لە جەنجاڵی و پێکدادانی عەشاماتێکی تووڕەیا
کە کەسیان نازانن
وێنەی سەرۆکیان بۆ بە بەرۆکیانەوە گرتووە
بۆ شەڕەبوتڵ و شەڕەڕەنگ و شەڕەهۆڕنیانە؟
بۆ لە یەک کاتدا ئەگرین و پێ ئەکەنن؟

بۆچی لێرەن، لەم پشتی تویتایەدا چی ئەکەن؟
بۆچی ئەقیژێنن؟ بۆچی هەڵئەپەڕن؟
لە ناوەڕاستی ئەم عەشاماتە سەرلێشێواوەدا
من بۆ تۆ ئەگەڕام
ئا بۆ تۆ..
ئەمزانی تۆش وەکو ئەوان نازانیت
لە کوێوە دێیت و بۆ کوێوە بڕۆیت
ئەبوو بتدۆزمەوە..
دوای بیست و نۆ ساڵ پیاوێکی بێ دڵ
تاکە ئومێدی بینینەوەی کچێکە لە بەرد
تا پێی بڵێ:
دڵم لەناو لما جێ هێشت بۆ تۆ
هیچ نەبێت وەرە و تفێکی تێکە
شەقێکی تێهەڵدە، پێیەکی پیا نێ
هیچ نەبێت وەرە و بیبینە
کە چۆن لەناو ڕەنگی قاوەیی لما
سوور سوور ئەچێتەوە.
هیچ نەبێت بیبینە..



خەومان بینی دنیا بستێکی مابوو گوڵ نەبێ
هەمـــوو شـــتێکی جـــوان بوو شـــەڕ نەبێ
خەومان بینی
من و تۆ بوو بووین بـــە باران
دوور بووین لە فیراق لە گریان
ئەگەر پێکەوە ئەو خەوەمان نەبینیایە
ئەگەر باسی باغەکانی عەدەن و
گوڵە بەیارەکانمان بۆ یەکدی نەکردایە

ئەگەر لەسەر ناوی گوڵێک
ملوێنەها ناوی سەرکردەمان سووک نەکردایە
ئەگەر دوای ئەو پەپوولە باڵ شینانە نەکەوتینایە
کە پریشکێکی خودا بوون
چیمان ئەکرد
لە تۆ ئەپرسم
ئێستا پیاوێکی بێ دڵ
کە چاوی لە لما چەقیوە
چی هەیە
جگە لە گەڕانەوە بۆ نازی تۆ
چی هەیە جگە لە سکێچی
وێنەی سەمای تۆ
چی هەیە
جگە لە تەفسیرکردنی فێڵی تۆ..
چی هەیە
جگە لە ناوی خودا و قیبلە و
پەرستگای تۆ..
چی هەیە..
لە تۆ ئەپرسم
بۆ بێدەنگیت؟
من هاتووم دوا هەنگاوم لەم لەدا بچەقێنم
دوا هەنگاوم دوا هەناسەی پیاوێکی بێ دڵ و شێتە
سینەی پڕە لە پرسیار و وەک سۆفی عاشقی ڕێتە..
ئاه
ئێستا زانیم من چەند پیر بووم
ئێستا زانیم



ئێستا زانیم
پیربوون پێوانەی ساڵەکانی ژیان نییە
پیربوون هارِە و شکانی ڕۆحە..
پیربوون لە یەکەم هەنگاوی لمیەوە
دەست پێ ئەکات..
بۆ دواهەمین هەنگاوی نغرۆبوون..
کە تا بینەقاقات لە لما ئەچەقێت
هەناسەسوار ئەبیت.
کەس ناتبینێت
ئەمریت و
کەس لە چیرۆکی بوونت ناپرسێت..
سەراپام بۆنی
تۆز و خۆڵی ئەم شەقامە ئاگرینەی گرت و کەچی تۆ
نەهاتی ...
نەتبینیم...
نەتبیستم..
بۆ دواجار ئەپرسم
من کێم؟
چیم ئەوێت؟
کە زانیم ئەوەی عاشقی بووم
هیچ نەبوو جگە لە خۆرەیەکی ناچیز
کە هێدی هێدی ناخم ئەخوات..
من بۆ لێرەم
چیم ئەوێت کە زانیم
تاکە پیاوی بێ دڵ هەر من نیم
تەنها نیم



ئەوەتا سەدەها جێ پێی بەجێماوی
شەکەت لەسەر ئەم بیابانە نەخشی ئەبەدییان کێشاوە.
ئەوەتا چەندەها پەنجەی هەڵوەریو
بە قەدی دارەکانی ئەم شارەوە وشک بوونەتەوە
ئەوەتا زەویی ئەم بیابانە
سیخناخە لە ئێسکی مەچەک و کەللەسەری بێ شوناس
سیخناخە لە ڕۆحی ئاوارە و تەرمی شێوێنراو
ئای
من چەند پیاوێکی بەتاڵم
ســــــەرلێشێواو و بێحاڵم
دۆڕاوم و بۆ تۆ ئەناڵـــــم
کافرم و لەسەر بەرمــاڵم
ئەبوو وا بکەم
لە دوا هەنگاوی شەکەتما
کە تا ناوچاوانم لە لما ئەچەقێت
بچمە ژوورەکەمەوە و
هەموو پەنجەرەکان بکەمەوە
هەموو دەرگەکان والا بکەم
سینەم شەق بکەم و لێ بگەڕێم
ڕۆحم بە کەیفی خۆی بقریشکێنێت
هیچ نەبێت لە دوا چرکەکانی ژیانما
لە بەردەم خودادا ئازاد بم
لێ بگەڕێم
پارچەکانی ڕۆحم
بە دیواری ژووری پیاوێکی بێ دڵا
بۆ ئەبەدی جێ بمێنێت..



کورتیلە چیرۆک

فەیسەڵ هەمەوەندی

# وروووژان

وروووژانی ئینســـانەکـــان پابەند نین بە یاســـا و رێســـا ... بۆیە بەردەوام گەڕلاوژێیەک هەیە لە دادگەی ژیاندا لە نێوان هەردوو تای تەرازوودا بۆ یەکسانبوون کە مەحاڵە یەکسان بن.

هەمەوەند

دڵی لای منداڵەکانیەوە بوو، لەو ساتەوەختەی دنیای لە فینجانێکی قاوەدا بینییەوە، بەخت لە ئەدرەسی هیچ ئومێدێکیدا نەمابوو بۆ بەختەوەری. ئەم بێ هاوسەرییەی سەختترین رێیە لەوەی ئەو بە شەهیدبوونی.. ســـەر بەرزیی بۆ خستنەوە. گەرووی پڕ لە گریانی زۆری بۆ هێنابوو، لەو دوو ڕییانەی رێیەکیان بۆ ســـەربەرزی ناچێت و رێیەکەی تریش بۆ سەرزەنشتی زەڕنەقووتە برسییەکان، کە دەمیان بۆ حەوا کردووەتەوە و لە برسا خەریکە یەکتر دەخۆن.

.

.

.

پاسەوانەکە دەستێکی بە سمێڵە ئەستوورەکەیدا هێنا، پێشوەخت ئەو سیکسەی هێنایە ناو خەیاڵی خۆی کە لەودیوی مەڵاسدانەوە هێدی هێدی شلاوگەیەکی لینج بە دەم و پلی ئەودا دەهاتە خوارەوە و راست و چەپ تلی دەدا.

.
.
.

راوچییەکـە بە حـەزەرەوە سـێرەی لە نیـچـەرەکەی گرتبـوو، نەبادا ئەمـەی لە کیس چێ، چونکە لـەم نیـچـەرەی زۆر راو کـردووە، دان بە خـۆداگرتن بـاشـترین رێگەیـە بۆ ڕەوینەوەی ترس، تا دەبێتە داوەکەوە. مـامەڵەی راوچی و نیـچەر مـامـەڵەیەکی دۆسـتانەیە تا پەلەپیتکە دێتـە وێزەی پێکاندن. بە دیوێکی تر لەو دیوی بـێ ئاگـاییی نیـچـەرەوە دنیـا هێـشـتـا هـەر ئازادییە.

.
.
.

لەودیوی پـەنجـەرەکـەوە دنیـایەکی بەرین دیارە، وەلێ لەم قـەفـەسـەدا رێگەیـەک نیـیـە بۆ چوونەوە بۆ ئەو دنیـا بـەرینە. ئەوەی ژان دەیڕسکێنێ بەشـێکی زۆری ناکـامڵـی هزرە لەمـەڕ سـەرفـرازییـەوە. پەنجـەرەکە والایە بۆ تێپـەڕبوونی سکڵی چاو، وەلێ میناکە بەربەسـتێکی روونە کە زۆرجار هەڵفڕینەکانمان هەڵدەخەڵەتێنن.

.
.
.

خـۆی لە ئاوێنەکـەدا بینی، سـیـمـای پەژمـووردە و کاڵەوەبـووی بە ترسـێکدا رسکابوو، ئەو ئافرەتەی کە وەک ئەوەی سـەوای ئەمی کردبـێ، رێ و شـوێنی هـەموو رێگەکـانی.. یا پلەکانی هـەڵدانـی مـرازەکـەی بۆ کـێـشـابوو، بەڵام ئەو ترسـەی کـە پـیـا چزا، هیـچی لەبـارەیەوە بۆ نەوتبـوو. ئـەم ئێـسـتـا زانی ئـەو مـاکـەوە داو بووە بۆ بەدەسـتـەوەدانـی. جـەسـتـەی گـەرم داگیرسا، کە روومەتەکان سوور بوون و ئەوەندەی تر جوانتر دەهاتە بەرچاو .

.
.
.

ئەمـە خوایە ئـەم پەتایەی لە کۆڵ بێتـەوە.. ئەمـە قسـەی خـۆمە بەڵام خـۆ ناکرێ درۆتان لە تەکـا بکەم. دەردەکـەی بە کـەس نەدەدۆزرایەوە، جـارێ تایـەکی گـەرم گـەرمی لـێ دەهات دارسـتـانێک بسـووتێنێ، جارێکی تر دەبووە تاوێرە بەفـرێکی سـەر ئاو کە دیوێکی کـەمی بەسـەر ئاوەکـەوە دیـاربوو، دیوێکی زۆریشی بە نـادیاری بە بن سـەرئاوەکـەوە بـوو. کـەس نازانێ گەرمیی سەر ئاوەکە بەفرەکەی دەتوانەوە.. نەک ئاوەکە.

(قسەی قۆڕ) نازانم کامتان بوون ئەو خوێنەرانەی دوای خوێندنەوە ئەوەتان وت.

.
.

هۆڵەکـە زۆر لەوە گـەورەتر بوو چوون سـەنگەرێک کـەسـێک بشـارێتـەوە، یا ناوئاخنی هۆڵەکـە تاکـوتـەرا بێنە بەرچـاو، هەمـوو شـتـێ روون بوو وەک ئاوی روون، ئـەوەی زیندوو و مـردووی پـێ دەشـۆن. دەمـوچاوەکان لە پرسـیـاری بەردەوامـدا بوون، پرسـیـاری قـۆڕ وەک ئەوەی خـوێنەرێک لە دەقدا دەیکات. جووڵـەکان ئـارام لـێ براو بوون.. وەک ئەوەی مـامـانێک دەیکات، دیوارەکـان بەو دیوی دنـیـایان دەکـرد.. کە کـەس لێـوەی نەهاتبـێتـەوە. ئالآکـە بە داوڵێکی دەکرد.. بە بەر خۆرەوە سووتابێ.

.
.

هێشـتا ئاسمـان مەیلی مانـەوەی خۆری تیا مـابوو، ترسێک بە منداڵێکی گرینۆکی دەکرد بە هـیـچ ژێر نەدەبووەوە. وەک ئـەوەی رەوێ گـورگ دەورەیان دابێ، گـورگـەکـان قـەپـیـان لە بەفرەکە دەدا، گەمـەیان لە تێربوون دەکرد یا نـاخـی خۆیان سارد دەکردەوە؟ خوێنی نیـچـەر گـەرمە، ئەگـەر بێتو نیـچـەرەکە مێ بێ ئەوا رەحـەتییەک بە کەڵبـەکان دەدات کە گۆشـتێکی جیڕ نەبوو.

.
.

دوو چۆلەکەی نێرو مـێ بەسـەر دارتەلی شۆستەی شـەقامەکەوە و بە بەرچاوی خـەڵکییەوە سێکسـیان دەکرد، بێ ئاگایی لەو خـلآفاوییەدا ساچمـەی ساچمەژەنێک یەکێکیانی بەردایە خـوارەوە. هـاوڕێیـانی راوکـەرەکە دەسـتـخـۆشـیـیـان لێ کرد و بـە شـان و باڵیدا هەڵیـان دا. خەڵکەکە ئاسایی بە رێی خۆیاندا دەڕۆیشـتن.

.
.

نووسـراوی بـە دارەوەکـراوی لای ژوورووی بەڕێوەبـەرەکـە لە ئایەتێکی قـورئـانی دەکـرد، وەلێ ئەم نەخـوێندەوار بوو نەیدەزانی کـام ئایەتە و راڤە لـە چی دەکات، سـەرحـاڵی ئەوەش سـەبووریی بەو ئـایەتە هـاتـەوە کـە کـەلامی خـوایە و ئەوەی باوەڕی پێ بـێ کـاری نابـەجـێ ناکات. قەدەرێک بوو بەڕێوەبەر بە پێوە وەستابوو بۆ رێزلێنانی ئەم رێککەوتە.

.
.

(دان بە خۆتا بگرە) ئەمە قسەی ئەو داپیرەیە بوو کە سەروکاری ژانەکەی دەکرد، ئەم سکە نۆبەرەیەی ئەزموونێکی قورسە زیاتر ترسی مەرگی لێ دەنیشێ. ئەم ژانەی بەوە سەبووری خۆی دەدایەوە کە لە ژانی شوێن گوللەیەک دەچێت کە هاوسەرەکەی زۆرجار شەڕی ئەو برینداربوونەی بۆ دەوتەوە، کە دوژمنیان بە سەختی بەزاند.

.

.

.

فەرمانبەرەکە کاغەزەکەی.. باشتر وایە بڵێین ئەرزوحاڵەکەی بۆ رەت کردەوە، بێ درێژەدان بە هۆکارەکان تەنیا ئەوەندەی فەرموو..

– ناوی نییە!

هەموو ئەو رۆژانەی شاخ سەخت بوون، وەلێ بە هیچ جۆرێک دڵشکستە نەبوون بە ناهەمواریيەکان، هەندێ قسە هەبوون وەک ئەوەی هاوسەرەکەی بۆی دەوتن پەیام بوون وەک خواپەرستی. ئەمێستا هەموو ئەو پەیامانە نابن بە شایەتحاڵ. منیش چرپاندمە گوێی ئەویش شایەتحاڵێکی خۆی هەیە رابردوویەک لە بەعسییەت وا کەس ناوی نابات.. یانی ئەویش ناوی نییە.

"ئەی بۆ لە دنیای مندا ماوە"

"کێ.. هاوسەرەکەت.. یا ئەم بەعسییە"

.

.

.

چزی ئەو گوللە گەرمانە کە بەوەوە بوون، ژانەکەی بەمیشەوەیە. خوێنێکی زۆری لەبەر رۆیشتبوو، ترسی ئەوەیان لێ نیشتبوو بەسەر منداڵەکەوە بچێ.

.

.

.

هێشتا تاریک نەبووبوو، بۆنفرۆشەکە بۆنێکی سێکس ئامێزی پرژاندە سەر رێبوارەکان. ئەو ئێوارەیە.. دەڵێم ئەو ئێوارەیە ئەوەندەی بۆن فرۆشتبوو، بەقەد حەزی هەموو جووتبوونەکان.. بەقەد ئاودامانی هەموو ژێرکراسە لەزەتگرتووەکان.. بەقەد رقی رژان و.. بە قەد.... بەقەد..........

.

.

.

گورگەکان حاشایان لە کوشتنی یوسف کرد.

.
.
.

چوون سمۆرەیەکی راهێنراو بە قەد و باڵای ئەو پیاوەدا کەوتبووە هەڵدان، کە لایەک لە دارستانەکەی بە ناهەق سووتاندبوو، دواتر کە دەیزانی کاڵ دەبێتەوە، هەموو سێشەمانێک لە گۆڕستانەکە یەک بە یەکی گۆڕەکانی بەسەر دەکردەوە و بۆ پاکانە قورئانی بۆ دەخوێندن.

.
.
.

هاوڕێکەی کە هێشتا نەهاتبووە سەر خۆی.. خەیاڵ خەیاڵ بەنێو حەشاماتی رەتبوونەوەکەدا رۆ دەچوو، بە بیانووی پرتەقاڵ و هەرمێ مەمکەکانیانی دەگوشی. عەیامێکە بووەتە فاڵگرەوەی ژنان و بەختیان راست دەکاتەوە. رۆژانە دەیانیان دێنێتە سەر هەوەس و بڕێک سێکسیان وەبەر جەستەدا دێنێتەوە.

.
.
.

چۆلەکەکان شایەتحاڵی ئەو رووداوەن کە لەم دیوی میناکەوە راوچی و نیچەر لە ململانێدان. بەو پێیەی کە خۆشیان هەر نیچەر بوونە.. بەزەییان بەنیچەری ئەمدا دەهاتەوە. نە کەس چۆلەکە بانگهێشتنی شایەتحاڵی دەکات، نە چۆلەکەش باوەڕی بەوەیە بۆ شایەتحاڵی بچێ لە قەفەسی نانێن.

.
.
.

منداڵەکان کپ کپ نووستبوون، دیاربوو برسێتییەکەیان رەویبووەوە. خەونیان بە باوکیانەوە دەبینی، درەنگانێک هاتەوە ماڵ و شانێکی پڕ بوو لە چەک و شانەکەی تری پڕ لە خۆراک. ئەو ئێوارەیە دایکیان خوانەکەی بۆ رازاندنەوە، تێر تێر نانیان خوارد.. تێر تێر نووستن.. تێر تێر خەونیان دەدیت. قوڵپی گریانێک لەودیوی پەنجەرەکەوە.. لە داڵانەکە تا بەرەبەیان دانەدەمرکایەوە.

چیرۆک

بەکر دەروێش

# ژنە خەیاڵییەکانی خەیاڵم

بۆ هەڵاتن لە قاتوقڕییەکانی ژیان ڕێگەیەکی نهێنی هەیە ئەگەر بیدۆزیتەوە دەتگەیەنێتە ئاسوودەگی، لە بەرانبەر هەر قسە و باسێکدا کە بۆنی کرووزی لێ دێت، ئەمن ملی ئەم ڕێگەیە دەگرم و دەڕۆم، لەم ڕۆژانەدا خەیاڵم پەنا و پەسێومە، هەردەم هانای بۆ دەبەم، خوا هەڵناگرێ ئەویش قسور ناکات بەدەنگمەوە دێت و پەنا بۆ وێنەکێشان دەبات، وێنەیەک تەواو پێچەوانەی وێنەی ناو هەواڵەکانە، وێنەی جەستەی ئینسانە، جەستەیەک دوور لە برین و خوێن، لەنێو جەستەی ئینسانەکانیشدا تەنیا و تەنیا وێنەی جەستەی ژنم بۆ دەکێشێ، ئێستا جەستەی ژن بۆ من بووەتە خانەی خەیاڵ و مەسکەنی عەودالیم، من زۆر لەزەت لەو وێنانە دەبینم کە خەیاڵم دەیانکێشێ، بۆیە لە کاتی وێنەکێشاندا بەهیچ شێوەیەک ڕێگریی لێ ناکەم، بەپێچەوانەوە جڵەوی بۆ شل دەکەم تا بە ئارەزووی خۆی چ وێنەیەکی پێ جوانە بیکێشێ، جاری وا هەیە ماڵەکەم پڕ دەکات لەوێنەی ژن و کچی جوان، ژنگەلی وا مەگەر تەنیا پەنجەی خەیاڵ بتوانێ بیانخولقێنێ، ژنەکان هەمەجۆر و هەمەبارن، لە هەموو تیرە و نەتەوەیەکیان تێدایە، تا ئەو شوێنەش خەیاڵ بڕکات و توانای داهێنانی جوانی هەبێت ئەوان جوانن، ئەگەر مرۆڤ خەیاڵی ئازاد بێت ئەوە زۆر شتی جوانی بۆ وێنا دەکات و بێزاری و وەڕسبوونی لێ دەرەوێنێتەوە، خەیاڵی ئازاد بناغەی ئازادیی ڕاستەقینەیە، لێ گەڕێن با خەیاڵتان ئازاد بێت، کۆت و بەندی مەکەن، مەیترسێنن، ڕەنگە

هەندێ جار خەیاڵ شتی ناشیرینیشتان بۆ وێنا بکات، بەڵام هەر قەیناکا لێ گەڕێن با وێنای بکات، ئینسان هێنده لە شتە ناشیرینەکانەوە فێر دەبێت نیو ئەوەندە لە شتە جوانەکانەوە فێر نابێت، من بەرانبەر بەهەر هەواڵێکی ناخۆش کە تا ئاستی جەرگ سووتان دەمبرژێنێ، زیاتر دەرگە لەسەر مەلی خەیاڵم والا دەکەم تا بەئارەزووی خۆی چەند دەتوانێ بفڕێ، چەندیش دوور بفڕێ من دوای دەکەوم و لەگەڵیدا دەڕۆم، با زۆریش ماندوو بم، گوێ نادەمێ، چونکە دەزانم ئەو وێنانەی کە دەیانکێشێ ماندوویەتیم دەردەکەن و هیلاکیی ڕێگەم لە بیر دەبەنەوە، زۆرجار وێنەکان گیانیان دەکەوێتە بەر و وەک بنیادەمێکی ڕاستەقینە لەگەڵما دەکەونە گاڵتەوگەپ و قسەی خۆش، کچانی چاوباشقاڵ و ئاشق، ژنانی نازفرۆش و جوانفرۆش، دەستەمۆ و گوێڕایەڵ، دروست لەو جۆرەن کە ناخی هەموو پیاوێک حەزی لێیانە و دەیانیەوێ، ئەوەندە جوان و ناسکن دڵ لە خۆشەویستییان و چاو لە تەماشاکردنیان تێر نابێت، ژنانی نەرمونیان، پڕ لە مێیایەتی، لە لەزەت، لە حەز و لە ویست، لە ئارەزوو، ئەو ژنانەن کە شەو و ڕۆژ خەونیان پێوە دەبینم، جەستەیان ئەوەندە جوانە بەزمان بۆم وەسپ ناکرێ، چونکە ئەوان بەرهەمی ئەقڵ نین، تا زمان وەسپیان بکات، ئەوان بەرهەمی خەیاڵن، بەرهەمی خەیاڵیش بەزمان وەسپ ناکرێ، تەنیا چاوی خەیاڵ دەتوانێ بیانبینێ، بۆیە دەبێ هەموو ئینسانێک بەخەیاڵی خۆی جوانانی وا بخوڵقێنێ بۆ ئەوەی بیانبینێ، زۆرجار ژنەکان بەتاق و جووت بەخۆشترین و جوانترین دەنگ دەملاوێننەوە و گۆرانیم بۆ دەڵێن، لە ئامێزم دەگرن و دەست دەخەنە نێو سینگمەوە و ئاگر لە ناخم بەردەدەن، جەستەم یەکپارچە دەبێ بەگڕ و تین، کوانووی حەز و ئارەزووم کڵپە دەکات، کڵپەی سووتانی هەواڵەکانم لە بیر دەچێتەوە و باوەش بۆ ژیان دەکەمەوە، بەپێچەوانەی کەشوهەوای ناو دەنگوباسەکانەوە هەست دەکەم ژیان بۆن و بەرامەیەکی خۆش و بەتامی هەیە، ورده ورده کرانەوە و ئارەزووی ژیان بەسەر هەڕەشە و شەڕەجنێو و ناو و ناتۆرکەکاندا زاڵ دەبێت، دڵ و دەروونم یەکپارچە دەبێتە سەوزەلانی، هەناسەم بۆنی پونگە و نەعنا دەگرێت، ژنەکان وەک ئەوەی ناخم بخوێننەوە من چیم پێ خۆشە ئاوا هەڵسوکەوت دەکەن، بۆنی مێیایەتی چوار دەوری تەنیوم، لە هەر کوێیەک دەست دادەنێم جەستەی ژنە، ژنانی گەرم و نەرم، تژی لە سۆز و خۆشەویستی، من حەزم لە ڕەفاقەتی ژنانە، ئەو ژنانەی کە هەموو شتێکت پێ دەبەخشن، لە پاڵیاندا هەست بەئارامی دەکەم، پیاو بەهاوڕێیەتیی ژنان هەست بە کەم و کورتییەکانی خۆی دەکات، دەزانێ لە کوێی ژیاندا وەستاوە، هەندێ جار هەندێ لە ژنەکان پێم ئێژن: تۆ وەک پاشا و خەلیفەکانی جاران وای،

حەز دەکەی لە رۆژێکدا هەزار ژن تاقی بکەیتەوە، خۆت بەهیچ یاسا و رێسایەکەوە نابەستیتەوە، بەتۆ بێ هەرچی ژنی دنیایە بەتەنیا بۆ تۆ بێت. منیش پێ دەکەنم و دەڵێم خۆزگە وا بوایە، خۆزگە وەک شیلی وتەنی هەرچی ژنی دنیا هەیە بووبووایە بەیەک ژن و ئەویش من ماچم بکردایە، رۆژێکیان ژنێک لە ژنە خەیاڵییەکانی خەیاڵم لێم هاتە جواب و وتی: جا ئەوە چیی تێدایە ماچ نیشانەی خۆشەویستی و دۆستایەتییە، خۆزگە هەموو پیاوان سەیری ژنیان وەک گوڵێک بکردایە، کە هەموویان تەمەنای ماچکردن و بۆنکردنیان بکردایە، ژنیان تەنیا بۆ ڕابواردن و بەر گەرمکردنەوەی خۆیان نەویستایە، منیش وتم: جوانترین دیاری کە خوا پێشکێشی پیاوی کردووە ژنە، ئەویش وتی: جوانترین ئارامیش کە خوا بەخشیویەتی بە ژن پیاوە، بەم شێوەیە چەندان سەعات لەگەڵ خەیاڵی خۆمدا دەڕۆیشتم، خۆمم لە هەموو شتێک دەدزییەوە و هەموو شتێکم لە بیر خۆم دەبردەوە، من باش دەمزانی بیرکردنەوە و بەدواداچوون بۆ ڕووداوەکانی دنیا جگە لەوەی وەک مۆرانە هەناوم دەخوات زیاتر بێ ورە و بێ هیوام دەکات، زیاتر ئەوەم پێ دەسەلمێنێ کە ژیان عادەتێکی بێتامە، ئەگەرچی هەندێ جار بیرم لەوە دەکردەوە دەبێ لە بەرانبەر ئەو هەموو نایەکسانییەی لە دەوروبەری خۆمدا دەیبینم، لە ئاست ئەو هەموو هەواڵە ناخۆشانەی رۆژانە دەیبیستم، دەبێ هەڵوێستێک بنوێنم، بەڵام دیسان جگە لە خەیاڵکردن و وێنەکێشان هیچی ترم لە دەست نەدەهات، لەم بەینەدا رۆژێکیان دیسان لە داخی کۆمەڵێ ڕووداوی ناخۆشدا باروبنەم پێچایەوە و وەک هەموو ڕۆژەکانی تری ژیانم کەوتم بەشوێن خەیاڵەکانمدا، دیسان سەرگەرمی تەماشاکردنی وێنەکان بووم لە ناکاو ژنێکم لێ داپەڕی و چووە ئەو دوورە و وتی: تۆ تاکو کەی وەک سوڵتانەکان کاتی خۆت بەتەماشاکردنی جەستەی ڕووتی ئێمەوە بەسەر دەبەی؟ تاکەی وەک دەسکردی خۆت تەماشامان دەکەی؟ کەی هەست بەوە دەکەی ئێمەش وەک تۆ مرۆڤین و وەک تۆ هەست و نەستمان هەیە؟ لە ڕاستیدا ئەوەی لە ژیانما چاوەڕوانی نەبووم ئەمە بوو، رۆژێک لە رۆژان ژنێک کە بەئارەزووی خەیاڵی خۆم بۆ خۆشیی خۆم دروستم کردووە لێم یاخی بێت و لە قسەم دەرچێت، لەبەر خۆمەوە وتم: بەزیادم نەکرد ئەمەم لە کوێوە لێ پەیدا بوو؟ هەر ئەوەم مابوو خەیاڵیشم لێ بشێوێنن و ئەم پەناگەیەشم لێ زەوت بکەن، ویستم زوو لەسەر شاشەی خەیاڵم بیسڕمەوە و لە خەیاڵدانی خۆمی دەرکەم، کەچی توند دەستی گرتم و وتی: تازە ناتوانی بمسڕیتەوە و لە خەیاڵی خۆتم دەرکەی، ئەوەی هاتە ژیانەوە تازە کەس ناتوانێ بیسڕێتەوە، وتم ئێ باشە ئێستا چیت دەوێ؟ وتی: دەمەوێ ببین بەهاوڕێ نەک تۆ بەپاشا و

من بەکەنیزە؟ منیش دام لە قاقای پێکەنین و وتم: هاوڕێتی لە نێوان نێر و مێدا؟ ناوچەوانی دا بەیەکدا دەستێکی هێنا بەپرچە ڕەشە جوانەکەیدا و هەڵی دایەوە بۆ پشتەوە، هەستا چوو لەسەر کورسییەکەی بەرانبەرم دانیشت وتی: بۆچی؟ وتم: هاوڕێتی لە نێوان نێر و مێدا کاتێک دروست دەبێت کە هەردووکیان لە یەکتر تێر بن، من برسی و تۆ برسی چۆن دەبین بەهاوڕێ؟ وتی: کەواتە با یەکترمان خۆش بوێ و ببین بەدڵداری یەکتر؟ منیش وتم: ئەوەی ڕاستی بێت من ناتوانم یەک ژنم خۆش بوێ و واز لەوەکانی تر بێنم، بۆیە ناتوانم وەها خۆشەویستییەک بکەم، داوای لێبووردن دەکەم! چونکە خۆشەویستیی تاقە ئافرەتێک لە قاڵبدانی مرۆڤە و کورتکردنەوەیەتی بۆ ئاست مرۆڤێکی دەستەمۆ و تەسلیم بوو، بۆیە دووبارەی دەکەمەوە من ناتوانم خەیاڵی خۆم بەتەنیا ژنێکەوە گرێ بدەم و مۆمی تەمەنی خۆم بۆ تەنیا ئافرەتێک بسووتێنم، من هەرچی ژن هەیە لەم دنیایەدا هەموویانم خۆش دەوێ. قاچی چەپی خستە سەر قاچی ڕاستی و بزەیەک گرتی وتی: کەواتە با بەشێوەیەکی شەرعی ببین بە ژن و مێرد؟ هەستم کرد ئەم ژنە یاخییە بەئاسانی خۆی بەدەستەوە نادا و دەیەوێ تا ئەوسەری خەیاڵ بمبا، دەیەوێ بوونی خۆی بەسەرما بسەلمێنێ و بیکاتە وجوودێکی هەقیقی، وتم: ئەمەیان لە هەمووی خراپتر، تۆ دەتەوێ ئەمجارەیان لە ڕێگەی یاسا و شەرعەوە بمبەسیتەوە، ماقووڵە مرۆڤ بەدەستی خۆی خۆی بکا بەکۆیلە؟ وتی: بۆ تۆ ژن و مێردایەتی بەکۆیلایەتی دەزانی؟ وتم: بەڵێ شتێکی لەم بابەتەیە! وتی: ئەی ئێستا چی لە من دەکەی؟ وتم ناچارم بتسڕمەوە و لە خەیاڵی خۆم دەرت بکەم. گوتی: من بەدەرچوونم لە خەیاڵی تۆ ئازاد دەبم، ئازادییەکە کە دەبێتە هۆی سەلماندنی بوونی ڕاستەقینەی من، ئەمەش ئەوەیە کە من دەمەوێ، سەرم داگرت و بۆ ماوەیەک بێدەنگ بووم، بیرم لەوە دەکردەوە ئەگەر ڕۆژێک هات خەیاڵیشم لێ زەوت کرا و ئیتر نەمتوانی بەئارەزووی خۆم تێر خەیاڵبازێ بکەم ئەو کات ڕوو لە کوێ بکەم و پەنا بۆ کێ بەرم؟.

کورتە چیرۆک

سالار ئیسماعیل سەمین

# وێڵبوونی ڕاستی لم وێڵستانەدا

ڕاستی و درۆ دوو دەستەواژەی لە یەکتر جیاوازن لە ژیانی مرۆڤایەتیدا. بەدرێژاییی مێژوو ئەو دوو دەستەواژەیە لە ململانێیەکی دژواردان لەنێو کۆمەڵگەی بەشەریەتدا گەر هاتوو ڕاستی بەنەوەکامی و ئیفلیجی و ناتەکامولی لەدایک بوو یا لەنێو قەپاڵی دەسەڵاتێکی ملهوڕدا، ونجڕ ونجڕ کرا و هیچ ئاسەوارێکی نەما. ئەوا درۆ دەبێتە شاسواری گۆڕەپانی بژێوی ژیان و بەکەیفی خۆی تراتێن دەکا.

ئاگات لێیە من ماوەیەکە تووشی پەتای پێکەنین هاتووم، بەتایبەتیش لەو ڕۆژەوە دەستم لە مەینۆشی هەڵگرتووە. ماوەیەکە لە فەرمانگە و لە شەقام و لەنێو بازاڕدا، جارجارێکیش لە کاتی نوێژکردندا بزەخەنەیەک دەکەوێتە سەر لێوەکانم، ماوەیەکە نازناوی بزەیان لێ ناوم.

بزە چۆنی... بزە چی دەکەی... بزە بۆ کوێ دەچیت... بزە خەریکی چیت... بزە دنیا چۆنە.. هاوڕێ و برادەری زۆر نێزیکیشم دەڵێن بزەی سەگباب هەواڵی درۆت پێ نییە...؟

کوڕە هەی بێ عەقڵ نازناوی بزە زۆر ئاساییە. نازناوەکەی من لە خراپ خراپترە، لەو ڕۆژەوە باوکم خانەنشین کراوە بە (درۆزن)

١

بانگم دەکەن. بەشەرتێکیش هیچ درۆیەکم نەکردبێ، تەنیا ئەوە نەبێ ئەو ڕۆژە لە فەرمانگەکەدا هەر وەکو هەموو ڕۆژێک چۆن پاش دوو کاتژمێر دەست دەکەینە چا خواردنەوە و فشقیات و درۆی شاخدار، یەکێ لە برادەران ڕووی دەمی تێ کردم و وتی. .. مامۆستا ئەوە ماوەیەکە لە بازاڕدا باوکت دەبینم کاتێک بەرەو ماڵ دەگەڕێتەوە بێ ئەوەی کەسی لەگەڵدا بێ هەر لە خۆیەوە پێ دەکەنێ.

پێکەنین هەر بۆ باوکم باشە، باوکم لە ژیانیدا سەربازیی نەکردووە. نە وەک سەرباز و نە وەک ئەفسەرێک. بەدرێژایی ژیانیشی هەر هەڵهاتوو بووە واتا هارب. ئێستاکە بەپلەی ئەفسەرێکی دەرەجەدار خانەنشینیی بۆ کراوە. لەو ڕۆژەوە ئەو ڕاستییەم بۆ ئەو خەڵکە ئاشکرا کردووە، دەڵێن تۆ درۆزنی شتی وا لە مەنهەج و میتۆدی هیچ دەسەڵاتێکدا نەبووە. من ترسی ئەوەم هەیە بزە و پێکەنینەکەی باوکم لە خۆشیدا ببێ بە قاقا و بپەڕێتە سەری و تێک بچێ.

بزە گیان ئەو ڕۆژە باوکی منیش هاتەوە. کیسەیەکی ڕەشی بەدەستەوە بوو و لەگەڵ دانیشتنیدا سەفتەیەک بیست و پێنج هەزاریی دەرهێنا و دەستی کردە ژماردنی منیش خۆم پێ ڕانەگیرا و وتم: باوکە گیان ئەم هەموو بیست و پێنج هەزارییەت لە کوێ...؟

کوڕی خۆم ئەوە مووچەی خانەنشینییەکەمە. باوکە تۆ لە ژیانتدا یەک سەعات چییە لە هیچ فەرمانگە و کارگەیەکی میریدا خزمەتت نەکردووە. چەکداری هیچ لایەنێکی سیاسیش نەبوویتە.

٢

لە ژیانیشدا تەقەی خۆشیتیش نەکردووە ، ئەم سی ساڵ خزمەتەت لە کوێ هێنا و چۆن چۆنی خانەنشین کرای؟

کوڕی خۆم ئاقڵ بە، کەر بە و جۆ بخۆ.

برای بزە ئاگات لێیە من و تۆ لە گوێی گادا نووستووین. ئەو ڕۆژە لە چایخانەیەکی سەر بازاڕەکەدا دانیشتبووین چەند کەسێکیش بەتەنیشتمانەوە دانیشتبوون دەمەتەقێیان ئەکرد و لە گەرمەی ئاخاوتندا بوون. لەبارەی زەندەبەچاڵکردنی ڕاستی خەمی ناخی پڕ لە ژانی خۆیان بۆ یەکتر دەگێڕایەوە. ڕەش ئەسمەرێکی جامانە

بەسەری ڕەقەڵ بۆ ئەوانی تر دەدوا و دەیگوت... هەموومان ئاگەدارین کە فلان سنووری وڵاتەکەی بەجێ هێڵا و پتر لە سی ساڵە لە وڵاتێکی هاوسنووردا دەژی... لەو ماوە دوور و درێژەدا سەرقاڵی کۆتربازی و کێشانی تلیاک و حەشیشە بووە. ئێستاکەش وەک خاوەن بڕوانامەیەکی گەورە خانەنشینیی بۆ کراوە، هەموویان دەستیان کردە پێکەنین و ئێستاکەش پێ دەکەنن لەولاوە یەکێکی تریان وتی: برایان ئەمڕۆ درۆ سەروەرە و یاسایش دەربەدەرە.

ڕاستە (ڕاستی لەم وێڵستانەدا وێڵە) دەگێڕنەوە چەند سەدەیەک پێش ئێستاکە ئەوەی درۆی بکردبایە ڕووی ڕەش دەبوو، بەڵام ئێستاکە ئەو دیاردەیە بەسەرچوو. جاران لە سەدان کەسدا دوو درۆزن هەبوو ڕووی ڕەش دەبوو، بەڵام ئەمڕۆ هەموومان درۆزنین بزەی برام دوور نییە بەیانی منیش ببم بە بەرپرسێکی ئیداری یا بەرپرسێکی سیاسی ، لە درۆ زیاتر دان بەڕاستیدا نەنێم من دەڵێم ئەوانەی درۆی شاخدار دەکەن لەگەڵ ڕەشوڕووتی شەقامدا پێویستە هەموو بەیانیانێک پێش ئەوەی بڕۆن بۆ کارەکانیان، لە ئاوێنە هەڵواسراوەکەی هۆڵەکانیاندا پڕ بەدەم تفێک لە خۆیان بکەن و ئەوسا هۆڵەکە بەجێ بێڵن، درۆ بووە بەپەتایەک و لە هەموو شار و شارۆچکەیەکی ئەم وڵاتەدا گەرای داناوە، من لەو ڕۆژەوە لە مەینۆشی کۆڵم داوە و نازناوی درۆزنیان لێ ناوم، کاری خانەنشینە پڕ لە درۆکەی باوکم و خەمی تیترواسکە تکابووەکانی چۆمی (ئاوەسپی)م دەکەوێتەوە یاد دەمەوێ جارێکی تر بگەڕێمەوە بۆ مەینۆشی و مەستبوونی ئێوارانی سەر چۆمی لە بیرنەچووی ئەم شارە.

چیرۆک

محەمەد خزەیر

# لە کۆچیرۆکی باخچەی جیهان دەمامکی خۆرخێ لوی بۆرخیس

وەرگێڕانی: عەبدوڵڵا مەحموود زەنگنە

من بڕوام بە فرە ناویی مرۆڤی بیرمەند هەیە، ئەو ناوانەی دەیانداتە پاڵ نەوەکەی و ئێستای، ئەو ناوە نادیارانەی بە بوونی "ئەسیرییەوە"، دەگات بەو عەقڵانەی لە کەشکەشانە بێ زەمەنەکاندا مەلە دەکەن کە بەرەو خۆیان رایان دەکێشن. من لێرەدا ئەزموونی گەیشتنم بە بۆرخیس نمایش دەکەم کە بە یەکێک لە ناوە "یۆتۆپیامیەکانمەوە" چوومە گەلەستێرەی ئەوەوە و یەکێک لە ناوە نادیارە زۆرەکانی بەرەو خۆی رای کێشام. (ئەسیری، بەپێی پێناسەی سروشتناسان مادییەکە ناکەوێتە ژێر کێش و بە هەموو جەستەکاندا تێ دەپەڕێت و بەهۆی شەپۆلەکانیەوە بە درێژبوونەوەی دەنگ و گەرمی دادەنرێت/ وەرگێڕ لە فەرهەنگی مونجیدەوە)

لە سەروبەندی خوێندنەوەی یەکەم چیرۆکی بۆرخیسەوە کە لە کۆواری" الاقلام" ساڵی ١٩٧٩ بە ناوی "گوڵەکەی پاراسیلیۆس" بڵاو کرایەوە، ئەرشیڤی ئەم ناوە خەیاڵییە لە کتێبخانەکەمدا فراوان بوو. بۆرخیس لە چینی ئەو مامۆستایانەیە ئەگەر بابەتیم نەخوێندایەتەوە نووسەرێک لە نووسەرانی چینی ئەو بۆ خوێندنەوەی پەلکێشیان دەکردم. هەر چیرۆکە و بە ناوێکەوە دەینووسێت و تیایدا بە دەمامکێکەوە دەردەکەوێت. لە بەردەم ئاوێنەی باخچەی جیهانیدا کە هەنگاوی هەڵاتنی لە بوونی تارماییەوە دەشکانەوە، دەستبەرداری هەموو ناوەکانی پێشووتری دەبوو. بۆرخیسی راستەقینە هەرگیز ناگاتە

ئێـــره و ناشگاتـه هیـچ باخـــێک ناوێکی هـەبێت، چونکه ئـەو دیلـه هـەڵاتـووه لـه باخـــه تێکچـڕژاوەکانی ئـەندەلووس، لە خـەونی ئەو باخـەوانانەی روخسـاری ئـەویان لە بیر چوو و ئەمیش روخسـار و ناوی ئەوانی لە یاد نەما، ناوێکی ئاسـاییـه لە ناوەکان. لە بەردەم ئەم نابینا هەڵاتووەدا هـەمـوو رێگە و باخـچـەکـانیش یەک رێگە و یەک باخـچـە بوون، چـونکە رێگەیەکی بازنەییـیـە و بە هیچ کـوێیـەک ناگـات. لێرەدا هـەقـیـقـەتی ناوەکـانی ترمـان دەردەکەوێت و بە دەمامکگەلێک فریامان دەکەون کە هەڵاتنمـان لە ژوانی بڕیارلێدراو لەگەڵ مردندا لەسـەر توولەڕێ یەک ئاراستەکاندا بۆ ئاسان دەکات.

بۆ وەسـفکردنی کارتێکەرەکانی نێوان دوو عـەقڵ و دوو ناو لە وەسـفی" هێزی راکێشـانە هاوسـەنگەکان" باشـتر شک نابەم. بۆرخـیس بۆرخیس نییـە، بەڵکو دوو بۆرخـیسن بە دوو دەمامکی دوو یادەوەری و لە دوو شوێنی لێک جیاواز و دوو کاتی دوور لەیەکدا دەردەکەون، یەکێکیان راسـتـەقینـە و ئەوی تریان سێبـەرێتی و ناشـتوانین راسـتـەقینەکە لە سـێبـەرەکی جیا بکەینەوە. مۆرافیاش کە لە سـاڵانی پەنجاکاندا ئەو کاتـەی خوێندکاری ناوەندی بووم سـەردانی بەسـرەی کردووە، هەمـان ئەو مۆرافـیـایە نییـە دوای چل سـاڵ لەگەڵ نێردەیەکی تەلەڤـزیۆنیـدا گـەڕایەوە بۆ بـەغدا . مـۆرافـیـای یەکـەم کە دەرفـەت نەبوو بیـبـینم، نـاوێکی چەسـپـاوتری هەبوو لـە مـۆرافـیـای دووەم کـە هـەوڵم نەدا بیـبـینم. ئـالان رۆب گـرێ کـە گەلەسـتێرەی ئەو بەر لـە سـاڵی ١٩٨٨ کە هات بۆ بەسـرە کاریگەریی لەسـەر ئەدەبی ئێمـە کـردووە، ئەو کۆمـەڵە ئەدیبـەی چووینە دیداری ئەو گەشـتیارە راسـتـەقینەیە، دیدارەکـەمـان کردە بۆنەیەکی خۆش کە تیایدا یەک قسەشمـان لەگەڵ یەکتری نەگۆڕییەوە. هاوشێوەی ئەم رێککەوتە خـۆشـانە دیداری مـامـۆسـتـا عـەبدولەلیک نووری بـۆ نەڕەخـسـاندین بەر لەوەی کۆچی دوایی بکات. ئێمە لە گەلەسـتێرە هەواییـیەکان و باخـچە جیـهانییـەکاندا ئامادەی دیدارە راسـتـەقینەکان کراوین، چونکە لەو شـوێنانە، نە نـاو، نە سـیـفـەت، نە روخسـاریش هـەیە، بەڵکو شـەپۆلی مایکرۆییفی دەنگ و وێنە و دەماکی دوو یادەوەری هـەن.

هـەسـتـەکەم ئەم پێشـەکییـە بۆ شرۆڤەکردنی نائامادەییی هێزی راکێشـانەکان بۆ دیداری یەکـتـری، یەکـێک لە دیدارە ناوازەکـان لەگەڵ بۆرخـیـسدا راڤـە دەکات، وەک لەو خـەونەدا دەردەکەوێت کە دەیگێڕمەوە. شوێنەکە هۆڵی موزیک، یان سـینەما، یان شوێنی وەرزش بوو "ئەم دیدارە لە سـەروبەندی خولی ئەوروپا بۆ تۆپی پێ سـاڵی ١٩٩٢دا بوو". لە کورسییـەکی ریزی ناوەڕاسـتی هۆڵەکەیا لـەنێو کۆمـەڵێک ئەدیبدا دانیشـتبووم. بۆرخـیس لە پشـتـمـەوە رادیۆیەکی ترانزسـتۆری لە کۆش نابوو مـوزیکی هیـندیی پەخش دەکرد. ئاورم بۆ دایەوە و

به زمـانێکی ئینگلیـزیی نارێک و بـه یارمـەتیی کـەسێکی لامـەوە بۆ دۆزینەوەی وشـەی "کاسێت"، "ئاواز" سـەرسامیی خۆمم بەو موزیکە هیندییە پێ ڕاگەیاند. یەکەم جار وتم: "کاسێتێکی موزیکی کلاسیکیی هیندیم هەیە لە ئاهەنگی سالانەی ۆود ستۆکدا تۆمار کراوە". رستەی دووەمیشتم وتم: "ریتمی موزیکی کلاسیکیی هیندی کێشێکی سووکی هەیە"، دواتر لە خۆمەوە تەواویی ئەو رستەیەم وتەوە کە پێشتر بە زەحمەت پێکم هێنابوو: "مەبەستم لەو ریتمە ئەوەیە ئەم موزیکە بە هێلێکی بەرزەوەبووی بێ نۆتەدا دەڕوات بە پێچەوانەی پێکهاتەی سیمفۆنیاکە". ئاماژەم بە خەسلەتێکی گرینگ دەدا لە بنیاتی کورتە چیرۆکدا. وەلامی ئەوم لەبارەی ئەم بۆچوونەی خۆمەوە نایەتەوە یاد، بەلام روخسارە ناسراوەکەی – ئەو روخسارەی رۆژنامەکان بە تامەزرۆییەوە وێنەکەی بلاو دەکەنەوە – دەمامکی موزیکی "شانکار"ی هیندیی پۆشیبوو، روخسارێکی برۆنزی، دوو چاوی سوور، قژێکی لوولی چەورکراو، لەسەر لاشەیەکی رۆح سووک و قامەتێکی راماو کە چوارمشقی لە ئاهەنگەکەی ۆود ستۆکدا" سیتارەکەی" هەلگرتووە. خەونەکە چووە شوێنێکی ترەوە، بۆرخیس لەودیوی تریبیۆنێکەوە هەلسایە سەرپێ کە نیوەی جەستە گەورە سیما هیندییەکەی دەشاردەوە. لێم پرسی: "ئێستا شانکار لە کوێیە؟"، ئەم پرسیارەی بەلاوە سەیر بوو، چاوە سوورە خەیالییەکانی وێل بوون، دواتر وتی: "نازانم، من لەم رۆژانەدا بە گەڕان بە شەتولعەرەبدا لە سۆراخی مرۆڤایەتیدام". وەلامەکەی ئەو لە پرسیارەکەی من سەیرتر بوو. قسەکانی تری ئەو دیدارەم لە بیر نەماوە چونکە لەو خەونەی لە خەوی ژووری نانخواردنی مالەکەم و لەژێر هەوای موبەریدەکەدا خەوتبووم، وەئاگا هاتم. کە خەبەرم بووەوە لە پەراوێزی کۆوارێکدا وردەکاریی دیدارەکەم لەگەل بۆرخیسدا نووسی و ئەو کاتە بە بەهرەیەکی راستەقینەم لێکدایەوە عەقلە هەمەکییەکان شەرەفمەندیان کردووم پێی کە نوێنەری عەقلی بەشۆکیی ئێمەن لە پەیبردن بە خواستە گەرموگوڕە نادیارەکان بۆ نزیکبوونەوە لە سنووری راستەقینەی ئەزموونە ئەدەبیەکانمان. بەلام ئەمرۆ ئامادەم راڤەیەکی نوێ بۆ ئەو خەونە دیدارەی سالی ١٩٩٢ بکەم.

رەنگە بۆ کەمێک وام زانیبێت لە جێگە بازنەییەکەی دانیشتنی پەرستگەی ئەو پیاوەدا دانیشتبم کە لە چیرۆکی" کەلاوە بازنەییەکان"ی بۆرخیسدا هاتووە، لەوێدا قوتابی بێدەنگ دانیشتوون و وانەی توێکاری و کۆسمۆگرافیا و ئەفسوون لە مامۆستاکانیان وەردەگرن. بەلام لە خەونە پێکدائالاوەکاندا شوێن چەسپاو نییە و هەر زوو دەگۆڕێن، دەڕەونەوە، نامێنن، وەک چۆن روخسارەکان لە هەوری خەوندا دەڕەونەوە و ئەوکات دەچینە دانیشتنێک

لە دانیشتنەکانی (ئەنجوومەنی جیهانی) کە بۆرخیس لە چیرۆکێکدا بە هەمان ناونیشان باسی کردووە. ئەندامانی ئەو ئەنجوومەنە نموونەییی هەموو خەڵکی ئەم جیهانەن، بەڵام سەرۆکەکەی خاوەن کێڵگەیەکی فراونە لە ئۆرگوای، کەسێکی پیری ملکەچ، هەموو سامانی خۆی بۆ دامەزراندنی ئەو ئەنجوومەنە لە بۆینس ئایرس تەرخان کردووە. لەو خەونەیشدا کە باسم کرد، ئەم ئەنجوومەنە مۆرکی خەون ئامێزی خۆی بەدەست هێنایەوە، هەموو ئەندامانیش کۆدەنگ بوون لە هەڵبژاردنی بۆرخیس وەک سەرۆک.. ئیتر هەموو زیندوو و مردووانی گەل و نەتەوەکان بوونە ئەندامی ئەنجوومەنەکە، لەوێدا کە ئیتر، وەک سەرۆکی یەکەمی ئۆرگواییەکە وتی: "شوێنێک نەما ئەنجوومەنی نەبێت". بۆیە کافکا لەو ئەنجوومەنی خەونەدا ئامادە بوو، هەرچەند ئاگام لێ نەبوو کە رۆیشت، چونکە ئەندامانی دێن و نایەن و رێگەی پرسیارکردنیان پێ نەدراوە، سوێندیشیان خواردووە نهێنییەکانی ئەنجوومەنەکەیان بپارێزن. بەڵام بۆرخیس دووجار سوێندەکەی شکاند، جارێکیان لە چیرۆکەکەی و جارێکیشیان لە خەونەکەی مندا. ئەوەیشی بەلاوە نەنگی نەبوو، چونکە نهێنی درکاندن خەسڵەتێکی هاوبەشی نێوان نووسەرانی ئەندامانی شەرەفی ئەنجوومەنەکەن. هەر ئەوانیش دەزانن چۆن قسە دەکەن کە ئەو دەرفەتەیان بۆ دەرەخسێت و قسەکانیشیان بە لادان لە شەرەفی پەیمانی نێوان خۆیان دانانرێت.

بۆرخیس لە کۆتاییی چیرۆکەکەیدا هەوڵی هەڵوەشانەوەی ئەنجوومەنی جیهانیمان پێ رادەگەیەنێت، کاتێک سەرۆکە ئۆرگوانییەکەی کتوپڕ کێڵگەکەی دەفرۆشێت و فەرمان بە شوێنکەوتووانی دەدات ئاگر بەردەنە کتێبخانەی ئەنجوومەن کە پڕە لە کتێب بە جۆرەها زمان. سەرۆک هۆکاری ئەم هەنگاوە خەتەرناکە بە شوێنکەوتووە نزیکەکانی دەڵێت: "ئەنجوومەنی جیهان لەو کاتەدا دەستبەکار بوو کە جیهان هەبوو و تا ئەو کاتەیش ئیش دەکات ئێمە دەبینە پووشی دەم رەشەبا. شوێنێک نامێنێت ئەنجوومەنی تێدا نەبێت. ئەنجوومەن ئەو کتێبانە بوون سووتاندنمان، ئەنجوومەن جۆبیتەرە لەسەر کۆمەڵێک خۆڵەمیش، ئەنجوومەن مەسیحە بەسەر خاچەوە". دواتر بانگی کردن بۆ شەوانە پیاسەیەک تا ئەنجوومەنی راستەقینە ببینن. بە گالیسکەیەک بە سەرانسەری بۆینس ئایرسدا گەڕان، ئەو شتانەیان بینی کە لەگەڵ دەرکەوتنی خۆری سپێدەدا نەمان و بوونی راستەقینەیان برێتی بوو لە بوونی ئایدیالیستیی ئەنجوومەنەکە. دوای گەڕانی درێژخایەنی ئەو شەوە، ئەندامان سوێندیان خوارد لای کەس باسی ئەنجوومەنەکە نەکەن. تەنیا بۆرخیس، دواین ئەندام مافی بەخۆی دا و لە چیرۆکەکەیدا وردەکاریی نهێنییەکەی کردەوە.. جارێکی تریش

له خەونەکەمدا ئاماژەیەکی ناڕوونی پێ دایەوە. دەتوانم ئەو ڕستەیەی بەمنی گوت: "من لە سۆراخی مرۆڤایەتیدام" بەو تەعبیرانە راڤە بکەم کە لە کۆتاییی چیرۆکەکەدا هاتووە.. واتە ئەو تەعبیرەی دەڵێت ئەنجوومەن: "جیهان و ئێمەیشە لەگەڵیدا". بەڵام ئەوەی بۆچی لە کەناری شەتولعەرەبدا بۆ ئەو مرۆڤایەتییە دەگەڕێت دوای ئەوەی چووە نێو کارەکتەری شانکاری موزسیانەوە، بێگومان راڤەی ئەمەیشیانم لایە.

بۆرخیس بانگهێشتنی کردم – وەک چۆن هاوکات ئەلیسادرۆ فیری پاڵەوانی بانگهێشتن کرد – بۆ کۆبوونەوەیەکی ئەنجوومەنی جیهان لە بۆینس ئایرس، یان هەر شوێنێکی تر لەم جیهانەدا، بەڵام هەموو ئەوەی بۆ نەگێڕامەوە کە لە چیرۆکەکەیدا بە وردی گێڕاویەتەوە، بەڵکو لە چیرۆکەکەیدا لەوە تێ گەیشتم کە: "ئەنجوومەن جیهانە و ئێمەیش لەگەڵیدا" بەم جۆرەیە:" مرۆڤایەتی ئێمە خۆمانین"، یان "مرۆڤایەتی جیهانە بەبێ ئێمە"، چونکە دواجار ئێمە کۆمەڵێک دەمامکین لە ئەنجوومەنی جیهانی: "جۆبیتەر لەسەر کۆمەڵێک خۆڵەمێش و مەسیح لەسەر خاچەکەی" من بە بەڵگەی ئەندامبوونم لە باخچەی جیهانیدا هاوشێوەی ئەندامێتیی بۆرخیس لە ئەنجوومەنی جیهانیدا بەم جۆرە لە دەربڕینەکەی تێ گەیشتم.

ئێستا لە یادمە کە بۆرخیس وشەی "مرۆڤایەتی"ی بە ساردی و نابەدڵ وت، وەک چۆن ئەکتەرێک هەمان وشە بڵێت کە نوێنەرێتیی هەموو مرۆڤەکان بکات نەک تەنیا نوێنەرێتیی کەسە ئاساییەکانی نێو ئەنجوومەنی خەونەکان، وەک ئەوەی مەبەستی وێنەیەکی راستەقینە، یان دیمەنێکی راستەقینە بێت لەم جیهانەمان، لەم شوێنە راستەقینەیەمانەوە لەسەر کەناری شەتولعەرەب.. بە شێوازی چواندن مەبەستی لە :کۆمەڵێک ژنی هیندی بوو لە ریزێکی درێژا دانیشتوون، بۆ داوای خێر لە ڕێبواران قاپەکانی دەستیان بۆ درێژ دەکەن و لەو شێوەیەدا وێنەگرێک لە یەکێک لە شەقامە قەرەباڵغەکانی هیندستاندا وێنەی گرتوون (ئەم وێنەیە لە ئاگرەکەی کتێبخانەی ئەنجوومەنی جیهانیدا نەسووتا و هاتە نێو کتێبخانەکەمەوە). بەڵکو بە هەقیقەت مەبەستی لە: ژنانی عێراقی بووە کە لە مەیدان و سەر پردەکان و لە شەقامەکانی بەسرەدا سواڵ دەکەن.. وەک منیش لە ڕۆژانە پیاسەکانی ساڵانی سەروبەندی جەنگ و دوای جەنگیشدا دەیانبینم.

سەرچاوە: کتێبی (حديقة الوجوه، أقنعة و حكايات)، محمد خضير، دار المدى ٢٠٠٨

نامە

هەردی شەفیق

# کۆتاییی فڕین



هەوڵ مەدە لەم دادگە فاشیلەدا پاکیی خۆت بسەلمێنی کە گوڵلەکانی ناو دڵی تۆ حەقیقەت تەفسیر ئەکەن.

بەم باڵە شکاوانەوە بۆ کوێ ئەفڕیت، کە لە دارستانێکی سووتاودا، درەختێک شک نابەیت لەسەری بنیشیتەوە؟ دڵی خۆت بەم هەمەوو برینەوە بۆ کوێ هەڵئەگریت، کە لە هەر جێیەک دەرویەک بە ڕووی عیشقا بکەیتەوە، خێڵی خوێن خۆران لەوێن؟

ڕوئیا... تۆ جوان بوویت لە ناخەوە، هەر ئەو جوانییەت بوو منی کوشت، نەک ئەو ڕوخسارەت گەجەر و گوجەر شەڕیان لەسەر بەرپا ئەکرد و، ئامادە بوون تا ئەوپەڕی بێڕێزییان، سیخوڕیت لەسەر بکەن و دواتریش سووک و ئاسان دڵی خۆتیان بدەیتێ!

تۆ مرۆڤ بوویت و مرۆڤیش بەمانا ڕاستەقینەکەی لە تاریکخانەکاندا چاوی ئەبینێ، هەرئەم بینینە سەیرەی تۆ بوو منی خستە ناو ئەو ڕۆژگارەی " فەروغ" وتەنی "بۆ ئەوەی تۆ بەدەست بێنم خۆمم لەدەست دا"و لێشی پەشیمان نیم. ئاخۆ ئێستا ئەوە کە مردووە هەر ئەوە نەبوو دوێنێ زرت و زیندوو، دڵخۆش و کەیفساز بەڕێگەدا ئەڕۆیی؟ ئایا ئەو کەسەی لە بێدەسەڵاتیدا ئەگری هەر ئەو کەسە نییە دنیا یەک خۆزگەی کوژراو ئەوەتانێ لەناو دڵی ئەودا؟ سەیرە تۆش لە سەر و سەکوتی پیری من ئەڕوانی، بەڵام پیری ئەو ئازارەیە ئەوەتا لەناو دڵما .

ڕوئیا... هەزار جار لە دڵەوە بۆت گریاوم و دڵەخورپەم بووە لەدەستت بدەم، ئێستاش ئەترسم کەسێک نەبێت پەی بەو هەموو نهێنییە ون و شاراوەت بەرێت و وەک خۆت ناخیشت بکاتە قەفەز.

ڕۆژە ڕەشی منیش لەو ساتەوە دەست پێ ئەکات، تۆش عاشقی پەپوولە و گوڵ بوویت، ئەگەرنا نەتئەتوانی لە من تێ بگەیت. دەی ئاخر ئێستا چی لەمە ڕۆژە ڕەشترە من و تۆ نەتوانین تەنانەت یەکتریش لەبیر بکەین؟ من و تۆش وەک بەشێک لە پێداویستییە جەستەییەکان، خۆت وتەنی وەک کەوانتەر و پێداویستییەکانی تری ماڵ و ئامێرێکی مناڵ خستنەوە سەیری یەکتریمان کردبا، ئەمانتوانی زۆر بەسادەیی یەکتری فەرامۆش بکەین و بیر لە ماڵێک نەکەینەوە ئینجانەی گوڵەکە لە شوێن قاسەی پارەکەدا دابنێین .

من نازانم تا کوێ بڕۆم ئەگەمە تۆ و تا چەند ئازار بچێژم تۆ لێم خۆش ئەبی. تۆ ژیانت بەو هەموو نابووتییەوە چەند جوان کردبوو ڕوئیا! ئایا نەئەکرا تا سەر بەردەوام بین؟! نەئەکرا وەکو جاران عیشق لە سەرووی هەموو شتێکەوە دابنێین؟ من ئەمویست تۆ هەموو دنیای من بیت، نەک شتێک وەک هەموو ئەو شتانەی سەروەتمەندێک هەیەتی. من بڕوام وایە تەنیا مرۆڤێکی ڕاستەقینە ئەتوانێت گوڵ و ڕەیحانەی باخچەی ماڵێک ئاو بدات، نەک کەرەستەکانی ماڵەکە. من نازانم تۆ دڵت دێت گوڵ و ڕەیحانە لە باخچەی ماڵێکی تردا دروست بکەیت یا نا؟ بەڵام هەر چییەک بێت من پەڕەی وشککراوەی گوڵەکانت و چڵە ڕەیحانەکەشت لە ڕۆحما بۆ هەتاهەتایە هەڵئەگرم.

ئەوەی من ئەمویست ڕۆحی تۆ بوو بۆیە ڕۆحم ئازار ئەچێژێت، بەڵام دیگەران وا تێ ئەگەن ئەوان گۆشتیان لە تۆ ئەوێت و تۆش لەوان زێڕ، کێشەیان لەگەڵ ڕۆحت نییە. ڕوئیا دڵ و مێشکمان لە خاڵیکردنەوەی ڕۆح و چۆڵکردنی لە عیشقا هەمان شتە. ئێمە تۆپەڵێک مادەین ڕۆحمان تیا نەمێنێ، وەک یەک پارچە پیسایی لە چەند دەقیقەیەکدا بۆگەن ئەکەین. ئاخر لەو شوێنەی قومارکردن لەسەر لاشەی مرۆڤ دەست پێ ئەکات بەر لە دەسپێکی یارییەکە هەمووان دۆڕاون. تۆش پێویستت بەپیاوێکی ڕاستەقینە بوو دەست بخاتە ناو دەستی خەونەکانت و بەسەوزاییدا بتبا، نەک ئەوەی لە خەونەکانت دوورت خاتەوە و لە قەفەزێکی لە زێڕ دروستکراودا بەندت بکات. بۆگەنی ئەم دنیایەش لەو شوێنەوە دەست پێ ئەکات ئەبێت بۆ هەر تر نییە . ئەوانەشی هەموو خەونێکیان بەتەنیا کەڵەکەکردنی سامانە و خەونیان لە گۆڕانی مرۆڤ و لێسەندنەوەی ڕۆحە لە مرۆڤ و کردنیەتی بەئامێرێکی کارکردن و لەزەت بەخشین. مرۆڤ هیچ کات نابێتە جێگەی ڕەزامەندیی خوا هەتا بەشێک لە میهرەبانیی ئەو، بەخشینی بێ بەرامبەری ئەو بەمرۆڤ لە ناخی خۆیدا بەرجەستە نەکات لەو لەگەڵ ئەو کەسەدا کاری پێ نەکات کە دەبێتە شەریکی ژیانی؟

چەند تاڵە ئەو ساتەی ژیان لە لووتکەی جوانیدایە تۆ وەکو کەسێک تەنانەت خواوەندیش لە بیری کردبێت مردن ئەرشیف بکەیت! ڕوئیا دوای تۆ ژیان منی گۆڕی بۆ جۆرە جانەوەرێک لە خەیاڵدا ئەژی، هەموو ئەو شتانەش دەستی

نایانگاتێ لەوێدا بەدەستیان دێنێ. ڕوئیا... ئەوەی هیچ نابەخشێت لە پێناوی خۆشەویستیدا گیرفانی قورس ئەبێت و ویژدانی سووک. ئەوانەیشی ئەوان ئەیانویست و لە پێناوی تۆدا بەخشییان دیسان بەهاکەی لە چاو ڕۆحی مرۆڤێکدا هێشتا هیچە. من ڕۆحم پێت بەخشیبوو چی لە ڕۆح شیرینترە؟ ئەوان تەنیا سامانەکەیان پێت بەخشی و لە پێناویشتدا هەر ئەوە دائەنێن کە پێت ئەبەخشن نەوەک ڕۆحیان. بۆ لەمەودواش هەرگیز چاوت لە خێڵێکی خوێنخۆر نەبێت بەچاکت بزانن، وا باشە سەیری ئەوە بکەیت ئایا یاساکانی ئەوان چەند لەگەڵ ویژدان و بەهای مرۆڤدا ئەگونجێت، ئایا ئەو شتەی لە پێناوی تۆدا ئەیبەخشن یا کچێکی تر لەگەڵ ڕۆحی مرۆڤدا لە تای تەرازوویەکدا یەک کێشیان هەیە؟! یا نرخی تۆ ئەو زێڕ و زیوەیە لەسەر تای تەرازووەکە لەگەڵ دڵی تۆدا ئەیکێشن؟! ڕوئیا ڕۆحی مرۆڤ قەت بەزێڕ ناکێشرێت و مامەڵەی پێ ناکرێت و ناخرێتە تای تەرازووی فرۆشتنەوە، لە بەرامبەر ڕۆحی هەر مرۆڤێکدا پێویستە ڕۆحێک بدرێت ئەو کاتە مامەڵەی موحیبەت هاوسەنگە. ئەوانەشی ڕۆحی مرۆڤ ئەخەنە تەرازووی فرۆشتنەوە لە ڕاستیدا مامەڵەی لاشەی ئەکەن نەک ڕۆحی ئەو، تا ئەو کاتەش لەزەت لە جوانییەکەی ئەبینن قەدر و قیمەتی ئەزانن. تۆ سەیری کە دوو ماری عاشقە و ماشقە لە کاتی لێکتری ئالاندا کێ باوەڕ ئەکات ئەوانە شتێک هەبێت لە جەستەیاندا بەناوی ژەهر. بەڵام خۆشەویستیی لاشە و پارە هەمیشە لێوانلێوە لە ژەهری یەکتری کوشتن!!

ڕوئیا... مرۆڤ بۆ ئەوەی هەمیشە موعجیزە بخوڵقێنێ پێویستە عاشق بێت ئاخر تەنیا عەشق ئەتوانێت مرۆڤ بکات بەخاوەنی موعجیزە. ئەزانم تۆش چ سەبر و ڕەنجێکت لە پێناوی منا کێشا! بەڵام کێش ئەوەندەی من کچێکی عاشقی خۆش ویستووە و ئامادە بووە هەموو ژیانی لە پێناوی ئەودا بخاتە ژێر پێی؟ کێ ئەوەندەی من ژنێکی هەناسە ساردی خۆش ئەوێت لە باوەشی پیاوێکی بێ ئاگادا؟ دیسانیش ئەڵێم بمبوورە ئەو تەمەنە زۆرە بوومە مایەی ئازار بۆ تۆ. ئەوەندەی لە پێناوی منا کردت بەسە بۆ ئەوەی تاهەتایە قەدرت بگرم و لە دڵی خۆما ستایشت بکەم .

لێت تێ ئەگەم تۆش ئەگەر لەم دنیا پووچگەرا و تاریکەدا ناڕازیبوون وەکو

تێزاب تا سەر ئێسقانت نەڕۆیشتبێت، ئەوا لە خەیاڵا بەدوای دنیایەکی تردا ناگەڕێیت هەقی ئەو هەموو مەینەتییەت بداتەوە ساڵانێک وەک ئاسکێکی پێکراو بەدوایدا ئەڕۆیشتی و پێی نەگەیشتی. پەنا بۆ خەیاڵێکی ڕاگوزەر نابەیت هەموو ئەو شتانەی بۆ هەتاهەتایە لە دەستت چوون بتداتەوە. من هەر بەو هەستە کۆنەوە ئەژیم خۆت وتەنی "تەنیا تۆ ئەتوانیت مانا بدەیتەوە بەم ژینە شێوا و بێ مانایەی من" ئاخر ئەو ساتەی عیشق ئەبێتە تاریکخانە و قومارخانەی دۆڕاندنی بەهای مرۆڤ، ژیانیش ڕەنگی مەغریبێکی ئەبەدیی لێ ئەنیشێ، هەر ئەو کاتەی عیشق پیر ئەبێ ژیان ڕەنگی پیری ئەگرێ، کاتێکیش ژیان ڕەنگی پیری گرت ئیتر ژیان ئەمرێ.

چەند ساڵ بەئومێدی داهاتوو و داهاتووش تابووتێکی ساردوسڕ، بەخۆمم وت هەستەوە ئەی مردووی پیر، لەناو ئەم ڕۆژگارە مردووەدا "بوون"چ مانایەکی هەیە جگە لە دنیایەک کڵۆڵی و چارەڕەشی؟ ئێستا تەنیا شتێکیش من بەم سەرزەوینەوە ئەبەستێتەوە ئازارەکانی تۆیە. ڕوئیا.....وەک هەمیشە بە موحیبەت ئەتکوشتم، ئێستاش بەموحیبەت ئەمکوژی؟! تۆ ئازارێکت نەدام تا لە یادەوەریما بیری لێ بکەمەوە و ئەوەندە سەرسەختانە بۆت نەمرم. دانی پیا ئەنێم تۆ ڕاست ئەکەیت من هۆکاری بەدبەختیی هەردووکمان بووم. زاڵمێکی چەند میهرەبان بوویت ڕوئیا.....! تا تۆم نەناسی نەمزانی "نیچە" چەند بەهەڵەدا چووە لە ناسینەوەی ئیحساسی کچێکدا و، تا بەئەو هەموو سیخوورە مرۆڤخۆرەی دەوروبەریشت ئاشنا نەبووم پێکەنینم بەفرۆید ئەهات ئەسڵی ئینسانی ئەبردەوە سەر مەیموون!.

دڵەی خوێن تێزاو..... با هەر دەنگێک لە ناخەوە پێمان بڵێت گۆڕێک نییە ئەم دوو زیندووەی تیا بنێژین، ئەم دوو مردووەی تیا بشارینەوە، من هەر باوەڕم وایە هەمیشە ژیان لە مردن شیرینترە. دڵنیابە هەرگیزیش ئەمە لەبەر تۆ ناڵێم . تۆ سەیرکە ئایا زیندووبوونی من بەم کۆڵی خەم و دەرد و مەینەتییەوە گەواهیدەری ئەم ڕاستییە نییە؟! تۆ پێت وا نییە تا ئەو ساتەی کە من زیندووم دڵێکیش هەیە کە عیشقی تۆ تیایدا زیندووە، ئایا ئەمە بۆ تۆش مایەی خۆشحاڵی نییە؟؟ تۆش هەر وا بیر بکەرەوە من هەر بەو هەستەی جارانەوە پێت ئەڵێم "ئەوانەی بەعاتیفەیان گرەو لەگەڵ حەقیقەتا ئەکەن هەر لە سەرەتاوە ئێسک و پرووسکی

خۆیان ئەشکێنن، بەڵام ئەمەش ناکاتە ئەوەی مرۆڤ عیشقی دۆڕاند ئیتر تەنیا بیر لە مردن بکاتەوە و وەک تاکە ڕێگەچارە دەربازبوون". ئایا ناشێت ڕۆژێک لە ڕۆژان هەتا لەبەر ئەوەش زیندوو بین جارێک چاومان بەیەکتری بکەوێتەوە، چەند جوان ئەبێت ڕوئیا ....؟؟ هەتا لە لێواری مردن و لووتکەی پیربوونیشدا بێت؟ چەند جوان ئەبێت بۆ ئەو چرکەیە بژین، بۆ ئەو چرکەیە و بەس!

لێم مەگرە هێشتا ئەبم بەمایەی ئازار بۆت، تۆش ڕۆحی من بوویت خۆشت باش ئەزانیت مەحاڵە مرۆڤێکیش بەبێ ڕۆح بژی، ئەم دنیاشم تەنیا لەبەر ئەوە خۆش ئەوێ و تیایدا ئەژیم تۆ تیایدا زیندووی. لەوانەیە کەمتەرخەمیم کردبێت و دەستم بەزیادە خەرجی هەست و سۆزەوە گرتبێت، ئەگەر هۆکارێکی کەمتەرخەمیشم نەگەیشتنی نامەکان بووبێت هەندێک جار، ئەوا هۆکارێکی تریش ئەوە بووە نەمویستووە بیرکردنەوەت داگیر بکەم، بەڵکو پێم وا بووە مرۆڤ بۆ ئەوەی لە دڵی کەسێکدا بمێنێتەوە پێویستە دڵی داگیر بکات نەک ئەقڵی، بۆ هەمیشە لە خەیاڵیدا بژی نەک لە بەرچاویدا .

گوڵی خەیاڵ ..... لەو مرۆڤەی لە دەروونی تۆدا بوو بەشی مناڵەکانت بدە، دەر و دراوسێ و خزم و کەسەکانی لێ بێبەش مەکە، لە هەموو ئەمانەش گرینگتر ئەوەیە هەمیشە ڕێزی فریشتەکەی ناخت بگری و نەهێڵیت بمرێ. تۆ لێ گەڕێ کارت بەسەر کەسی ترەوە نەبێت چۆن بیر ئەکاتەوە ئەوانەی قەدری مرۆڤ ناگرن خۆیان بێ قەدرن. مرۆڤێک لە ناخی خۆیدا تەریق نەبێتەوە و بە بەلەمەکەیەوە بەناو خوێنی ئەوانی تردا بڕوات بەرەو ئامانج و پەشیمانی ئازاری نەدات ڕۆژێک هەر دێت خوێنی ویژدانی خۆی ببینێ. ئەو کەسەی بەویژدانی ئەتوانێت بتکوژێت لای من لەو سوپاسالارە بەجەرگترە دنیای پێ ویران ئەکرێت. بۆیە لای من تۆ جوانترین مرۆڤی سەردەمەکەی خۆت بووی. هەر لەبەر ئەمەشە ئێستا کەسێک هەیە خەم لەمە ئەخوا و دەرگەی ژوورەکەی خەیاڵی لەسەر خۆی دائەخات تا لەناو بۆنی بوغرد و مردندا بژی، بەڵام ڕوئیا کە عیشق ڕووخا مرۆڤ ئەبێت بۆ خۆڵەمێشی زیندووەکان بگەڕێت .

ڕوئیا کوشتن زۆر لەوە چاکترە لەوەی لە بریندارێک گەڕێیت تا قیامەت خوێنی لەبەر بڕوات. وەفا زۆری فرێ داوەتە سەر شەقامەکان و تا ترۆپکی شێتبوون

بەگــۆڕی زیندووبوونـی خــۆیانی ســپــاردوون، بۆ بـەردباران و ئەو گــوللانەی بەئیحساسیانەوە ئەنرێن. بەهەشتی ویژدان کورتخایەنە تا جارێک خەوی ئاسوودەیی ئەبینیت ئەبێت هەزار جار لەسەر پێخەفی ڕەنج و ئازارەکانت ڕاکشێی، ناهێڵێت دەست بۆ هیچ شتێک بەریت نەبادا دەستت بچێتە خوێنی خۆت. عیشق و کتێبیش منیا بەم ڕۆژە ڕەشانە گەیاند. کتێب فێرت ئەکات سەر بۆ هیچ کەسێک دانەخەیت، لەم ڕۆژگارەشدا ژیان بەبێ سەرداخستن مەحاڵە. کتێب فێرت ئەکات "مرۆڤی گەورە سکی بەپشتیەوە ئەنووسێت، بەڵام هەرگیز ئەوەندە ملی بێ هێز نابێت سەری نەوی بکات"عیشقیش فێرت ئەکات وەکو مرۆڤ بژیت نەوەک وەک دڕندە. لەم سەردەمەشدا بتەوێت وەک دڕندە نەژیت لە زەغرەفەی ئەم جادووە ئەبەدی حەقیقیەدا لە هەزار ڕێگەی خەیاڵی و وەهمی و حەقیقییەوە ئەنجن ئەنجنت ئەکەن و ئەتخۆن، لەمانەش بەدبەختیتر ئەوەیە تۆ هەر زیندوویت تا ئەم دووبارەبوونەوە بێ تامانە ببینیت، بەڵام هەرئەم ئەنجن ئەنجنکردن و سەرڕاگرتنەیە شکۆ ئەداتەوە بەجوانی و مرۆڤ وا لێ ئەکات لە خەیاڵا ئاسودە بێت و خۆت تف لە خۆت نەکەیت. ئەمە بەلای منەوە دەردناکترین کێشەیە مرۆڤی گەورە دووچاری ئەبێتەوە و حەز ئەکات دیگەرانیش وا بن .

ئەی مۆمی ناو تاریکایی... من شەوەهای شەو سێبەری تۆم ئەبینی بەچلێ ڕەیحانەوە، نازانم چۆن دڵت هاتبوو بیپچڕی؟! تۆم ئەبینی بەژێر تریفەی مانگدا ئەڕۆیشتی، ئەڕۆیشتمە ئەو جێگەیەی یەکەمین شەو قسەمان تێدا کرد، ئەو شەوە ساردەی گەرمای خۆشەویستی لێ نەئەگەڕا سەرمامان بێت. ئەچوومە ئەوێ و لەوێ چەندین جار ئەو شەوەم ئەهێنایەوە یاد، حەزم ئەکرد مانگەشەو بێ و لەژێر تریفەی مانگدا نامەکەت بخوێنمەوە، تا تۆش بزانیت کەسێک هەیە لەناو ڕابردووی تۆدا داهاتووی خەڵتانی خوێنە. تۆ نازانیت ئەو ڕۆژەش چەند دڵگران بووم خانووەکەی ئێوەیان ئەڕووخاند، ئەو خانووەی بەشێک لە یادگارییە پڕ لە ترس و پەنهانەکانی تۆی لەناودا بوو، بەشێک لە مۆزەخانەی یادگارییەکانی منیش بوو، بەڵام شێتییە ڕوئیا..... بچیت دەستیان بگریت و پێیان بڵێیت کافرینە ئێوە خەریکی چین؟! دواتریش لەوێدا ماڵێکی تریان دروست ئەکردەوە وام ئەزانی دانە دانەی بلۆکەکانی لەسەر دڵی من هەڵئەچنن.

تۆ گەورەیت بەقەد ئەو ساتانەی بەنیانیت دنیایەکی ترت نیشان ئەدام، ئێستا جادووگەرەکانیش تۆزێک دڵخۆشیم نادەنەوە، تەنیا تۆ ئەتوانیت ئەم ژینە وێرانەی من دروست کەیتەوە. ئێستا ئیتر دەستیش پێ بکەیتەوە تازە درەنگە بۆ ئەوەی گۆرانی بۆ ئەوین بڵێین، درەنگە بۆ ئەوەی ڕەیحانەکانی تۆ فریای ئەوەبکەون لەم مەوسیمی سەرما و تاریکییەدا ماڵ و حاڵی من و تۆ پڕکەن لە بۆن و بەرامەی جوانی.

وەک شوشەیەک من بەدوای لەتە شکاوەکانی خۆمدا گەڕام، تۆم دۆزییەوە. بۆ ئەوەی خۆم بدۆزمەوە بەدوای تۆدا گەڕام، ئێستاش بۆ ئەوەی خۆم ون بکەم لە خەیاڵ سۆراخت ئەکەم. بۆ ئەوەی شادی بەدەست بێنم لە خوێنی خۆما غەرق بووم. بمبوورە من ئەمویست ڕەنج و دڵشکان و هیلاکیت لەم ژیانە تاریکەدا کەم کەمەوە کەچی زیاترم کرد، بەڵام گرینگ ئەوەیە تۆ بزانیت کە من ویستوومە بزە بخەمە سەر لێوت نەک فرمێسک بخەمە ناو چاوت. ڕوئیا... عیشق تا ئەو کاتە جوانە خوێنی تێ نەکەوێت، لێ گەڕێ بەدەردی دڵشکانەوە بمرین جوانترە تا ئەوەی بەگوناهباری جوانی دنیا بشێوێنین. من ئولفەتم بەعەشقی تۆوە گرتبوو، چەند جوانبوو! دەی ئێستا ئولفەت گرتن بەعەشقێکی لە دەست چووەوە ئەویش جۆرێکی تری شێتی و خۆکوشتنە، بەڵام دڵنیابە هەتا من زیندوو بم بەڵێنت پێ ئەدەم نەهێڵم تۆ لەناو دڵما بمری و تکاشت تیا ئەکەم تۆ من لە بیرکە و تۆ ئەم بەڵێنەی من بەخۆت مەدە.. قەدەری من پێش تۆش هەر لەگەڵ ئازارا بووە، لێ گەڕێ تا کۆتاییی عومریش هەر بەردەوام بێ. ئەمڕۆ ئەو کورە ژمارە تەلەفۆنەکەی تۆی پێ دام، زۆر خۆشحاڵ بووم دواتر خۆشحاڵییەکەم گۆڕا بۆ نیگەرانی وتم من خەریکی چیم؟! پەتۆ لەسەر مردوویەک لائەدەم هێز نییە زیندووی بکاتەوە، نایەوێت بگەڕێتەوە بۆ ژیان. چەند جارێک ویستم تەلەفۆنت بۆ بکەم بەڵام نەء ئێستا ئیتر بۆ یەکەم جار پێ بەدڵی خۆما ئەنێم و دڵی خۆم ئەخەمە سەر پشکۆ تا بۆ ئەوەی چیی تر لە دۆزەخی منا نەسووتێیت. خوازیارم هەمیشە ئاسوودە و سەرفرزا بیت، هەمیشە جوان و دڵڕفێن بیت، وەک ئەو ساڵانەی تەمەنی منت پڕ کرد لە جوانی و دڵڕفێنی.

٢٠١٠/١٠/٣